# ڕۆژنامە

ل‌ە ئێستادا هەفتانە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

No.582 Tue 18/ 5/ 2010 | نرخ 750 دینار | ژمارە 582 سێشەممە 18/ 5/ 2010




## دەبێت بکوژانی سەردەشت بدۆزرێنەوەو بدرێنە دادگایەکی سەربەخۆ

# نەتەوەیەکگرتووەکان ئامادەیە لێکۆڵینەوە لەتیرۆرکردنی (سەردەشت عوسمان) بکات

ڕۆژنامە

هەڵسوڕاوانی کۆمەڵگەی مەدەنیو بەشێک لە ڕۆژنامەنووسان متمانە بەو لێکۆڵینەوانە ناکەن، کە یەکلایەنە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕووداوی تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان، دەستیپێکردووە، بەم هۆیەشەوە داوا لە نەتەوەیەکگرتووەکان دەکەن لێکۆڵینەوە لەو ڕووداوە بکات.

لە بەیاننامەیەکدا لیژنەی ئامادەکاری هەفتە چالاکیی (بێدەنگ نابین)، کە کۆپییەکی بۆ ڕۆژنامە نێردراوە، داوا لە سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن «لەپێناو دڵنیابوونی ڕای گشتییو خێزانی ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان، لە بێلایەنیو سەربەخۆبوونی ئەو لیژنەی لێکۆڵینەوەیە، بانگهێشتی (UNAMI) بکەن بۆ بەشداربوون لەو لیژنەی لێکۆڵینەوەیە، کە بۆ ئەم مەبەستە پێکهێنراوە».

ئەم داواکارییەش دوای ئەو کۆبوونەوەیە هات، کە ئۆفیسی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان لەگەڵ ژمارەیەک لە ڕۆژنامەنووسی هەرەشەلێکراودا ئەنجامیداو نوێنەری هەفتە چالاکی (بێدەنگ نابین) تیایدا ئامادەی بوو.

بەرپرسی ئۆفیسی مافی مرۆڤ لە ڕێکخراوی یۆنامی بەو ڕۆژنامەنووسانەی ڕاگەیاندووە: «ڕێکخراوەکەیان ئامادەیە ببێتە ئەندامی ئەو لیژنەیەی کە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم بۆ لێکۆڵینەوە لە دۆسیەی تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان، پێکیهێناوە، ئەگەر لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانو وەزارەتی ناوخۆوە بانگهێشت بکرێت».

ڕەحمان غەریب، ئەندامی لیژنەی ئامادەکاری کەمپەینەکە ڕایگەیاند: «لەگەڵ بەرپرسی ئۆفیسی مافی مرۆڤی یۆنامی لە عێراق کۆبووینەوەو ئامادەیی (UN)ی پیشاندا کە بەشداردەبن لە لیژنەی لێکۆڵینەوە لە تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان، ئەگەر حکومەتی هەرێم ڕازی بێت».

هاوکات جەبار ئەمین، ئەندامی لیژنەی ئامادەکاری هەمان کەمپەین وتی: «لە ڕابردوودا، لیژنەی دەزگا ئەمنییەکان، لێکۆڵینەوەی جدییان نەکردووەو نەگەیشتوونەتە هیچ دەرئەنجامێک، بۆیە دەمانەوێت لە کەیسی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسماندا، لیژنەیەکی سەربەخۆ بە چاودێریی نەتەوەیەکگرتووەکان پێکبهێنرێت».




تا دێت نارەزایی خەڵک بەرامبەر تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان زیاد دەکات

فۆتۆ: سەنگەر جەمال

## ئاستەنگ لەبەردەم گەڕاندنەوەی نانبڕاوان دروستدەکرێت

ل ٢

# ڕۆژنامەنووسانی بیانیی: با هەرێمی کوردستان لاسایی بەعس نەکاتەوە

ڕۆژنامە

لە نامەیەکی کراوەدا بۆ مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستانو جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆماری عێراق، ژمارەیەک ڕۆشنبیرو ڕۆژنامەنووسو نووسەری بیانیی داوای سزادانی توندی ئەنجامدەرانی تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان دەکەن لەهەر شوێنو پلەیەکدا بن بە هێزی ئاسایشیشەوە، کە هێرشیان کردووەتە سەر ڕۆژنامەنووسان.

ئاماژە بەوەشدەکەن؛ کوشتنی سەردەشت لەسەر ئەو ڕەخنانەی لە سەرۆکایەتی گرتوویەتیو ئەو نووسینە گاڵتەئامێزانەی بڵاویکردوونەتەوە لە وڵاتە دیموکراسییەکانی دیکەدا لای ڕێبەران زۆر بە ئاسایی وەردەگیرێت، ئەو ڕووداوە تەنیا دوایین ڕووداوی زنجیرەی سووکایەتیکردن نییە بە ڕۆژنامەوانیی سەربەخۆ لە کوردستانی عێراقو دووساڵ پێشتریش ڕۆژنامەوانێکی کورد بە ناوی سۆرانی مامە حەمە، پاش ئەوەی لەسەر تاوانی کاربەدەستانی حکومیی نووسیبوو، لەبەردەم ماڵەکەی خۆی لە کەرکوک، کوژرا.

لە بەشێکی دیکەی نامە کراوەکەیاندا داوادەکەن، بەرپرسانی هەرێم لاسایی سیاسەتی سەرکوتکارانەی ئەو ڕژێمە مەکەنەوە کە ساڵانێکی دوورودرێژ خەڵکەکەی ئێوە لە دژی خەباتیان کردووە، ئەو نووسەرو ڕۆژنامەنووسانەش پێکهاتوون لە (جێراڵدین برووکس، جێرارد چالیەند، چارلز گلاس، ئێڤس هارت، سێسیل هێنیۆن، دەیڤید هێرست، جیم هۆگلاند، مارک کراڤێتز، کریس کۆچێرا، کوولی لاورێنس، فرانچۆیس خاویەر لۆرانس، دەیڤید مەک دۆڵ، ئێدوارد مۆرتیمێر، فابریک مووسۆس، جیم مۆیر، جۆناتان ڕەندەل، هەژیر تەیمووریان، مارتین ووڵاکۆت).

## بریکاری وەزارەتی ناوخۆ: ئاژانسی پاراستن حیزبییە

چاوان عەلی

زیاتر لە هەفتەیەکە هاوڵاتییانو ڕۆژنامەنووسانو ڕۆشنبیران دژی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمانو هێرشی بەردەوامی سەر ڕۆژنامەنووسان نارەزایی دەردەبڕن، بەڵام وتەبێژی حکومەت دەڵێت: «هەرکەس پێشێلکاریی بەرامبەر دەکرێت، با بچێت لە دادگا سکاڵا تۆماربکات».


د.کاوە مەحمود، وتەبێژی حکومەتی هەرێم، جەخت لەوەدەکاتەوە کە حکومەت وەڵامی نابێتو وەڵامی حکومەت تەنیا بە یاسا دەبێتو هاوڵاتییەک پێشێلکاریی بەرامبەربکرێت،مافی خۆیەتی لە دەزگا ئەمنییەکانو دادگا سکاڵا تۆماربکات.

بە وتەی چاودێرانی سیاسیی، دەبوو وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم وەڵامێکی هەبێت بۆ ئەو هەموو خۆپیشاندانو نارەزاییو مانگرتنەی ڕۆشنبیرانو ڕۆژنامەنووسانو هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان، بەڵام فایەق تۆفیق، بریکاری وەزارەتی ناوخۆ، لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە جەختی لەسەر ئەوەکردەوە، کە «ئاژانسی پاراستنی ئاسایشی هەرێم دەزگایەکی حیزبییە (پارتی)یە، نەک حکومییو هاوشێوەی دەزگای زانیاریی یەکێتییە»و وەڵامی ئەو دەزگایە وەڵامی حکومەت نییەو وەڵامی حیزبە، لەبەرامبەر تۆمەتبارکردنی دەزگاکەیو حیزبەکەی کردوویەتی، کە چەند لایەنێک تۆمەتباریان کردبوون.

## لە ڕاپۆرتێکدا بۆ کۆنگرێس: گۆڕان خەڵک بۆ نەهێشتنی گەندەڵیی هاندەدات

شاڵاو فەتاح

لە ڕاپۆرتێکی تایبەت بە دۆخی ئەمنیی عێراق کە بۆ کۆنگرێسی ئەمریکا نووسراوە، باس لە بارودۆخی سیاسیی ئێستای عێراق دەکرێت. لە دووتوێی (٨٩) لاپەڕەدا ئەم ڕاپۆرتە باس لە چەندین کێشەی سەقامگیرییو ئاسایش دەکات لە عێراقداو لەمیانەی ئەوەشدا باس لە دۆخی هەرێمی کوردستان دەکات. لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، سەرۆک وەزیرانو بەرپرسانی دیکەی هەرێم هەستیان بە پێویستیی نەهێشتنی گەندەڵیی کردووە، هەربۆیە کۆمپانیای (وەتەرهاوس) یان بۆ ئەم مەبەستە بەکرێگرتووە. دواترو هەر لەم ڕاپۆرتەدا باس لە ڕۆڵی بزووتنەوەی گۆڕان دەکرێت وەک بزووتنەوەیەک کە شەڕی گەندەڵیی دەکاتو هەوڵی نەهێشتنی «گەندەڵیی لە حکومەت»دا دەدات، لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، «لیستی گۆڕانی نەوشیروان مستەفا بەردەوامە لە بانگەشەی شەڕکردن لەدژی گەندەڵیی لە حکومەتدا».


Measuring Stability and Security in Iraq

March 2010

Report to Congress

In accordance with the

Department of Defense Supplemental Appropriations Act 2008

(Section 9204, Public Law 110-252)

## کەمپەینێکی نوێ:
# نابێت کەس لەسەر بیروباوەڕ خەڵتانی خوێن بکرێت

ڕۆژنامە

زیاتر لە (٢٨٠) ڕۆژنامەنووسو نووسەرو ڕووناکبیرو ئەکادیمیو پەرلەمانتار، کەمپەینێک دژ بە بەیاننامەکەی مەکتەبی سیاسیی پارتی ڕێکدەخەنو نیگەرانیو مەترسیی خۆیان لەوبارەیەوە نیشاندەدەن.

مەترسی ڕۆشنبیرەکان لەوەدایە کە پارتی دەیەوێت لە ڕێگەی بەیاننامەکەوە، تەواوی ڕۆشنبیرانو نووسەرانو دەنگە ئازادەکان بتۆقێنێتو لەبری بەپیرەوەهاتنی جەماوەرو پێکهێنانی لیژنەیەکی سەربەخۆ بۆ لێکۆڵینەوە لەو کردەوە تیرۆریستییە، شمشێر پیشانی جەماوەرو ڕۆژنامەنووسو ڕۆشنبیرانی کوردستان دەدات، ئەوانەی بەشێوەیەکی زۆر شارستانییانە هاوار دەکەن: نابێت کەس لەسەر بیروباوەڕ خەڵتانی خوێن بکرێت.

ئاماژە بەوەشدەکەن، بەیاننامەکە، سەرتاپای جەماوەرە ناڕازییی و خۆپیشاندەرەکەی کوردستانو هەندەرانی بە دەستو کلکی لایەنێکی سیاسیی کوردستان داناوەو ڕایدەگەیەنن، وەک کەسانێکی بیروڕا جیاوازو خاوەن هەڵوێستو کوردستانیی، لەهەمبەر تێرۆرکردنی سەردەشتدا، بەهیچ شێوەیەک لە بەرژەوەندیی هیچ حیزبو بزووتنەوەیەکی سیاسیی هەڵوێست وەرناگرینو ناشمانەوێت پێش لێکۆڵینەوەکانو بڕیاری دادگا بکەوین، بەڵام مەترسیی ئەوەمان هەیە، کە چۆن زۆرینەی خەڵک بەهۆی ئەوەوە کە ئەم کردەوەیە لە ناوچەی دەسەڵاتداریێتی بەکردەوەی پارتیدا ڕوویداوە، تەنیا ئەو لایەنە سیاسییەش بەم ناڕەزایەتییە ڕەوایە تەنگەتاو بووە، هەربۆیە لەباری سیاسییو یاساییەوە، پارتی لەم کەیسەدا بە بەرپرسیار دەزانین.

کەمپەینەکە کە ئیمزای (٢٨٣) کەسی لەسەرە، داوا دەکات، دادگایەکی تایبەت لە پرۆفیشناڵترین دادوەرو لێکۆڵەرە سەربەخۆکانی کوردستان، لەژێر سەرپەرشتیی لیژنەیەکی تایبەتی پەرلەمانیدا (بە نوێنەرایەتیی هەموو لیستو قەوارە سیاسییەکان) دەست بە لێکۆڵینەوەکانی بکاتو تەواوی وردەکارییەکانیش بۆ ڕای گشتیی ئاشکرا بکات.

---

# گۆڕان، داوای لێسەندنەوەی متمانە لە کەمتەرخەمەکان دەکات

هەولێر، ئاوارە حەمید

فراکسیۆنی گۆڕان لە یاداشتێکدا بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، داوای بانگهێشتکردنی سەرۆکی حکومەتو وەزیرانی ناوخۆو وەزیری خوێندنی باڵا دەکاتو داوای لێسەندنەوەی متمانە لە کەمتەرخەمکارانیش دەکات لەدوای لێکۆڵینەوە.

فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، لە یاداشتێکدا بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کە کۆپییەکی بۆ ڕۆژنامە نێردراوە، وێڕای ئیدانەکردنێکی توندی کوشتنی سەردەشت عوسمان، بە شێوەیەک پیشانی هەموو لایەک بدات کە کوشتنی هاوڵاتی هێڵی سوورە، هەروەک پێکهێنانی لیژنەیەکی پەرلەمانی تایبەتمەند بۆ بەدواداچوونی وردەکارییەکانی ئەم تاوانەو هەماهەنگیکردن لەگەڵ لایەنە بەرپرسەکانو ئاگادارکردنەوەی پەرلەمانو ڕای گشتییو دیاریکردنی کەمتەرخەمکارانو لێسەندنەوەی متمانە لە کەمتەرخەمەکان لەدوای لێکۆڵینەوە، بەپێویست دەزانێت.

لە بەشێکی دیکەی یاداشتەکەیدا، فراکسیۆنی گۆڕان داوادەکات، سەرۆکی حکومەتو وەزیری ناوخۆو وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی بانگهێشتی پەرلەمانی کوردستان بکرێن بۆ خستنەڕووی هەموو دیوەکانی ئەم مەسەلەیەو وەڵامدانەوەی پرسیاری پەرلەمانتارانو داواش دەکەن، سەرۆکایەتی پەرلەمان لە ماوەیەکی نزیکدا، کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لەگەڵ سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانو ڕۆژنامەنووسانی سەربەخۆ ئەنجامبدات بە ئامادەبوونی وەزیرو بەرپرسانی ناوخۆو ڕۆشنبیرییو ئاسایش بۆ تاووتوێکردنی هۆکارەکانی زیادبوونی کردەوە توندوتیژییەکان دژ بە ڕۆژنامەنووسان، کە تا دێت هەڕەشەکردن لە ڕۆژنامەنووسانو توندوتیژیی بەرامبەریان ڕوو لە زیادبوونە.

---

# نارنجۆکێک فڕێدەدرێتە بەردەم نووسینگەی فراکسیۆنی گۆڕان

ڕۆژنامە

دوێنێ لە بەردەم نووسینگەی فراکسیۆنی گۆڕان لە کفری نارنجۆکێک دۆزرایەوەو هێزەکانی ئاسایش دەستیانکردووە بە لێکۆڵینەوە لەو حاڵەتە.

ڕۆڤان سەروەت، سەرپەشتیاری ڕاگەیاندنی نووسینگەی فراکسیۆنی گۆڕان لە کفری، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لەبەردەم نووسینگەکەدا نارنجۆکێک دانرابوو، کە پێدەچێت بە شەو دانرابێت، دوای ئەوە هێزەکانی ئاسایشمان ئاگادارکردەوەو لەئێستاشدا ئاسایش سەرقاڵی لێکۆڵینەوەیەو ئێمەش چاوەڕوانی لێکۆڵینەوەکانین.

وتیشی: «هەرچەندە ئەو هەوڵە بۆ تەقاندنەوەی نووسینگەکە دراوە، بەڵام ئێمە گومانمان لە هیچ کەسێک نییە».

هەر لەوبارەیەوە پەیام ئەحمەد، لێپرسراوی نووسینگەی فراکسیۆنی گۆڕان لە کفری، ئاماژەی بەوەکرد؛ لە ئێستادا هێزەکانی پۆلیسو ئاسایش سەرقاڵی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەن لە چۆنێتی ڕووداوەکەو تائێستاش هیچ شتێک دەرنەکەوتووە.


بەردەم نووسینگەی فراکسیۆنی گۆڕان لە کفری

---

# ئەمڕۆ هەفتەی «بێدەنگ نابین» کۆتایی دێت

بەرهەم خالید

ئەمڕۆ چالاکییەکانی کەمپەینی (هەفتەی بێدەنگ نابین) دژ بە تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان، بە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیی کۆتایی دێتو هەر ئەمڕۆش ڕێپێوانێکی گەورە لە دەربەندیخان بەڕێوەدەچێتو کەمپەینەکەش لە هەوڵی ئەوەدایە ژمارەیەکی زۆر پارێزەری خۆبەخش بۆ بەرگریکردن لە کەیسی سەردەشت لە دادگا کۆبکاتەوە.

شۆڕش ئەمین، ئەندامی لیژنەی باڵای کەمپەینەکە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند؛ ئەمڕۆ ڕێپێوانێکی بەرفراوان لە قەزای دەربەندیخان بەڕێوەدەچێتو سەعات ٥ی ئەمڕۆش لەبەردەم نووسینگەی سلێمانی پەرلەمانی کوردستان، کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیی بۆ سەرجەم دەزگاو ڕۆژنامەو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ئەنجام دەدەن بە مەبەستی خستنەڕووی ئەنجامی کەمپەینەکە.

زانکۆ ئەحمەد، ڕۆژنامەنووسو ئەندامی لیژنەی باڵای کەمپەینەکە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند؛ جگەلە چالاکییەکانی خۆیان، ئێستا لەگەڵ پارێزەرانی هەرێمدا لە پەیوەندیدان بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە پارێزەری خۆبەخش کۆبکەنەوە لەپێناو ئەوەی بەرگریی لە کەیسی (سەردەشت عوسمان) بکەن لە دادگاو ئەمڕۆش ژمارەیەک لەو پارێزەرانە پشتگیری خۆیان ڕادەگەیەنن.

وتیشی: «کاری ڕاستەقینەی ڕۆژنامەنووسانیش دوای کۆتایی هەفتە چالاکییەکە دەستپێدەکات، بۆ ئەوەی بەدواداچوونی ورد بکەین لەسەر ئەو ڕووداوەی کە سەردەشتی تێدا تیرۆرکرا، لەپێناو ئەوەی ڕاستییەکان بۆ هاوڵاتییان ئاشکرا بکەین».

---

# یەکەم دانیشتنی پەرلەمان، دەکەوێتە مانگی داهاتوو

هەستیار قادر

بڕیارە ئەمڕۆ دەرئەنجامی ڕەسمیی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوبکرێنەوەو لیستەکان (٣) ڕۆژیان لەبەردەمدایە بۆ تانەدان لەو ئەنجامانەو پاش (١٥)ڕۆژ لە پەسەندکردنی دەرئەنجامەکانیش لەلایەن دادگای فیدراڵییەوە، پەرلەمان دانیشتنی خۆی سازدەکاتو پاش (١٥)ڕۆژیش لە دوای هەڵبژاردنییەوە، سەرۆک کۆمار، سەرۆکی حکومەت بۆ پێکهێنانی حکومەتەکەی ڕادەسپێرێت.

حاکم سەردار عەبدولکەریم، ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەمڕۆ دەرئەنجامی ڕەسمیی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق لە ڕۆژنامەکاندا بڵاودەکرێتەوەو لیستەکانیش سێ ڕۆژیان لەبەردەمدایە بۆ تانەدانو ئەگەر تانە هەبوو، لەماوەی (١٠)ڕۆژدا وەڵام دەدرێتەوەو ئەگەر نەشبوو، ڕەوانەی دادگای فیدراڵی دەکرێت بە مەبەستی پەسەندکردنی لە ماوەی (٣) ڕۆژدا.

بەپێی دەستووری عێراق، پاش (١٥)ڕۆژ لە پەسەندکردنی دەرئەنجامەکان لەلایەن دادگای فیدراڵییەوە، لەسەر بانگهێشتی سەرۆک کۆمار، پەرلەمانی نوێ یەکەم دانیشتنی خۆی سازدەکاتو لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا لەدوای ئەو دانیشتنەوە، سەرۆک کۆمار هەڵدەبژێردرێتو سەرۆک کۆماریش لە ماوەی (١٥) ڕۆژ دوای هەڵبژاردنی لەلایەن پەرلەمانەوە، پاڵێوراوی سەرۆک وەزیرانی زۆرترین فراکسیۆنی پەرلەمانیی ڕادەسپێرێت کە لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا کابینەی حکومەتەکەی دەستنیشان بکات.

---

# تیمێکی ئەمریکی، بریندارانی کیمیابارانی خۆشناوەتی، نیگەران دەکات

ئاوارە حەمید

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، تیمێکی ئەمریکی بۆ چارەسەرکردنی بریندارانی کیمیابارانی بالیسانو شێخ وەسانانو دەوروبەری، سەردانی ناوچەکەی کرد، بەڵام کەمیی دەرمانو چارەسەرنەکردنی تەواوی برینداران، گلەیی بریندارانی لێکەوتەوەو ڕێکخراوی کیمیابارانی ناوچەکەش، ئەوە بەگاڵتەکردن بە بەرکەوتووانی کیمیاباران دەزانێت.

بریندارێکی بەرکەوتووی کیمیابارانی ناوچەی خۆشناوەتی، بۆ ڕۆژنامە باسی لەوەکرد، چەند دکتۆرێک بە مەبەستی چارەسەرکردنمان، سەردانی ناوچەکەیان کرد، بەڵام تەنیا ڕێژەیەکی کەمی بەرکەوتووانی کیمیابارانی ناوچەکەیان بینی، ئێمە بەفراوانی سەردانمان کردن، بەڵام تا نیوەڕۆ پێداویستییەکانیان کۆتاییهات.

عومەر فەقێ ئەحمەد، ئەندامی دامەزرێنەری ڕێکخراوی ئەنفالو کیمیابارانی خۆشناوەتی، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە ڕایگەیاند: ئەو تیمەی بەناوی چارەسەرکردنی بەرکەوتووانی کیمیابارانی ناوچەکەوە هاتبوون، لەلایەن قایمقامیەتی شەقڵاوەوە نێردرابوونو هیچ دکتۆرێکی پسپۆڕیان لەگەڵ نەبووە، کەمێک دەرمانیان پێبوو، چەند خانەوادەیەکی بەرکەوتوویان بینیو هەندێک چارەسەری سادەیان کرد.

نیگەرانیشی دەربڕی لەوەی کە بەو شێوەیەو بەناوی چارەسەری بەرکەوتووانی کیمیابارانەوە گاڵتەیان پێدەکەن، بۆ ئەو مەبەستەش وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمیان ئاگادارکردووەتەوەو ئەوانیش بێئاگایی خۆیان پیشانداوە.

لەئێستادا ژمارەیەکی زۆر لە بریندارانی چەکی کیمیایی لە ناوچەی خۆشناوەتی هەنو پێویستیان بە چارەسەرکردنی بەپەلە هەیە.

---

# دەرچووانی زانکۆو پەیمانگاکان خۆپیشاندان دەکەن

محەمەد عوسمان، قەڵادزێ

بڕیارە ئەمڕۆ دەرچووانی زانکۆو پەیمانگاکانی شارەکانی (قەڵادزێو ڕانیەو چەمچەماڵو هەڵەبجە) خۆپیشاندانێک بۆ بەردەم ئەنجومەنی وەزیران لە شاری هەولێر سازبدەن بەمەبەستی دامەزراندنیان.

سەرەڕای چەندین مانگرتنو خۆپیشاندان و بڵاوکردنەوەی بەیاننامەو سەردانی ئەنجومەنی وەزیرانو پەرلەمان کە بەڵێنی ئەوەیان بە دەرچووانی زانکۆو پەیمانگاکان دابوو لەماوەیەکی نزیکدا دایانبمەزرێنن، بەڵام تاوەکو ئێستا داواکارییەکەیان نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوەو لە ٢٠١٠/٥/٥دا جارێکی دیکە لە بەیاننامەیەکدا حکومەتیان ئاگادارکردەوە کە لەماوەی یەک هەفتەدا داواکارییەکەیان جێبەجێ بکرێت.

لەوبارەیەوە دەرچوویەکی زانکۆ بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: چەند ڕۆژێک بەسەر بەرواری داواکارییەکەماندا ڕۆیشتووەو هیچ وەڵامێکمان نەدراوەتەوەو داواکارییەکانمان پشتگوێخراوە، بۆیە ئەمڕۆ خۆپیشاندانێک سازدەکەین بۆ بەردەم ئەنجومەنی وەزیرانو گەر وەڵامێکی ئیجابی وەرنەگرین ئەوا مانگرتن دەست پێ دەکەینەوە تا ئەوکاتەی دادەمەزرێین.

# دوو نموونەی زۆر جیاواز!



ئازاد چالاک

-یەکەم-

کاتێک پاسەوانێکی (مەحمود مەشهەدانی) سەرۆکی ئەنجومەنی پێشووی نوێنەرانی عێراق پاڵی بە ئەندام پەرلەمانێکی لیستی ئیئتیلافەوە نا، ئەو مەسەلەیە بوو بە کێشەیەکی گەورەو هەموو لیستەکان بڕیاریاندا کە تا (مەحمود مەشهەدانی) سەرۆکایەتی دانیشتنەکان بکات، ئەمان نەچنە هۆڵی پەرلەمانەوە. ئەو حاڵەتە ناشایستەیە بە بەرچاوی بەندەو کەسێکی دیکەوە روویدا، هەربۆیە لە دانیشتنێکی داخراوی پەرلەماندا وەک شایەتحاڵێک باسم لە رووداوەکە کردو وتم ئەو جۆرە هەڵسوکەوتە نەک هەر شایستە نییە بەرامبەر ئەندام پەرلەمانێک بکرێت، بەڵکو نابێت بەرامبەر هیچ کارمەندێکو خزمەتگوزارێکی ئەنجومەنیش بکرێت. پەرلەمانتاران بەیەک دەنگو بەیەک ئاواز لەو بارەیەوە دوان، تەنانەت ئەندامانی لیستەکەی خۆشی بەرگرییەکی ئەوتۆیان لێ نەکردو بەشێکیان لە دژی ئەو هەڵسوکەوتە ناشیرینە هەڵوێستیان وەرگرت! پاسەوانەکانی پێشووی پەرلەمانی عێراق عەرەب بوونو تەقینەوەی کافتیریای پەرلەمان بەهاوکاری ئەوان روویدا.

ئەو تاقمە گۆڕدرا بە دەستەیەکی کورد کە سەر بەپاسەوانەکانی بابەکر زێباری بوون، لەسەرەتادا پێشبینی ئەوەمان کرد کە سەرکەوتوو نەبنو کێشەی زمانو کێشەی دیکەمان بۆ دروست بێت، بەڵام خۆشبەختانە ئەو هێزە کوردییە ئەوەندە رێکوپێک بوون، ئەوەندە بەڕێزەوە ئەرکو فەرمانەکانیان بەجێدەهێنا، کە بوونەمایەی سەربەرزیی بۆ لیستی هاوپەیمانییو کورد بەگشتی، کە دەهاتینو دەڕۆیشتین هەمیشە لە ئامادەباشیدا بوون بە جلی گاردی کۆماری عێراقو ئاڵاکەی ریزیان دەبەستو تەحیەیان وەردەگرت، بەڕەوشتێکی بەرزەوە ئەرکی پشکنینیان دەبینیو جیاوازی کوردێکو عەرەبێکیان نەدەکرد، چونکە وا فێرکرابوونو ئەوەش وایکرد تەنانەت عەرەبە شۆڤێنیستەکانی ناو پەرلەمانیش بەستایشو رێزەوە رۆڵی ئەو سەربازە کوردانە بەرز بنرخێنن.

لەپەرلەمانی کوردستان ئەو حاڵە پێچەوانەیە ئاسایشو پاسەوان پێیانوایە ئەوان لەسەروو ئەندام پەرلەمانەکانەوەن، هەربۆیە کاتێک رۆژنامەنووسان ویستیان نارەزایی خۆیان بگەیەننە نوێنەرەکانی گەل لەپەرلەمانە هەڵبژێردراوەکەیان، ئەوەی کە سەر بەپارتیو یەکێتی قوتابیانی بوو، ئەوا بۆی هەبوو بچێتە ژوورەوەو فەرمانیش بەسەر پاسەوانەکاندا بکاتو ئەوانی دیکەش دەبێت بە لێدانو ئیهانەکردن بکرێنە دەرەوە.

کاتێ ئەندام پەرلەمانەکانیش ویستیان لەدەست ئەو کەسانە رزگاریان بکەنو پارێزگاریان لێبکەن پاسەوانو ئاسایشەکەی پەرلەمان بەئەرکی خۆی دەزانێت کە ئەگەر ئەندام پەرلەمانیش قسەی کرد، ئەوا ئەویش بەهەمان شێوە تووشی لێدانو سوکایەتی پێکردن دەبێت، ئەمەش جگە لەوەی کە هەستێکی کەڵەگایەتیو خۆبەزلزانین دەردەخات، ئەوەشمان پێدەڵێت کە بەرپرسو دەزگاکانیان وایان فێرکردوونو بەو جۆرە دنەیان داون، دەنا بۆ دەبێت لەبەغدا هەر هەمان پاسەوانی حیزب بەجۆرێکی زۆر جیاواز بەرامبەر بەکوردو خەڵکی کوردستان رەفتار بکەن؟

لەکوردستان پاسەوانو ئاسایش خۆیان لەسەروو هەموو یاسایەکەوە دەبینو خۆیان بە پاسەوانو راگری ئاسایشی هەموو خەڵک نازانن، ئەوان پێیان وایە هەموو دەسەڵاتێکیان هەیە بۆ لێدانو راپێچکردنی هاوڵاتییانو تۆقاندنیان، هەروەک چۆن کۆمەڵێک رۆژنامەنووس لە رۆژی (٥/١٣) لەلایەن ئاسایشی سلێمانییەوە لێدرانو سوکایەتییان پێکرا بەبیانووی ئەوەی کە خۆپیشاندەران مۆڵەتیان وەرنەگرتووە!؟

باشە ئەگەر خۆپیشاندانەکە بێ مۆڵەت بووە، خۆ رۆژنامەنووسەکان بێ مۆڵەت نینو مافی خۆیانەو بەپێی یاسا دەتوانن هەر هەواڵێک یان دیمەنێک وێنا بکەن (ئەگەر بە دڵی دەسەڵاتیش نەبێت)و ئەوە کاری پیشەییو یاسایی رۆژنامەنووسەو پێچەوانەکەی کە خۆی لە لێدانو سوکایەتی پێکردنو بردنی کامێراو تەسجیلی رۆژنامەنووسان دەبینێت، ئەوانە هەمووی پێچەوانەی یاسایەو لەهەر وڵاتێک کە رێز لە دیموکراسیو یاسا بگرێت، ئەو جۆرە کارانەی تیا روو نادات و ئەگەر روویدا سەرپێچیکاران بە بەرپرسەکانیانەوە سزا دەدرێن.

-دووەم-

رۆژێک دوو بەدوو لەگەڵ د.سەعدی بەرزنجی لە کافتیریای پەرلەمان قسەو باسو بیروڕامان دەگۆڕییەوە هەندێکی پەیوەندی بەو کاتەوە بوو کە ئەمین عام بوو لەهەولێرو ئەوی دیکەش پەیوەندی بە مەسەلەی شەڕی ناوخۆو رفاندنی بوو لە زانکۆی سەلاحەدین لەلایەن یەکێتییەوە لەهەولێر. ئەوکاتەی ئەو رووداوە قەوما من لە راگەیاندنی یەکێتی کارم دەکردو نەماندەزانی ئایا ئەو مەسەلەیە راستە یان نا! پارتیو رادیۆو پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی ئەو مەسەلەیەیان زۆرباش قۆستەوەو هەڵمەتێکی بەردەوامی سەختیان بۆ بەرپا کرد، دنیای دەرەوەیان هەژاند، رای گشتییان پڕکردو فشارێکی گەورە کەوتە سەر یەکێتی بۆ ئازادکردنی د.سەعدی بەرزنجی. نایشارمەوە ئەوکاتە بەهۆی ناکۆکی توندی نێوان پارتیو یەکێتیو عەقڵی تەسکی حیزبایەتی ئەو مەسەلەیەم لا ئاسایی بوو، چونکە دەیان کەسو بگرە سەدان کەس بەهۆی ئەم شەڕە نەگریسەی بۆ گرتنە دەسەڵات لەنێوان حیزبەکان هەڵگیرساوە، گیانیان لەدەستداوەو بەناهەق لەبەرەکانی شەڕ یا بەهۆی نەخشەو میزاجی ئەم دەزگاو ئەو بەرپرس گیانیان لەدەستداوەو ماڵو منداڵو کەسوکاریان تووشی مەینەتی کردووە.

لەپەرلەمانی عێراق ئەندامی ئەو دوو حیزبە کە دەیان ساڵ بە خوێنی سەری یەکتری تینو بوون یەکیانگرتبووەوەو چوونەوە یەک سەنگەر، رۆڵی د.سەعدی بەرزنجی لە پەرلەمانو ئەو توانا سیاسییو ئەکادیمیەی کە هەیبوو خستیە خزمەتی کوردو لیستی هاوپەیمانیی، زۆرجار ئەو یادە دەهاتەوە بەرچاومو ئەو پرسیارەشم لا دەورووژا، ئایا ئەگەر بهاتباو کەسێکی نەزان بڕیاری کوشتنی بدایە، کوردو ئەو حیزبو لایەنە چ قازانجێکی دەکرد؟

بەیاننامەکەی مەکتەبی سیاسیی پارتیش چەند ناوێکی خستەوە بیر هەمووانو لەگەڵ ئەوانیشدا کارەساتی هەکاریو زۆری دیکەمان هاتەوە یادو هەر لەبەغدا باس لەوە دەکراو (نازانم چەندی راستە) کە فڵانە ئەندام پەرلەمان کاتی خۆی یەکێک بووە لەوانەی کە ئیمزای کوشتنی قوربانییەکانی شەڕی هەکاری کردووە.

ئەو کەسە لە چوار ساڵی رابردوودا لەپەرلەمانی عێراق ژیرانەو وردبینانە رۆڵی باشی بینیوەو ئەگەر ئەو کەسانەی لەو شەڕە قێزەونە شەهید نەبوونایە، ئەمڕۆ بە دڵنیاییەوە لەیەک شوێنو لەیەک سەنگەر پێکەوە دەورو رۆڵی کوردانەیان دەبینی، کێ دەزانێت گەر سۆرانی مامە حەمەو سەردەشتی جوانەمەرگ شەهید نەکرانایە دواڕۆژ لە چ حیزبو لە چ سەنگەرێک خزمەتی گەلەکەیان دەکردو بە چ شێوەیەک سوودیان بە نیشتمانەکەیان دەگەیاند.

# پارتی، پیشەی رۆژنامەنووسیی لە سەردەشت دەسێنێتەوە

هەولێر، هەنگاو هاشم

دوای زیاتر لە هەفتەیەک لە تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس، سەردەشت عوسمان، پارتی دیموکراتی کوردستان بەیاننامەیەکی دەرکرد کە تێیدا چەند جارێک ناوی سەردەشت عوسمان هاتووە، وەک قوتابی، نەک وەک رۆژنامەنووسێکو بە رای چاودێرانیش ئەوە هەوڵێکە بۆ بچوککردنەوەی رووداوەکەو مەرامێکی سیاسیی لە پشتەوەیە.

عەلی کەریم، رۆژنامەنووسو سەرۆکی رێکخراوی ئەنستیتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ، ئاماژە بەوەدەکات، ئەگەر بێتو پارتی بەو بەیاننامەیەی بیەوێت، پیشەی رۆژنامەنووسی لە شەهید سەردەشت عوسمان بسێنێتەوە، بەدڵنیاییەوە مەرامێکی سیاسیی لەپشتەوەیە کە دەیەوێت قەبارەی رووداوەکە بچووک بکاتەوە.

بەپێویستیشی دەزانێت، رووداوی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان وەکو رۆژنامەنووسیش مامەڵەی لەگەڵ بکرێتو پارتیش بەوپێیەی هێزی زۆرینەیە، دەبێت لەهەموو کەس زیاتر پشوودرێژتر بێت، لەجیاتی ئەوەی رووداوەکە بچووک بکاتەوە، هەست بە بەرپرسیاریی بکات، بەهیچ شێوەیەک دۆخەکە بەرەو شێوەیەک نەبات کە دوایی کۆنترۆڵ نەکرێت.

ئەمە لە کاتێکدایە، لە چەند رۆژی رابردوودا لە کەناڵەکانی راگەیاندنی پارتییەوە، هێرشێکی توند دەستپێکراوە بۆ سەر کەمپەینەکانی ئیدانەکردنی تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس (سەردەشت عوسمان)و لە زۆربەی بەیاننامەو بەرنامەکانیاندا سەردەشت عوسمان وەک قوتابییەک دەناسێنن، نەک رۆژنامەنووسێک.

د. کامەران مەنتک، چاودێری سیاسییو مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی سەلاحەدین پێیوایە، بەیاننامەکەی پارتی، توندوتیژیی پێوە دیارە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە پارتی نەیتوانیوە ژیرانە مامەڵە لەگەڵ ئەم کارەساتەدا بکاتو بەشێوەیەکی حەماسییانە بەیاننامەکەی نووسیووەو وایکردووە، مۆرکی ئێستای پێوە دیار نەبێت، بەڵکو نووسینی زەمەنێکە کە بەسەرچووە، لەلایەکی دیکەوە پارتی بەم نووسینەی دەیسەلمێنێت، ئەو بەوشێوەیەی کە خۆی دەیەوێت، واقیعی کوردستان دەبینێت.

ئەوچاودێرە سیاسییە باس لەوەش دەکات، بەکارنەهێنانی وشەی رۆژنامەنووس بۆ شەهید «سەردەشت عوسمان» لە بەیاننامەکەی پارتیدا، دوو خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، لەلایەک دەیەوێت، وا نیشان بدات کە پارتی نووسینەکانی سەردەشت ناخاتە چوارچێوەیەکی رۆژنامەنووسییەوەو لەلایەکی دیکەوە دەیەوێت، هەوڵەکانی میدیای ئازاد لە کوردستان پووچەڵ بکاتەوە کە رژاونەتە سەر شەقامو کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر رای گشتیی کوردستانو دەرەوە دروستکردووە.

د. کامەران مەنتک ئاماژە بەوەش دەکات، ئەو بەیاننامەیەی پارتی، دەیەوێت بڵێت، سەردەشت رۆژنامەنووس نییە، بەڵکو قوتابییەکی لاوەو بەمەش دەیەوێت، بیسەلمێنێت کە ئەوانەی پشتی سەردەشت دەگرن، بارەکە دەشێوێنن، ئەمەش خوێندنەوەیەکی واقیعییانە نییە، هەروەها باری کوردستان بەرەو ئاڵۆزتر دەبات.

# کێشە بۆ گەڕاندنەوەی نانبڕاوەکان دروستدەکرێت

سەنگەر جەمال

پەیام ئەحمەد، رێکخەری فراکسیۆنی گۆڕانو حکومەتی هەرێم بۆ چارەسەری کێشەی نانبڕاوەکان، ئاماژە بەوەدەکات؛ کە ئاستەنگ بۆ گەڕانەوەی نانبڕاوەکان دروستدەکرێت، ئەوە لەکاتێکدایە بە فەرمانی سەرۆکی حکومەت دەبێت ئەو سزا سیاسییانە هەڵبگیرێتو نانبڕاوەکان بگەڕێنرێنەوە.

پەیام ئەحمەد لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامە، وتی: «هەفتەیەکە داوای ئەوەم کردووە وەزیری ناوخۆ ببینم بۆ کەیسی نانبڕاوەکان، بەڵام تا ئەم کاتە رێکنەکەوتووە، ئاسایشیش بۆ هەمان مەبەست وەڵامی نەداوەتەوە، ماوەی سێ رۆژە لیژنەکەی ئەنجومەنی وەزیران گۆڕانی بەسەرداهاتووەو سستییەک بە کارەکانەوە دیارە»، پێشیوایە؛ وەڵامنەدانەوەی وەزیری ناوخۆ ئیهمالکردنی سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی حکومەتەو پشتگوێخستنێک هەیە.

ئەو باسی لەوەکرد، کە لە سەرەتادا لایەنە پەیوەندیدارەکان، کە خەڵکیان تێدا نانبڕاو کراوە زۆربەباشی هاتنە پێشەوە، بەڵام ئێستا کێشە بۆ مامۆستاو بەڕێوەبەرەکانی سنووری سلێمانیو گەرمیان دروستکراوەو هەندێکیشیان لە فەرماندەیی فۆڕمیان بۆ پڕدەکرێتەوەو وتیشی: «هەست بە دواخستنو دەستی پێکردنو ئاستەنگ دەکرێت لە گەڕانەوەی ئەو کەسانەدا، ئەوانەش بە مەبەستە»، رەخنەی لەو سستی نواندنە گرتو وتیشی: «پێویستە نانبڕاوان بەزوویی بگەڕێنرێنەوە، چونکە بڕیاری رەسمیی حکومەتی بۆ دەرچووەو ئەو گرفتانەش رۆتیناتی ئیداریی نییەو مەبەستێک هەیە لەو ئاستەنگ دروستکردنانە، چونکە بۆ بەزوویی دەرکران، بەڵام دوای مانگێک لە دەرچوونی بڕیار ناگەڕێنرێنەوە، گرفتەکەش ئەوەیە لەسەرەوە بڕیارەکان دەردەچێت، بەڵام لەخوارەوە جێبەجێ ناکرێت».

# پارێزگاری سلێمانی، بانگهێشتی لیژنەی ناوخۆ دەکرێت

چاوان عەلی

دوای ئەوەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بە زۆرینەی دەنگ پارێزگاری سلێمانی بەوەکالەت-یان لەکارخست، هەموو مامەڵەو نووسراوێکیشیان راگرتووە، کە پێویست بە رەزامەندیی پارێزگار بکاتو بەهەمان شێوەش پارێزگار کە تائێستا لە دیوانی پارێزگا دەوام دەکات، هیچ نووسراوێک ئاراستەی ئەنجومەنی پارێزگا ناکات.

ئەنوەر سەنگاوی، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بۆ رۆژنامە جەختی لەوە کردەوە؛ کە هیچ جۆرە مامەڵەیەک لەنێوان ئەنجومەنو پارێزگاردا نییەو ئەمەش کاریگەریی لەسەر بەرێوەچوونی کارە گشتییەکانو پڕۆژەکان دروستکردووە.

بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لەنێوان ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیو پارێزگاردا هەیە، نوێنەرانی لیژنەی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان سەردانی ئەنجومەنی پارێزگایان کردو لە کۆبوونەوەیەکی لیژنەکەشدا دوێنێ بڕیاردرا، کە لەگەڵ پارێزگاری سلێمانی کۆببنەوە.

شێرزاد حافز، ئەندامی لیژنەی ناوخۆ لە پەرلەمانی کوردستان ئەوەی بۆ رۆژنامە خستەڕوو؛ کە کار بۆ ئەوە دەکەن لەگەڵ پارێزگاری سلێمانی کۆببنەوە، بەڵام هەست دەکرێت کە نایەوێتو مماتەڵەیان پێدەکات، هەربۆیە ئەگەر ئەمڕۆ نەیبینینو لەگەڵیدا کۆنەبینەوە، ئەوا بە نووسراوی رەسمیی لە سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە داوای لێدەکەین لە لیژنەی ناوخۆ ئامادەبێت تا ئەو کێشەیە یەکلایی بکرێتەوە.

# مایکڵ رۆبن: حکومەتی هەرێم، سومعەی ئاسایشی کوردستان دەخاتە مەترسییەوە

رۆژنامە

مایکڵ رۆبن، وەک سکۆلارێکی دەزگای ئینتەرپرایزی ئەمریکیی لە وتارێکی تایبەتدا کە بۆ رۆژنامەی نووسیوە، نیگەرانیی وڵاتانی خۆرئاوا بۆ کوشتنی سەردەشت عوسمان دووپاتدەکاتەوەو لەو بڕوایەشدایە کە حکومەتی هەرێم، سومعەی ئاسایشی کوردستان دەخاتە مەترسییەوە، بە وتنی ئەوەی کە تیرۆریستان سەردەشتیان رفاندووەو کوشتوویانە.

ئەو نووسەرە ئەمریکییە، لەگەڵ ئەوەی ئاماژە بەوەدەکات کە ئارامییو هێمنیی هەرێمی کوردستان، بیانییانی سەرسام کردبوو، بەڵام جەختیش دەکاتەوە کە کوشتنی سەردەشت عوسمان، هەموو پێشکەوتنەکانی کوردستان لە چاوی دنیادا پێچەوانە دەکاتەوەو لە واشنتۆن زۆر کەم متمانەیان بە بەڵێنی حکومەتی هەرێم بۆ لێکۆڵینەوە هەیە، هەموو وەفادارو پشتگیریکارێکی کوردستان، ئەوە دەزانێت کە ستراتیژیان دواخستنی کەیسەکەیە تا جیهان بیری دەچێتەوە.

لە بەشێکی دیکەی وتارەکەیدا، مایکل باس لەوەدەکات، کە ئەگەری ئەوە زۆرە سەردەشت لەلایەن پاراستن، دەزگای موخابەراتی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کوژرابێت، تەنیا سەرکردایەتییەکەی ئەو دەزگایە، تواناو مۆتیڤی کوشتنی سەردەشتیان هەیە.



مایکڵ رۆبن

# حکومەت، وەک وەزارەتێک مامەڵە لەگەڵ پەرلەمان دەکات

راپۆرتی: چاوان عەلی

**لەچوارچێوەی بودجەی حکومەتدا، گفتوگۆ لەسەر بودجەی پەرلەمان کراو پەرلەمانتاران ئاگاداری وردەکاریی بودجەی پەرلەمانەکەی خۆیان نین‌و پێشیانوایە، ئەوە لاوازیی پەرلەمان دەردەخات کە دەسەڵاتی نییە لەبەردەم حکومەتدا، چاودێرانی سیاسیش جەخت لەسەر ئەوەدەکەنەوە کە پشتگوێخستنی دەسەڵاتی یاسادانان‌و باڵادەستیی دەسەڵاتی کارگێڕیی هەنگاوێکی خەتەرناکەو پێویستە ئۆپۆزسیۆن بێدەنگ نەبێت.**



پەرلەمانی کوردستان

## هەیمەنەی حکومەت لە دەستنیشانکردنی پارەی پەرلەماندا

پەرلەمانی کوردستان لە کاتی گفتوگۆکانی لەسەر بودجە، وردەکاریی بودجەکەی لە دانیشتنێکی تایبەتدا بۆ پەرلەمانتاران رووننەکردووەتەوە، کە بە بڕوای پەرلەمانتاران دروست ئەوە بوو کە بودجەی پەرلەمان‌و بڕی ئەو (٧٢) ملیار دینارەی بۆ پەرلەمانی کوردستان دیاریکراوە لە دانیشتێکی تایبەتداو بە ئامادەبوونی بەڕێوەبەری گشتیی دارایی‌و ئەوانەی بەرپرسن لە بەشی ژمێریاری هەموو ئاگادار بکرانایەوەو راپۆرت هەبوایەو لە هۆڵی پەرلەمان‌و لە دانیشتێکی تایبەتدا گفتوگۆ تەنیا لەسەر بودجەی پەرلەمان بکرایە.

بە بۆچوونی زانا رەئوف، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمان، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە هەیمەنەی حکومەت لە دەستنیشانکردنی پارەی پەرلەماندا بە ئاشکرا دیارە، چونکە «ئێمە کە ئەندامی پەرلەمانین، نازانین پلانی پەرلەمان چییە بۆ خەرجکردنی بودجەی ئەمساڵ، چونکە تائێستا نازانرێت ئەو پارەیە چۆن سەرف دەکرێت‌و کێ سەرفی دەکات».

## پەرلەمان، لە لیستی وەزارەتەکاندایە

بەپێی دۆکیومێنتەکانی بودجە، بە تایبەت ئەوانەی لە سایتی رەسمیی پەرلەمانی کوردستان بڵاوبوونەتەوە، ناوی پەرلەمان لە لیستی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمدا نووسراوەو وەک هەر وەزارەتێکی حکومەت مامەڵەی لەگەڵ کراوە. بە بڕوای جەوهەر نامیق وەک سەرۆکی یەکەم خولی پەرلەمانی کوردستان، ئەمە سەلمێنەری ئەو راستییەیە کە ئەنجومەنی وەزیران وەک هەر فەرمانگەیەک لە فەرمانگەکانی مامەڵەی لەگەڵ پەرلەمان کردووە، ئەمەش نەگونجاوەو جۆرە پێشێلکارییەکە لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە بەرامبەر بە دەسەڵاتی یاسادانان.

هەر لەمبارەیەوە، زانا رەئوف جەختی لەسەر ئەوەکردەوە، کە خودی ئەو حکومەتە لە پەرلەمانەوە متمانەی وەرگرتووە، هەر بۆیە ناکرێت حکومەت بودجە بۆ پەرلەمان دیاری بکات، یاخود لە چوارچێوەی بودجەی حکومەتدا قسە لەسەر بودجەی پەرلەمان بکرێت.

## رەتیدەکەنەوەو ئاگاداری وردەکارییەکانیش نین

هەرچەندە پەرلەمانتاران‌و شارەزایانی کاروباری پەرلەمان، رەخنە لە پەرلەمان دەگرن کە گفتوگۆی لەسەر بودجەکەی خۆی نەکردووەو تەسلیمی دەسەڵاتی حکومەت بووە، بەڵام لە بەرامبەردا عەبدولسەلام مستەفا، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، بۆ رۆژنامە وتی: «تێناگەم، ئەو پەرلەمانتارانە لەسەر چ بنەمایەک ئەو قسانە دەکەن، ئێمە لە پەرلەمان (٢٠) رۆژمان بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بودجەی (٢٠١٠)تەرخانکردو ئەو پارەیەی دانراوە بۆ پەرلەمان، خودی پەرلەمان دیاریکردووە، گرنگ نییە پڕۆژەکە لە کوێ هاتووە، گرنگ ئەوەیە کێ ئەو پارەیەی دیاریکردووە».

هاوکات جەلال عەلی، ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمان پێیوابوو؛ ئەو گفتوگۆیەی لەسەر بڕی (٧٢) ملیارو (٧٤١) ملیۆن دینارەی لە بودجەی (٢٠١٠) بۆ پەرلەمان تەرخانکرابوو، دواتر وەزارەتی دارایی کەمی کردبووەوە بۆ (٥٢) ملیارو (٩٩٢) ملیۆن دینار، بە کۆی دەنگی پەرلەمانتاران رەتکرایەوە کە وەزارەتی دارایی کەمی بکاتەوەو (٧٢) ملیارەکە دانرایەوە.

هەرچەندە ئەو پەرلەمانتارە ئەوەی رەتکردەوە کە حکومەت وەک وەزارەتێک مامەڵەی لەگەڵ پەرلەمان کردبێت‌و پێیوابوو کە بەجیا قسە لەسەر بودجەکەی پەرلەمان کراوە، بەڵام دەربارەی وردەکاریی بودجەی پەرلەمان وتی: «نازانم وردەکارییەکانی چین».

## سەرۆکایەتی پەرلەمان‌و بەڵێن

سەرۆکایەتی پەرلەمان وەک پاساوێک بۆ گفتوگۆنەکردن لەسەر وردەکارییەکانی بودجەی پەرلەمان، بەڵێنیانداوە کە دواتر بۆ پەرلەمانتارانی ئاشکرا بکەن، بیلال سلێمان، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان ئەوەی بۆ رۆژنامە خستەڕوو، کە بودجەی پەرلەمانیش وەک بودجەی حکومەت وردەکارییەکانی گفتوگۆی لە بارەوە نەکراوە، بەڵام سەرۆکی پەرلەمان لە دانیشتنەکانی بودجەدا بەڵێنیدا کە لە نزیکترین کاتدا گفتوگۆ لەسەر ئەو وردەکارییانە بکرێت، بە وتەی ئەو پەرلەمانتارە «تائێستا نەگفتوگۆ لەبارەی وردەکارییەکانەوە کراوەو نە وردەکارییەکانیشمان بینیوە».

## ناکرێت پەرلەمانتاران بێدەنگ بن

جەوهەر نامیق وەک شارەزایەک لە کاروباری پەرلەمان، جەختی کردەوە کە ناکرێت پەرلەمانتاران لەمەشدا بێدەنگ بن، هەرچەندە دەسەڵات هەوڵدەدات لە رێگەی زۆرینەبوونیان مامەڵە بە مەسەلەکانەوە بکەن بە بودجەشەوە، چونکە بینرا کە پەرلەمانتارانی دەسەڵات چۆن لە بەرامبەر هەڵوێستی ژیرانەی ئۆپۆزسیۆندا دژ وەستانەوە، بودجەکەیان بەو هەموو کەموکوڕییانەوە تێپەڕاند.

پشتگوێخستنی دەسەڵاتی یاسادانان‌و باڵادەستیی دەسەڵاتی کارگێڕیی، هەنگاوێکی خەتەرناکەو بێبەشکردنی پەرلەمانە لە مافێکی سەرەکیی خۆی، کە مەسەلەی خەمڵاندن‌و پەسەندکردنی بودجەی خۆیەتی، جەوهەر نامیق وتیشی: «ئەگەر پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆن نەتوانن لەم مەسەلەیەدا کە تایبەتە بە خودی پەرلەمانەوە کۆدەنگییەک دروستبکەن، ئەوا ئەرکیان چی دەبێت؟».

## پەیڕەوی ناوخۆ پێشێلکرا

بە وتەی عومەر سدیق، ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان، لەکاتی گفتوگۆکردن لەسەر بودجە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان پێشێلکرا، چونکە راپۆرتی لیژنەی دارایی‌و راپۆرتی لیژنەی یاسایی‌و وردەکارییەکانی بودجە تێکەڵکران، ئەمەش وایکرد کە گفتوگۆنەکردن لەسەر وردەکارییەکانی بودجەی پەرلەمان‌و بودجەی حکومەتیش تێپەڕبێت‌و پەرلەمانتاران نەتوانن گفتوگۆی لەبارەوە بکەن. چونکە لە خاڵی سێیەمی مادەی (٧٢)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا هاتووە، «ئەنجومەن دەستدەکات بە گفتوگۆ لەسەر راپۆرتی هەردوو لیژنەکە سەبارەت بە پڕۆژەکە، ئینجا دێتە سەر گفتوگۆکردن لەسەر پڕۆژەکەی خۆی‌و ئەگەر بڕیار لەسەر بنەماکانی درا، ئەوسا دەنگ لەسەر یەک بەیەکی مادەکانی دەدرێت».

# کورد لەنێوان حکومەتی زۆرینەو ئیئتیلافیدا، کامیان هەڵدەبژێرێت؟

راپۆرتی: هەستیار قادر



بە تەوافوق، یان زۆرینە حکومەتی داهاتوو پێکدەهێنرێت؟

شێوازی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق لەنێوان حکومەتی هاوبەشی بنکە فراوان‌و ئیئتلافیدا یەکلایی نەبووەتەوەو پسپۆڕێکی سیاسیش ئاماژە بەوەدەکات؛ حکومەتی ئیئتلافی بۆ کورد باشترە تا کارتی گوشاری زیاتری هەبێت.

هاوکات لەگەڵ بەردەوامیی گفتوگۆی لیستە عێراقییەکان سەبارەت بە پێکهێنانی حکومەت‌و ئاستی بەشداریی لایەنەکان‌و شێوازی پێکهاتەی حکومەتی داهاتووی عێراق لەڕووی بەشداریی سەرجەم ئەو لیستانەوە دیارنییە، بەتایبەت کە سەرجەم لایەنەکان لەگەڵ ئەوەدان نەچنە دەرەوەی سنووری بەشداریی لە حکومەت، یان بەواتایەکی دیکە ئۆپۆزسیۆنبوون لە پەرلەماندا رەتدەکەنەوە، بەگریمانەی رێکەوتنی هەردوو لیستی عێراقییەو دەوڵەتی یاساش ئاماژەکان بەرەو ئەوە دەچن، کە لە حکومەتی نوێدا سەرجەم لیستەکان کە ژمارەیان (٩) لیستە بەشداردەبن‌و بەوەش پێکهاتەی حکومەتی داهاتوو هاوبەشیی بنکەفراوان دەبێت‌و ئاوێنەی پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق‌و لیستەکانی ناوپەرلەمانیش دەبێت.

بەڕای ئەندامێکی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، حکومەتی هاوبەشی بنکە فراوان لە بەرژەوەندیی کورددایە، بەڵام بەمەرجێک لەسەر بنەمانی دەستوورو پرەنسیپی دیموکراسی پێکبهێنرێت.

بوخاری عەبدوڵڵا، ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە رۆژنامەی راگەیاند: «پێکهێنانی حکومەتی هاوبەشی بنکەفراوان بۆ کوردو عێراقیش باشترە، چونکە سەقامگیریی سیاسیی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بەڵام مەرجە ئەو حکومەتە لەسەر بنەمای دەستووریی‌و پرەنسیپی دیموکراتی پێکهاتبێت‌و دابەشکردنی پۆستەکان بەشێوی دادپەروەرانە بێت، وەک ئیستیحقاقی هەڵبژاردن».

لەماوەی چوار ساڵی رابردوودا هەرچەندە کورد بەشێکی سەرەکیی بووە لە پێکهاتەی حکومەت، بەڵام نەیتوانی ئەو رۆڵەی بۆ بەروژەندیی پرسە نەتەوەییەکانی بەکاربهێنێت، بەتایبەت جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)و بودجەی پێشمەرگەو گرێبەستە نەوتییەکان، ئەمەش جۆرێک لە هەستیاریی لەنێو لایەنە سیاسییەکانی عێراقدا دروستکردووە لە مامەڵەکردن لەگەڵ یەکتری، بەوپێیەی هەمان کێشەش لەنێوان حکومەت‌و لیستی عێراقییەدا روویداو ئەو لیستە (٥) وەزیرەکەی لە حکومەت کشاندەوە.

بە بڕوای بوخاری عەبدوڵڵا، لە ئێستادا هەموو لایەنەکان حەزەر لە یەکتریی دەکەن‌و وتیشی: «نابێت مامەڵە لەگەڵ کورسییەکانی پەرلەماندا بکرێت، بەڵکو دەبێت مامەڵە لەگەڵ دەستووردا بکرێت».

کەمبوونەوەی رێژەی کورد لە پەرلەمانی عێراقدا لە (٢٠٪)ەوە بۆ (١٧٪) ئەگەر زۆرە رەنگدانەوەی لەسەر رێژەی نوێنەرایەتییەکەشی هەبێت لە حکومەتی عێراقداو لەباری پێکهێنانی حکومەتیش لەسەر بنەمای هاوبەشی بنکەفراوان ئەگەر هەیە هێزی کورد زیاتردابەش ببێت‌و ئەو رۆڵ‌و کاریگەرییەی (٤) ساڵی رابردووی نەمێنێت، کە نەیتوانی وەک پێویست بەکاریبهێنێت، بەوپێیەی لە حکومەتی زۆرینەی ئیئتلافدا، کە لەچەند لیستێکی دیاریکراو پێکدێت‌و پۆستەکانیان بەسەردا دابەشدەکرێت پۆستی زیاتریان دەبێت‌و دەتوانن گوشاری زیاتریان هەبێت لە تاووتوێکردنی پرسە هەستیارەکاندا بەکاریبهێنن.

لەوبارەیەوە کامەران بەرواری، پسپۆڕی سیاسیی‌و مامۆستای زانکۆی دهۆک پێیوایە؛ بۆ کورد حکومەتی ئیئتلافی لە هاوبەشی بنکە فروان باشترەو دەڵێت: «حکومەتی ئیئتیلافی کە چەند لیستێکی دیاریکراو پێکیدەهێنن باشترە، بەڵام دەبێت کورد گرەنتی نووسراوی هەبێت تا بە هەڵە مێژووییەکانی چەند ساڵی رابردوویدا نەچێتەوە، کە لە عێراقدا بەسەری هاتووە».

کامەران بەرواری جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە، کە پێویستە کورد زۆرترین کارتی گوشاری لە حکومەتی عێراقیدا هەبێت، تا لەباری کارکردن دژ بە بەرژەوەندییەکانی کورد، یان هەموارو پێشێلکردنی دەستوور بەکاریبهێنێت».

جگەلە هاوپەیمانێتی نێوان لیستی دەوڵەتی یاساو ئیئتیلافی نیشتمانیی، پێکهێنانی ئەم دوو لیستە لەگەڵ لیستی عێراقییە حکومەت بەرەو زۆرینەیەکی بەهێزی لیستە عەرەبییەکان دەبات، کە هەریەکەیان بە جۆرێک ئەجێندای دژی بەرژەوەندییەکانی کوردیان هەیەو لە چاوپێکەوتنێکی پێشووی رۆژنامەشدا حاکم شێخ لەتیف، پەرلەمانتاری دەرچووی لیستی گۆڕان بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئاماژەی بەوەدا؛ یەکگرتنی لیستەکەی عەلاوی‌و مالیکی بەشدارییپێکردنی لایەنەکانی دیکە دەکات بە بەشدارییپێکردنێکی شکڵیی، وتیشی: «بەشداریکرنی لایەنەکانی دیکەش بەتایبەت کورد دەبێت بە شتێکی شکڵیی‌و ئیتر بە کەیفی خۆیان منەت بە کورد دەکەن».

# رۆژنامەنووسانی هەولێر، لەژێر هەڕەشەدان

نووسینگەی هەولێر، ئاوارە حەمید

دوای خۆپیشاندانەکەی هەولێر بۆ بـەردەم پەرلەمانی کوردستان دژ بە تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس، سەردەشت عوسمان، بەشێوازی جیاواز هەڕەشە لە رۆژنامەنووسان دەکرێتو گرفت لەبەردەم کارەکانیاندا دروستدەکرێتو بەناوی ئاسایشو دەزگا ئەمنییەکانەوە پەیوەندییان پێوەدەکرێت.

ئێوارەی رۆژی دووشەممەی رابردوو، دوای خۆپیشاندانی خـوێـندکـارانو رۆژنامەنووسانی شاری هەولێر بۆ بەردەم پەرلەمانی کوردستان، بەژمارەیەکی کۆڕەک تیلیکۆم پەیوەندیی بە پەیامنێری رۆژنامەوە دەکرێت بۆ پێدانی بەیاننامەیەکی ئاسایش لەسەر ئەو رووداوەو دوای چەندجارێک شوێنگۆڕکێ، دواتر لەلایەن ژمارەیەکی دیکەوە پەیوەندیی پێوەدەکرێتو بە ناوی بەشی سیاسیی ئاسایشی هەولێرەوە ئاگاداردەکرێتەوە کە سەردانی شوێنی دیاریکراو نەکاتو ئەو کەسەی پەیوەندیی کردووە، هیچ پەیوەندییەکی بە ئاسایشەوە نییە.

ئەو رۆژنامەنووسانەی کە لە کەناڵە حزبییەکاندا کارناکەن، ئاماژە بەوەدەکەن کـە مەترسییان لـەسـەرەو بـەردەوام هەڕەشەیان لێدەکرێت، بەتایبەتی دوای رفاندنو تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمانی رۆژنامەنووس لە چەند رۆژی رابردوودا، لە رێگەی مۆبایلەوە هەڕەشەی کوشتن لە چەند رۆژنامەنووسێک کـراوەو لە ئێستاشدا ژمارەیک رۆژنامەنووس شاری هەولێریان بەجێهێشتووەو بەشێکیان روویان لە سلێمانی کردووە.



خۆپیشاندانی خوێندکارانو رۆژنامەنووسان دژ بە تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان
هەولێر ٢٠١٠/٥/١٠

رۆژنامە لەم راپۆرتە هەولێدا، لێدوان لە رۆژنامەنووسێکی سەربەخۆو ئازاد وەربگرێت کە هەڕەشەی لێکراوە، بەڵام ئامادەنەبوو، بەوپێیەی دەیەوێت کەمترین کات لە میدیاکانەوە دەربکەوێتو هەندێک لە رۆژنامەنووسانی دیکەیش بۆماوەیەک وازیان لەکاری رۆژنامەنووسی هێناوە.

ئـەنـوەر حسێن، سـەرۆکـی لیژنەی داکـۆکـیـکـردن لــە مــافو ئــازادی رۆژنـــامـــەنـــووس لـــە ســەنـدیـکـای رۆژنامەنووسانی کوردستان، باس لەوە دەکـات، لە کوردستان کێشەی ئازادیی رۆژنامەگەریی پەیوەستە بە جێبەجێکردنی یاسی رۆژنامەگەرییو تائێستاش یاساکە جێبەجێنەکراوە، ئەگەر رۆژنامەنووسان لە هەولێر لەژێر فشاردابنو لە سلێمانی وا نەبێت، دەردەکەوێت کە لە کوردستان دوو حکومەتو دوو دەسەڵاتی جیاواز هەن.

ئـەنـوەر حـسـێـن بـۆ رۆژنــامــەی روونکردەوە، هەر هێزێکی سیاسی فشار دروستبکات لەسەر رۆژنامەنووسان، لە دەرئەنجامدا زەرەر دەکـاتو ئەگەر قسەکە وابـێـت کە رۆژنامەنووسانی ئازاد زیاتر لە سلێمانین، دەکرێت پارتی دیموکراتی کوردستان چاو لەوە بکات، دەبێت پرسیارەکە رووبـەڕووی پارتی بکرێتەوە، کە بۆ لە هەولێر ئازادیی نییە. سەبارەت بە بەجێهێشتنی هەولێر لە لایەن رۆژنامەنووسانەوە، وتی: «ئەوە دووکەرتبوونێک دروستدەکات، وەک چۆن لەنێوان بلۆکی خۆرهەڵاتو خۆرئاوادا هەبوو».

ئاماژەی بەوەشکرد؛ ئەگەر ئەمڕۆ لە هەولێر رۆژنامەنووسان دەرپەڕێنرێن، سبەینێ حیزبی سیاسیش دەردەپەڕێنرێت.

هـەر لـەو بـارەیـەوە هـەژار ئەنوەر، رۆژنامەنووس، بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئێستا رۆژنامەنووسان لە شاری هەولێر لـەژێـر فـشـاردانو بـــەردەوام ژیانیان لەمەترسیدایە، نازانن کێ ئەمنییەتیان دەپارێزێتو کێ تیرۆریان دەکات».

ئالان ساحێبقڕان، پەیامنێری رۆژنامەی ئاوێنە لە هەولێر، لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامە، بەم شێوەیە بەسەرهاتی خۆی گێڕایەوە کە لە دوای شەهیدکردنی سەردەشت عوسمان، دەسـەڵات بەرامبەری کردوویەتی: «من وەک رۆژنامەنووسێک، تەنیا لەبەرئەوەی لە رۆژنامەی ئاوێنە کاردەکەم، ماوەیەک بەر لە ئێستا چەند گەندەڵییەکی بەرپرسێکی پارتیم بەردەستکەوت، سەرەتا داوایلێکردم کە خۆمو بەڵگەنامەکانم بفرۆشم، بەڵام رازی نەبوومو لەکاردانەوەی ئـەوەدا، دایکو باوکمی نەقڵکرد کە زیاتر لە(٣٠) ساڵ خزمەتی وەزیفییان هەیە».

ئـــالان ئـــامـــاژەی بـــەوەکـــرد؛ ئـەو بەڵگەنامانەی بەردەستی کەوتوون لەسەر گەندەڵیی بەرپرسەکەی پارتی کە لە ئەنجومەنی وەزیـران کاردەکات، گەیاندونیەتییە سەرۆکایەتیی هەرێمو لـەبـەرامـبـەر ئـەو کـارەشـیـدا، خۆشی گـــواســـتـــراوەتـــەوە، دوای دووبـــارە ئاگاداركردنەوەی سەرۆکایەتیی هەرێم، بەڵێنی بەدواداچوونی کێشەکەیانداوە، بەڵام هیچ دیار نییە».

# بەڕێوەبەری JFO: لە بەغدا خۆپیشاندان دژ بە تیرۆرکردنی سەردەشت رێکدەخەین

سازدانی: هەستیار قادر

**زیاد عگێلی، بەڕێوەبەری روانگەی ئازادیيە رۆژنامەوانییەکانی عێراق jfo، پێیوایە؛ تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمانی رۆژنامەنووس ئیهانەیەکی راستەقینەیە بە رۆحی رۆژنامەنووسانو دەڵێت: «دیموکراسییەت لە هەرێمی کوردستانو عێراقدا لەرزۆکە، بەردەوامیی رووداوەکان لە دژی رۆژنامەنووسان ترسمان لا دروستدەکات لە هەرەسهێنانی دیموکراسییەت لە رووبەڕووبوونەوەی ویستی هەژموونو بونیادنانی دیکتاتۆریەتێکی نوێ لە عێراقدا».**

**عگێلی ئاشکرایدەکات، کە لە بەغدا لەگەڵ سەرۆک کۆماردا بەدواداچوون بۆ دۆسیەی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمانی رۆژنامەنووس دەکەنو سەرگەرمی رێکخستنی خۆپیشاندانێکن بۆ ئەو مەبەستە.**

**رۆژنـــامـــە: تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان بۆ رێکخراوی روانگەی ئازادییە رۆژنامەوانییەکان چـی دەگەیەنێت، هەڵسەنگاندنتان بۆ ئەو رووداوە چییە؟**

* ئەو هەنگاوە ئیهانەیەکی راستەقینەیە بە رۆحی رۆژنامەنووسان دەکرێتو ئەوەش دەسەلمێنێت کە خاڵێکی لێکجیاکەرەوەی گەورەیە لەنێوان کـاری رۆژنامەوانیو تێگەیشتنی سیاسییەکان، کە رۆژنامەوانیی لە خۆرئاوادا پێگەو ریـزی خۆی هەیە، بەڵام لە خۆرهەڵاتدا تەنیا دەکرێتە نموونەی ئاژاوەگێڕیی، کە دەبێت لەناوببرێت.

**رۆژنامە: هەڵوێستتان بەرامبەر بە تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان چییە، ئەگەرەکانی بەردەمتان لە بەدواداچوون لەسەر ئەو دۆسیەیە چییە؟**

* چەندین ئەگەر لەبەردەستدایە، بەوپێیەش کە کارەکانمان چڕدەبێتەوە لە بەردەوامیی گوشارەکان، لە قۆناغی یەکەمدا کاری ئێمە دڵنیابوونەوەیە لە بەردەوامبوونی گـەڕان بۆ ئاشکراکردنی تـاوانـبـارانو رادەستکردنیان بە دادگا، سیفەتو نفوزیان بە هەر شێوەیەک بێت، هەماهەنگیشمان هەیە لەگەڵ سەنتەری میترۆ بۆ بەدواداچوونی


زیاد عگێلی

ئەو تاوانەو ئێمە لەگەڵ سەرۆک کۆماردا لە بەغدا بـەدواداچـوون بۆ ئـەو تاوانە دەکەینو ئێستاش سەرگەرمی ئەوەین خۆپیشاندانێک رێکبخەین بۆ ریسواکردنی تاوانی تیرۆرکردنی سەردەشتو تیایدا داوای بەدواداچوونی تاوانباران دەکەین.

**رۆژنامە: روودانـــی تاوانی لەوجۆرە چ ئاماژەیەکە بۆ ئاستی دیموکراسییەت لە عێراقو هەرێمی کوردستاندا؟ ئایا دووربارەبوونەوەی ئەم رووداوانـــە مانای لەرزۆکیی دیموکراتییە؟**

* بەڵێ دیموکراسییەت لە هەرێمی کوردستانو عێراقدا لەرزۆکە، بەردەوامیی رووداوەکان لە دژی ئەو رۆژنامەنووسانەی کە لە رێگەی کارەکانیانەوە گوزارشت لە رۆحو حەقیقەتی دیموکراسی دەکەن ترسمان لا دروستدەکات لە هەرەسهێنانی دیموکراسییەت لە رووبەڕووبوونەوەی ویـسـتـی هـــەژمـــوونو بـونـیـادنـانـی دیکتاتۆریەتێکی نوێ لە عێراقدا لە سەروو ئیرادەی گەلی عێراقەوە.

**رۆژنامە: پێشتر روانگەی ئازادییە رۆژنامەوانییەکان بەنیاز بوون لیستێکی رەش رابگەیەنن بۆ ئەو بەرپرسانەی لە هەرێمی کوردستانو عێراقدا پێشێلکاریی دژ بە رۆژنامەنووسان دەکەن، بۆ ئەو لیستەتان رانەگەیاند؟، ئەنجامنەدانی ئەو هەنگاوە رۆڵی نەبووە لە روودانی پێشێلکاریی دژ بە رۆژنامەنووسان؟**

## «دیموکراسییەت لە هەرێمو عێراقدا لەرزۆکە»

* ئەوەی کە رێ لە دەستدرێژیکردنە سەر رۆژنامەنووسانو کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی دەکـات، رێوشوێنو یاساکانە، کە دەبێت پەرلەمان لە بەغدا بێت یان لە هەولێر دەریبکات، کە تایبەتن بە شەفافیەتو مافی گەیشتن بە زانیارییەکان، سەبارەت بە لیستی رەشی روانگەی ئازادییە رۆژنامەوانییەکانیش، بەردەوامین لەسەر کارکردن تیایداو راگەیاندنیشی دواخرا بەهۆی ئەو گوشارانەی کە کرایە سەرمان، کە تا ئاستی هەڕەشەی کوشتن گەیشت، بەڵام ئەمە رێمان لێناگرێت کە لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەو لیستە رەشە رابگەیەنین.

**رۆژنـــامـــە: هەڵوێستی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان سەبارەت بە کەیسی تیرۆرکردنی سەردەشت چۆن دەبینیت؟**

* سەندیکای رۆژنامەنووسانی هەرێم رێکخراوێکی میهەنییەوئەرکەکانیشی دەزانێت بەرامبەر بەوانەی لە بواری رۆژنامەوانیدا کاردەکەن، ئێمە پێمانوایە، کە پێویستە سەرجەم هەوڵەکان چڕبکرێتەوە لەسەر ئاشکراکردنی تاوانبارانو بەدواداچوونی کەمتەرخەمەکان تا هەرێمی کوردستان ببێتە شوێنێکی باش بۆ مومارەسەکردنی کاری رۆژنامەوانیی، هیواداریشم کە سەندیکای رۆژنامەنووسان بەشێوەیەکی باشتر کاربکات بە ئاراستەی کەیسی شەهیدکردنی سەردەشت عوسماندا.

# عەدنان عوسمان: کارێکی نائەخلاقیو قێزەونە کە رای گشتیی بە درۆو بوختان گۆشبکرێت

### روونکردنەوەیەک
### لە عەدنان عوسمانەوە

چەند رۆژێکە لە هەندێک کەناڵی راگـەیـانـدنـەوە بـاس لــەوە دەکـرێـت، کە گوایە منو کاک کـاروان ساڵحی هاوکارم هانی خۆپیشاندەرانی بەردەم پەرلەمانمان دابێت بۆ کاری توندوتیژیی، تا کار گەیشتە ئەوەی کابرایەک لە یەکێک لەو کەناڵانەدا بوختانێکی نارەوا بۆ من دروستبکات، کە گوایە منی بینیوەو گوێی لێم بووە کە بە خۆپیشاندەرانم وتووە دەرگای پەرلەمان بشکێنن!.

ئـەو رۆژە ئێمە وەک ئەندامانی فـراکـسـیـۆنـی گــــۆڕان رۆیشتینە پێشوازیی خۆپیشاندەرانی بەردەرگای پەرلەمان، لەوێ گوێمان لە دروشمو داخوازییەکانیان گرت، من ئەو رۆژە نە لەگەڵ خوێندکاران، نە لەگەڵ قوتابییان، نە لەگەڵ نوێنەرەکانیان، نە لەگەڵ دەستەی بەڕێوەبەری خۆپیشاندانەکە، هیچ قسەو گفتوگۆیەکم نەبووە، نە هانم داونو نە هێورم کردوونەتەوە، نە بە باشو نە بە خراپ، هیچ قسەیەک نەکەوتووەتە نێوانمان، تەنیا سڵاوکردنێک نەبێت لە هەندێک لە رۆژنامەنووسە هاورێکانم، زۆر بە هێمنیو بێدەنگی لەگەڵ هاوکارانی دیکەمدا وەستابووینو گوێمان دەگرتو پاشان گەڕاینەوە بۆ نێو باڵەخانەی پەرلەمان. ئەگەر ناوی ئێمە خۆشدەستەو هەندێک دەیانەوێت بۆ هەر مەبەستێک بێت بەکاریبهێنن، ئەواماڵیان ئاوا بێتو لـەو رووەوە بێباکم، بـەڵام کارێکی نائەخلاقیو قێزەونە کە رای گشتیی بە درۆو بوختان گۆشبکرێتو ئاستی درۆسازیی بگاتە ئەم قۆناغە بێشەرمانەیە کە سڵ لە هیچ پرەنسیپێک نەکاتەوە.

هەر لێرەشدا داوا لە سەرۆکایەتیی پـەرلـەمـان دەکـەم، چیتر بـوار بەم ساختەکارییو بێڕێزییە نـەدات کە بەرامبەر ئەندامانی پەرلەمان دەکرێتو داوا لە راگەیاندنەکان بکات بوختانو درۆو ساختەکاریی بێبەڵگە دژ بە ئەندامان بڵاو نەکەنەوە، ئەرکی سەرشانی سەرۆکایەتیی پەرلەمانە بەدواداچوون بۆ هەموو ئەو قسە ناڕاستانە بکات کە چەند رۆژێکە دژ بە ئێمە دەکرێنو سنوور بۆ ئەو چەواشەکارییە دابنێت. دیارە مافی خۆمانە سکاڵای یاسایی دژ بە هەموو ئەو کەسو کەناڵانەش تۆمار بکەین کە نارەوا ئەو بوختانو قسە ناڕاستانەیان بڵاوکردووەتەوە.



# پارتیو دەزگاکانی هەڕەشە دەکەنو ڕۆژنامەنووسانیش ئیدانەی دەکەن

راپۆرتی، رۆژنامە



هەریەکە لە مەکتەبی سیاسیی پارتیو ئاژانسی پاراستنی سەر بە پارتی، دوو بەیاننامەی جیاوازی پڕ لە تۆمەت دروستکردنو هەڕەشەو تۆقاندن لـە بـەرامـبـەر چالاکییە مەدەنییەکانی رۆژنامەنووسانو سەرجەم چینو توێژەکانی دیکە، دژی تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس، سەردەشت عوسمان بڵاودەکەنەوەو لەبەرامبەردا کەمپەینی هەفتەی چالاکی (بێدەنگ نابین)یش، نیگەرانی نیشاندەداتو پێیوایە «بەیاننامەکە بە نەفەسی شەڕی ناوخۆو بە زمانی هەڕەشە داڕێژراوە».

رۆژی (٥/١٣) مەکتەبی سیاسیی پـارتـی دیموکراتی کـوردسـتـان، بەیاننامەیەکی تـونـدی دەرکـرد سەبارەت بە کەمپەینەکانی دژ بە تیرۆرکردنی رۆژنامەنووسانو چەندین تۆمەتو هەڕەشەی ئاڕاستەکردووە، بەبێ ئـەوەی روونیبکاتەوە کە مەبەستی کێیەو تیایدا هاتووە: «ئەو ناحەزە پیلانگێڕانە دەزانن کە ئەگەر بۆیان بلوێت هەنگاوەکانی پارتی سڕبکەنو سەرقاڵی کێشەی لاوەکیو شەڕی لابەلای بکەن، ئەوا دەستیان دەکرێتەوە بۆ ئەوەی لە ناوجەرگەی ئەزموونە دیموکراتییەکەی هەرێمو دەستکەوتو سەرکەوتنەکانی گەلی کوردستان بـدەنو ئیتر ئەو رۆڵە پێشرەو و واقعبینییەی پارتیمانو سەرۆکی هێژامان کۆتایی پێدەهێنن کە لەسەر ئاستی کوردستانو عێراقو ناوچەکەو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەیەتی».

هـــەروەک ئـامـاژە بـەوەدەکـەن، ئـەوان (پارتی) زۆر باش دەزانـن، ئەوانەی کە لە پشت ئەم هێرشەوەن، ئەوانەن کە چاویان بە سەرکەوتنو سەرفرازییەکانی پارتی هەڵنایەتو هەروەک چۆن لە رابردوودا بە شکڵو ناو و بەرنامەی جۆراوجۆرەوە بۆ پەلاماردانی پارتیمان هەڵدەتۆقین، ئـاواش ئەمڕۆ دەمامکی جیاجیا دەپۆشنو لێرەو لـەوێ خۆیان لە دژمـان تاقیدەکەنەوە، بەڵام لەلای پارتیمانو جەماوەرە دڵسۆزەکەیو لەلای خەڵکی کوردستانیش ناسراونو ناسنامەو شێوازی کارو جێپەنجەی تاوانکارییو دوژمنکارانەیان ئاشکراو دیارە.

مـەکـتـەبـی سـیـاسـیـی پـارتـی پێیوایە، چەند ساڵی رابـردوو تا هـەڵـبـژاردنـەکـانـی ئـەم جـارە بۆ پەرلەمانی کوردستانو پەرلەمانی عێراق، رۆژگـاره پرشنگدارەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانو هێزە سیاسییە هاوپەیمانەکانی بوون، ئـەوەش نـارەحـەتـیو نیگەرانیی زۆری بۆ ناحەزانو نەیارەکانیان دروستکردووە، بۆیە ئێمە دەمانزانی سەرلەبەر خەریکی هۆنینەوەی تەونەکانی پیلانن لە دژمانو بەهەر کلۆجو ئەنجامێک بووە دەیانەوێت، گورزێک لە پارتیمان بوەشێنن.

پارتی هەڕەشەی ئەوەشدەکات کە: «هەرگیزاو هەرگیز رێگە نادات، تاقمێکی هەڵتۆقیوی گێرەشێوێن، شارو شارۆچکەکانی هەرێم بکاتە مەیدانی فەوزاو ئاشوبو بەو نەریتەی لـەسـەری راهـاتـوون لـە تیرۆرو تۆقاندنو پشێوی نانەوەو نەهێشتنی ئەخلاق، ژیانو گوزەرانو ئەمنییەتی هاوڵاتییان بخەنە مەترسییەوە».

هـــەروەک دڵنیاییش دەدەن کە «ئەم پیلانەو داڕێژەرو ئەنجامدەرانی لەگۆڕدەنێینو وڵاتو ئەزموونەکەمان جـارێـکـی دیـکـە رووی گەشی خۆی نیشانی دۆسـتو نەیارانمان دەداتەوە».

لەبەرامبەر ئـەو بەیاننامەیەی مەکتەبی سیاسیی پارتیدا، لیژنەی هەفتەچالاکیی (بێدەنگ نابین) رۆژی دواتر راگەیاندنێکی بڵاوکردووەتەوەو نیگەرانیی خـۆی نیشاندەدات کە بەیاننامەکە بە نەفەسی شەڕی ناوخۆو بە زمانی هەڕەشە داڕێژراوەو تیایدا هەڕەشەی دەستبڕین لە گروپو تاقمێک دەکات کە دیار نییە، مەبەستیان لەوانەیە کە تیرۆری سەردەشتیان کردووە، یان ئەوانەی لە دژی تیرۆری سەردەشت هاتوونەتە دەنگ.

سـەبـارەت بە بەشێکی دیکەی بەیاننامەکە کە ئـامـاژە بۆ ئەوە کـــراوە، پـیـلان لـە دژی پـارتـی دیموکراتی کوردستان هاتووەتە ئـاراوە، کەمپەینەکە رایدەگەیەنێت: «ئـەو جـەمـاوەرەش کە هاتوونەتە سـەر شـەقـامو داوای نەهێشتنی توندوتیژییو نەهێشتنی دیـاردەی تیرۆری رۆژنامەنووسان دەکەن، بـە گـێـرەشـێـویـنو پیلانگێڕیی تۆمەتبارکراونو وەک دژی ئەزموونی کوردستان وێناکراون کە لە راستیدا پێچەوانەکەی راستە، باشترین بەڵگەی ئەم راستییەش، شێوازی مەدەنییانەو هێمنانەی خۆپیشاندانەکانە کە جێگەی شانازییە لە سەرتاسەری کوردستاندا، کەسێک بـەردێـکـی نەهاویشتو کەسێکیش زمـانـی توندوتیژیی بەکارنەهێنا، بەپێچەوانەی ناوەڕۆکی بەیاننامەکەی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کە بە زمانی هەڕەشەو ترساندن داڕێژراوەو زیاتر لە بەیاننامەی حەربی دەچێت».

هەفتە چالاکی بێدەنگ نابین دەڵێت: «ئەوەی لەهەموو شتێک زیاتر مایەی سەرسوڕمانو لەسەر وەستانە، ئەو مەنتیقەیە کە بەیاننامەکەی پێ نووسراوە، مەنتیقێک هێشتا بە عەقڵی سەردەمی جەنگی سـاردو شەڕی ناوخۆی کوردستان تەماشای دنیا دەکات».

هاوپەیوەند بـە تیرۆرکردنی رۆژنـــامـــەنـــووس، سـەردەشـت عوسمانەوە، ئاژانسی پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کورستان کە سەر بە پارتییە، روونکردنەوەیەکی بڵاوکردووەتەوەو بەبێ هیچ بەڵگەو بنەمایەک نووسیویانە: «راگەیاندنی سەر بە رەوتـی گـۆڕان، کەشێکی زۆر ئاڵۆزیان خولقاند بۆ ئەوەی خوێنی ئەم شەهیدە بۆ پێکانی مەرامە سیاسییەکانیانو دژایەتی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانو کەسایەتییەکانی بەکاربهێنن».

ئاماژەیان بـەوەشـکـردووە کە: «گۆڤاری لڤینی سەر بەم رەوتـە، هەستاوە بە ئاوێتەکردنی هەندێک تۆمەتی دروستکراو، تاکو ناوی بەڕێز، کـاک مەسرور بـارزانـی سەرۆکی ئاژانسی پاراستن بە رووداوی تیرۆرکردنی شەهیدی جوانەمەرگەوە ببەستێتەوە، ئـەوەی راستی بێت، ئەم بڵاوکراوەیە دوور لە ئەخلاقی رۆژنامەوانیو بە هاندانی خاوەنەکانی، هەستاوە بە دروستکردنی ئەم هەواڵە، تاکو بـازاڕی قۆستنەوەی خوێنی شەهید بۆ مەرامەکانیانی پێ گەرمتر بکەن».

لەبەرامبەر ئەو روونکردنەوەیەی ئاژانسی پاراستنی پارتیشدا، گۆڤاری لڤین وەڵامیان دەداتەوەو دەڵێن: «دەزگا ناشەرعیو نایاساییەکەی ئاژانسی پاراستن، لەبری ئەوەی لە ئاستی ئەم رووداوە شەرمهێنەرە گەورەیەدا، جوامێرانە راوەستنەوەو راستییەکان بە خەڵک بڵێن، وەک پیشەی هەمیشەیی خۆیان کەوتوونەتە هۆنینەوەی درۆو هەڕەشەکردن لە ژیـانو ئازادیی رۆژنامەنووسان، وەک ئەوەی تەنیا خوێنی شەهید سـەردەشـت بەس نەبێت بۆ کۆستکەوتنی ئەم میللەتەو بڵاوکردنەوەی ترسو تۆقاندن لە هەرێمی کوردستان».

لڤین لە روونکردنەوەکەیدا دەڵێت: «ئێمە بەر لە هەموو شتێک دەپرسین، لە رووداوێـکـی ئـاوا ترسناکدا کە هەموو کوردستانییەکی هێناوەتە دەنـگو هەموو خەڵکی کوردستان بـە یـەک دەنـــگو بـە یـەک رەنـگ ئیدانەی دەکەن، بۆچی دەزگای بەناو ئاژانسی پاراستن خۆی خستووەتە بەرەی پێچەوانەی میللەتو شەقامی کوردستانو بەپێچەوانەی خواستی میللی خەڵکی کوردستانەوە لێدوان دەداتو رەفتار دەکات».

هـــەروەک گۆڤارەکە نیگەرانیی خۆی نیشاندەدات لـەوەی، دەزگای پاراستن لەبری ئـەوەی پارێزەری ژیـانو کەرامەتی مـرۆڤو ئازادیی بێت، بۆخۆی خەریکە دەبێتە هەڕەشە بۆسەر کەرامەتو ئازادیی خەڵکی کـوردسـتـانو باشترین بەڵگەش ئـەوەیـە، لـەبـری ئـەوەی بـەدوای بکوژەکانی (سەردەشت)دا بگەڕێت، بەدوای ئەو قەڵەمانەدا دەگەڕێت کە بەدوای سەرەداوەکانی تیرۆری ئەو رۆژنامەنووسەدا دەگەڕێنو بۆ رای گشتیی دەگوێزنەوە.

سـەبـارەت بـەو تۆمەتەش کە خستویەتییە پاڵ گۆڤاری لڤینو بە زۆر لکاندوویەتی بە بزووتنەوەی گـۆڕانـەوە، دەڵـێـن: «ئێمە بە تەنیا تەعلیقمان لەسەر ئەم تۆمەتە ئەوەیە کە ئەمە پێچەوانەی بەیاننامەکانی پێشووی خۆیانە، دیـارە بیریان چووەتەوە، لە بەلاغی بەر لە دوو هەفتە پێش ئێستادا، پێیانوتین کە سەر بە دەستێکی دەرەکـیـن! ئەی چۆن بوو لەماوەی ئەم دوو هەفتەیەدا بووین بە دەستی هێزێکی ناوخۆ، بۆیە باشترە ئەگەر ئەو دەزگایە حورمەتی خەڵکیش ناگرێت، تۆزێک حورمەتی خۆی بگرێتو بەجۆرێک بەلاغە ناشیرینەکانی بنووسێت کە پێچەوانەی یەکتر نەبن».

لەلایەکی دیکەوەو لە بەردەوامیی چالاکییەکانی هەفتەی (بێدەنگ نابین) دا، رۆژی(٢٠١٠/٥/١٥) کەمپەینەکە یاداشتێکیان ئاڕاستەی سەرۆکایەتیو ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان کردووەو داوای پێکهێنانی لیژنەیەکی پەرلەمانی دەکەن بۆ لێکۆڵینەوە لە تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان.

هـــەروەک بە پێویستی دەزانـن، پەرلەمانی کوردستان وەک نوێنەری هەڵبژێردراوی خەڵکی کوردستان، لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ پێکبهێنێت بە ئەندامێتیی نوێنەری رێکخراوێکی نێودەوڵەتی (وەک چـاودێـر)و دەسەڵاتی تـەواوی پێ ببەخشێت بۆ لێکۆڵینەوەو لێپێچینەوە، تاوەکو ئەو دەستە تیرۆریستییە ئاشکرابێت کە لەپشت کوشتنی رۆژنامەنووسو نووسەرانەوەیەو رێگا نـەدرێـت، ئارامیی هەرێمی کوردستان تێکبدرێتو سنوورەکانی ئازادیی رادەربڕینو رۆژنامەنووسی بەرتەسک بکرێنەوە.

کەمپەینی هەفتەی بێدەنگ نابین لەیاداشتەکەیاندا کە وێنەیەکیان ئاڕاستەی سەرۆکایەتی هەرێمو ئەنجومەنی وەزیرانو نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکانو باڵیۆزخانەکانی وڵاتانی دەرەوە لە عێراقو نووسینگەو کونسوڵی وڵاتانی ئەوروپا لەهەرێمی کوردستان نـــاردووە، پێیانوایە: «رەوشـــی سیاسیی لـە هەرێمی کوردستان ئاڵۆز بووەو لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دەستنیشان کرابێت، باشترین رێگەی گێڕانەوەی متمانەو دڵنیاییە بۆ خەڵکی کوردستان، ئەمەش چەند لە قازانجی خەڵکی کوردستانە، چەندین ئەوەندەش لە قازانجی حکومەتی هەرێمو دەسەڵاتی سیاسیی کوردستانە».




# تیرۆرکردنی سەردەشتو کاردانەوەکانی

رووداوی تیرۆرکردنی رۆژنامەنووسو خوێندکاری زانکۆ، سەردەشت عوسمان، چەندین کاردانەوەی جیاو ناڕەزایی لەناوخۆو دەرەوەدا لێکەوتەوە.

دەکرێت ئیستێک لەسەر ئەم رووداوەو بەشی هەرە زۆری کاردانەوەکان لەوبارەیەوە بکرێت، بەڵام ئەوەی دەهێنێت لەم گۆشەیەداو سەبارەت بەم کاردانەوانە ئیستێکیان لەبەردەمدا بکرێت، (ڕێپێوانە جەماوەرییە فراوانەکەی چوارشەممەی رابردووی سلێمانیو بەیاننامەکەی رۆژی پێنجشەممەی رابردووی پارتی دیموکراتی کوردستان)ن.

سەبارەت بە تاوانی تیرۆرکردنەکەی سەردەشت، چاوەڕێمان لە پەرلەمانی کوردستان (وەک دەسەڵاتی یاسادانانو چاودێری ئیشوکارەکانی حکومەت) دەکرد، هەڵوێستی راشکاوانەتری هەبێتو لێپێچینەوەی جدیی لەگەڵ ئەو بەرپرسو دامەزراوە ئەمنییانەدا بکات کە بەرپرسیاری پاراستنی سەروماڵی هاوڵاتییانن، بەتایبەتی بەرپرسیاری تیرۆرکردنی ئەم رۆژنامەنووسە لاوەن، یان هیچ نەبێت بانگهێشتی بەرپرسانی پەیوەندیدار بۆ نێو پەرلەمان بکاتو لەچۆنیتیی رووداوەکـە بکۆڵێتەوە. ئەمە لەکاتێکدایە، لە رێپێوانە جەماوەرییەکەی چوارشەممەی رابردووی سلێمانیدا، بۆ خۆم چەند ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان «گۆڕان»و لیستی «کوردستانی-یەکێتی»م بینی، سەرباری ئەوەی ئەو ئەندامانە (لێرەدا رووی قسەم لە پەرلەمانتارە یەکێتی-یەکانی بەشداربووی رێپێوانەکەیە)، سەرباری ئەم بەشداریکردنەیان، پێویستمان بەوەیشە بۆ تەواوکردنی ئەم بەشدارییەیان (پێشترو ئێستایشی لەگەڵدا بێت، دەرفـەت مـاوە)، هەڵوێستێکی تریش بنوێنن، بۆ ئەوەی لەگەڵ پەرلەمانتارانی لیستەکانی ئۆپۆزسیۆندا، سەرۆکایەتیی پەرلەمان ناچاربکەن بە بانگهێشکردنی بەرپرسە پەیوەندیدارەکان بە رووداوی تیرۆرکردنی سەردەشت بۆ نێو هۆڵی پەرلەمانو بەمەیش بەشێکی ئەو نیگەرانییانەی هاوڵاتییان سەبارەت بەخەمساردیی پەرلەمانی کوردستان لەم کێشەیەدا، دەرەوێتەوە.

هەر لەچوارچێوەی کاردانەوەکاندا، بەیاننامەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە رۆژێک دوای رێپێوانەکەی سلێمانی بڵاوکرایەوە، هێندەی تر نیگەرانییەکانی رۆژنامەنووسانو خەمخۆرانی هەرێمی بەرامبەر ئەگەری گرژبوونو ئاڵۆزبوونی هەرێمی کوردستان زیادکرد. هەروەکچۆن، تا نووسینی ئەم ستونە، بـەردەوام لە رێی ناوەندەکانی راگەیاندنیانەوە، هەندێک کەس وەک»رۆژنامەنووس»و «چاودێری سیاسی»و «روناکبیر»...هتد، دەهێنرێنە سەر شاشەی تەلەفزیۆن، تا قسە لەسەر بزووتنەوەی «گۆڕان»و شەخسی نەوشیروان مستەفا بکەن، وەک ئەوەی ئەم تاوانی تیرۆرکردنە، دوورو نزیک پەیوەندی بە گۆڕانەوە هەبێت.

ئەم بەلاڕێدابردنەی پرسی سەردەشت عوسمانو تۆمەتبارکردنی «گـۆڕان» بە زمانێکی توند، بـەوەی گوایە لەپشتی رێپێوانو کاردانەوەکانی دژ بە پارتی-یە، کاریگەریی خراپ بەسەر داهاتووی پەیوەندیی هـەردوولاو هەرێمی کوردستانەوە بەجێدەهێڵێت (هەرچەندە تا ئەم ساتەوەختە، هیچ پەیوەندییەکی رەسمیی لەنێوان ئەم دوو لایەنە-گۆڕانو پارتی-دا نییە)، لەکاتێکدا ئەم بارە ناسکەی هەرێمی کوردستانو ناشیرینبوونی ئەزمونی هەرێم لەلای چاودێرانی نێودەوڵەتی، لە رووی نەبوونی شەفافیەتی داراییو سیاسیو ئەمنیو نەبوونی یاسای دیموکراسخوازانەو جیانەکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە یەکتریو بەردەوامبوونی سیستمی دوو ئیدارەیی لە هەرێمی کوردستانو دواجاریش تیرۆرکردنی رۆژنامەنووسان لەسەر رای جیاواز، وا دەکات بە زیان بۆ هەرێمی کوردستان بکەوێتەوە، کە رەنگە دواخستنی مۆڵەتی رەسمیی بزووتنەوەی «گۆڕان»یش لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە، یەکێک بێت لە ئەگەرە چاوەڕوانکراوەکان.

بایەخدان بە کەیسی تیرۆرکردنی سەردەشت (وەک هەواڵێک کە بەهای هەواڵیی هەیە، ئەمەیش لە رووی تاوانەکەو چۆنێتیی ئەنجامدانیەوە) لەنێو ناوەندەکانی راگەیاندندا، ناکرێت وەها لێی بڕوانرێت کە مەبەست لێی هاندانی شەقامە لە دژی هێزێک لە هێزەکانی هەرێم (وەک بەیاننامەکەی پارتی ئاماژەی بۆ کردووە)، بەڵکو ئەم تاوانە هەڕەشەیەکی جدییە بۆ سەر ئازادیی نووسینو ئازادیی رۆژنامەنووسیی لە هەرێمی کوردستان، هەروەکچۆن دەشێت ئازادیی قسەکردنو ئازادیی نووسین، باجی گەورەیان بەدواوەبێتو هەندێکجاریش ئەم باجە بگاتە کۆتاییهێنان بە ژیانی رۆژنامەنووسەکە (وەکچۆن لەحاڵەتی سەردەشت عوسمانو دەیان سەردەشتی تردا لەسیستمە دیکتاتۆرەکاندا دەیانبینین).

بۆیە، وەکچۆن بێدەنگکردنی رۆژنامەیەک بێدەنگکردنی کۆمەڵگەیەکی لەپشتەوەیە، بەهەمانشێوەیش، تیرۆرکردنی رۆژنامەنووسێک، تیرۆرکردنی کۆمەڵگەیەکی لەپشتەوەیەو بەرپرسیارێتی هەموومانە (لەسەرویانەوە بەرپرسانی باڵای ئەم هەرێمە)، رێگری لەو تیرۆرکردنە بکەین (کە سەرەتایەکە بۆ تیرۆرکردنی کۆمەڵگە)و بەمەیش هەموو ئەو نیگەرانییانەی رۆژنامەنووسانو هاوڵاتییان بەگشتی دەرەوێنەوە کە تیایاندا دەسـەڵات بەخەمساردییو بێباکی بەرامبەر بـەم تاوانە، تۆمەتباردەکرێتو مانەوەی نیگەرانییەکانیش بەم حاڵەی ئێستاوە، ئاماژەیەکی مەترسیدارە بۆ بەهێند وەرنەگرتنی نیگەرانییەکانی هاوڵاتییان لەلایەن دەسەڵاتەوە لە هەرێمی کوردستان.

# حکومەت دەسەڵاتی بەسەریاندا نییە

# ئاسایشەکانی هەولێرو سلێمانی (١٢) رۆژیان ماوە بۆ یەکگرتنەوە

**راپۆرتی: بەهادین یوسف**

رۆژنامەنووسانو پەرلەمانتاران جەختدەکەنەوە کە دەزگاکانی ئاسایش هەرچەندە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتدا نینو فەرمان لە حیزبەکانیانەوە وەردەگرن، بەرپرسن لە پاراستنی سەروماڵی هاوڵاتییانو پەرلەمانتارێکیش رایدەگەیەنێت، ئەگەر تا کۆتایی ئەم مانگەش دەزگاکانی ئاسایشی یەکێتیو پارتی یەکنەگرنەوە پەرلەمان بودجەکانیان رادەگرێت.

پەرلەمانتار شێرزاد حافز، ئەندامی لیژنەی ئاسایشو ناوخۆو ئەنجومەنە خۆجێییەکان لە پەرلەمانی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: لە کۆبوونەوەکانی گفتوگۆکردن لەسەر بودجە، کە قسە هاتە سەر هەردوو ئاسایشەکە، بەدوای ئەوەدا گەڕاین کە مەرجەعی ئاسایشەکان کێن؟، بەڵام ئەو وەڵامە نەدۆزرایەوە سەرۆکی پێشووی حکومەتیش جەختی لەوەکردووەتەوە کە ئەو دەسەڵاتی نەبووە بەسەر ئاسایشەکاندا، لەبەرئەوە دەردەکەوێت هەردوو ئاسایشەکە سەر بە یەکێتیو پارتینو سەر بە سەرۆکی حیزبەکانیانن، بۆیە ئێمە مۆڵەتی (٦) مانگمان بۆ دانان بۆ یەکگرتنەوە، ئەگەر تاکۆتایی ئەم مانگە یەکنەگرنەوە ئەوا بودجەکانیان رادەگیرێتو بۆیان سەرفناکرێت، تەنیا مووچەی کارمەندەکانیان دەدرێت تا ئەوکاتەی یەکدەگرنەوە.

ئەمە لەکاتێکدایە کە کەمپەینی چالاکی هەفتەی بێدەنگ نابین ئاماژە بەوەدەکات، کە رەوشی سیاسیی هەرێمی کوردستان ئاڵۆزبووەو داوادەکەن کە لیژنەیەکی سەربەخۆ لە پەرلەمانی کوردستان پێکبهێنرێت بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانی تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان، ئەمە لەکاتێدایە بەرپرسانی ئەمنیی هەرێمی کوردستان ئامادەنین لەبەردەم لیژنە تایبەتەکانی پەرلەمانی کوردستاندا ئامادەبن بۆ لێکۆڵینەوە لە تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان.

ئەندامەکەی لیژنەی ئاسایشو ناوخۆ جەختی کـردەوە کە لە کۆبوونەوەی لیژنەکەیاندا بەکۆی دەنگ بڕیاریانداوە کە بانگهێشتی بەڕێوەبەرانی گشتیی ئاسایشو پۆلیسی هەولێر بکەن بۆ لێکۆڵینەوە لە تیرۆری ئەو رۆژنامەنووسە، بەڵام بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر ئامادەی کۆبوونەوەکەی لیژنەی ناوخۆ نەبوو، وتی: «کاتی کۆبوونەوەکە بەڕێوەبەری گشتیی ئاسایشی هەولێر ئامادەبوو، بەڵام بەڕێوەبەری پۆلیس ئامادەنەبوو، سەرۆکی لیژنەی ناوخۆش لەبەردەمی هەموو ئەنداماماندا وتی: من بەڕێوەبەری پۆلیسم ئاگادارکردووەتەوە، کە ئامادەنەبووە دەبێت لێکۆڵینەوە لەو حاڵەتە بکرێت».

ئەمە لەکاتێکدایە کە رۆژی (١٢)ی ئەم مانگە بەڕێوەبەرێتی راگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان لە روونکردنەوەیەکدا لە وەڵامی لێدوانی پەرلەمانتارێکدا بۆ سایتی سبەی لەوبارەیەوە رایگەیاندووە: ئەوانەی پلەی وەزیریان هەیە لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە بانگهێشت دەکرێن، بەڵام کارمەندە گشتییەکان لەلایەن سکرتێری پەرلەمانەوە بانگهێشت دەکرێن، ئەمەش تەنیا دەسەڵاتی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانەو بە نووسراوی فەرمیی بانگهێشت ئاراستەی ئەو بەڕێزانە بکاتو ئاگاداریان بکاتەوە بۆ ئامادەبوون لە پەرلەمانو تائێستاش نە سەرۆکی پەرلەمان یاخود سکرتێری پەرلەمان هیچ جۆرە نووسراوێکی فەرمییان ئاراستەی بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر نەکردووە بۆ ئەوەی ئامادەی کۆبوونەوەی لیژنەی ناوخۆی پەرلەمان بێتو هیچ لیژنەیەکیش بۆی نییە بانگهێشت ئاراستەی کەس بکات بۆ ئامادەبوون تەنیا لە رێگەی نووسراوی فەرمیی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە نەبێت».



هێزەکانی ئاسایش لە کاتی مەشقکردندا

فۆتۆ: ئەلەند مەحوی

ئەمە لەکاتێکدا بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لیژنەکان دەتوانن راستەوخۆ وەزیر بانگهێشت بکەنو تەنیا سەرۆکایەتی پەرلەمان ئاگادار دەکەن نەک وەرگرتنی رەزامەندیی.

بڵاوکردنەوەی ئەو روونکردنەوەیە لەکاتێکدایە کە لە رۆژی (٢٠١٠/٥/١٠)وە سەرۆکی پەرلەمان بە نووسراوی رەسمیی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی ئاگادارکردووەتەوە کە لێکۆڵینەوە بکەن لە رووداوی کوشتنی سەردەشت عوسمانو رووداوەکانی سلێمانیو دوابەدوای ئەوەش لە رۆژی (٢٠١٠/٥/١٢) وە لیژنەی ناوخۆ نووسراوی فەرمیی بۆ بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر ناردووە بۆ ئامادەبوون لەبەردەم لیژنەکەیانو روونکردنەوە لەوبارەیەوە بدات.

هاوکات کەمال رەئوف، سەرنووسەری رۆژنامەی هاوڵاتیو ئەندامی لیژنەی هەفتەی بێدەنگ نابین، پێکهێنانی لیژنەیەکی سەربەخۆی بۆ لێکۆڵینەوە لە تیرۆرکردنی سەردەشتو بە نوێنەرایەتی رێکخراوێکی نێودەوڵەتی بە پێویست دەزانێت، بەوپێیەی دووساڵ بەسەر تیرۆرکردنی سۆرانی مامەحەمەدا تێپەڕیوەو هیچ دەرئەنجامێکی نەبووەو گومانیان هەیە بەوپێیەی دەزگا ئەمنییەکان حیزبین، بیانەوێت بکوژانی سەردەشت بدۆزنەوە.

هەروەک شێرزاد حافز بە پێویستیشی دەزانێت لە پێکهێنانی هەر لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەدا نوێنەرانی لیژنەکەیان یان پەرلەمان بەشداریی ئەو لیژنانە بێتو ئەوەشی بەخواستی هەموو لایەک زانیو هاوڕا لەگەڵ ئەو رۆژنامەنووسە پێیوایە؛ دەزگاکانی ئاسایش سەر بە حیزبەکانو حکومەت دەسەڵاتی بەسەریاندا نییە، وتیشی: «پەرلەمان دەتوانێت ئیجرائات لەگەڵ دەزگاکانی ئاسایشدا بکاتو سەبارەت بەو رووداوەش بەڕێوەبەری گشتیی ئاسایشی هەولێر داوای کاتی کـردووە، بەوپێیەی لێکۆڵینەوە لەوەها تاوانێک کاتی پێویستە».

# چوار رۆژ بەر لە رووداوەکە، ئاسایش وتی: «سلێمانی ئارامە»

**راپۆرتی: سۆران جەمال**

چـوار رۆژ بـەر لـە دۆزیـنـەوەی تەرمی محەمەد شێخ تاهیر، ئاسایشی سلێمانی لە بوونی جوولـەی گروپی ئەنسارولئیسلام ئاگادارکراوەتەوە، بەڵام ئەو بە «پڕوپاگەندەو دەستی سیاسی» لەقەڵەمیدا، هەروەک پۆلیسی هەولێریش لە هەڕەشەی سەر سەردەشت عوسمان ئاگادارکراوەتەوەو بە «حاڵەتی ئاسایی» وەسفیکردووە.

لەماوەی چەند هەفتەی رابردوواو لە هەرێمی کوردستان، چەند رووداوێکو هەوڵی رفاندنو تیرۆرکردن ئەنجامدرانو گیانلەدەستدانی دوو کوڕی تەمەن (١٦)ساڵو (٢٣) ساڵی لێکەوتەوە.

ئەم رووداوانە لەکاتێکدان کە هاوڵاتییان دەیانەوێت، پێش ئەوەی کارەساتەکان بقەومێن، هێزەکانی ئاسایشی هەرێم فریایان بکەون، بەڵام زۆربەی جارەکان، ئاسایش دوای ئـەوەی کارەساتەکان روودەدەن، رایدەگەیەنن کە باندەکانیان «دەستگیر» کردووە.

رۆژی (٢٦)ی مانگی رابـــردوو، محەمەد شێخ تاهیر چوێسە، لە رێگەی قوتابخانە- ماڵەوە، لە لایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە رێفێنراو دوای (١٠) رۆژ، واتە (٦)ی ئەم مانگە تەرمەکەی لە شاری سلێمانی دۆزرایەوە.

ئاسایشو هێزەکانی دژەتیرۆر کە وەسفی زیرەکیو وریاییان بۆ دۆزینەوەی «تیرۆریستان دەکرێت»، لەماوەی ئەو (١٠) رۆژەدا سـەرەداوی ئەو گرووپەیان بۆ ئاشکرا نەبوو، بەڵام هەر راستەوخۆ دوای دۆزینەوەی تەرمەکەی، لە رێگەی سەرۆکی حکومەتەوە دەنگۆی ئەوەیان بڵاوکردووە کە سەرەداویان دەستکەوتووەو «بەم زووانە» ئەو باندە ئاشکرا دەکرێت.

دوابـەدوای رووداوەکـە، ئاسایشی سلێمانی لە راگەیەنراوێکدا بڵاویکردەوە: لە گـەڕەکـی کانی کـوردەی سلێمانی داویانە بەسەر ماڵێکدا «کە حەشارگەی تیرۆریستەکان بووە»و چەند کەسێکیشیان دەستگیرکردووە.

ئەوەشیان راگەیاند کە ئـەو باندە جگە لە سلێمانی، لە شـاری کەرکوک حـەشـارگـەیـان هـەیـەو «گرووپێکی تیرۆریستین». دوابەدوای ئەوەش ناوی شەش داواکراویان بڵاوکردووەتەوە کە سەر بەو باندەن.

پـێـشـئـەوەی ئاسایشی یەکێتی لەوبارەیەوە ئەو هەواڵانە رابگەیەنن، ئاسایشی پارتی لە شاری کەرکوک لە روونکردنەوەیەکدا، باسیان لەوەکرد، کە هێزەکانیان توانیویانە یەکێک لەو باندە لە کـەرکـوک بـکـوژنو دەسـت بەسەر پارەو ئۆتۆمبێلەکەیاندا بگرن، ئەوەشیان بڵاوکردبووەوە کە لە داهاتوودا زانیاریی زیاتر بە «دەنگو رەنگ» بڵاودەکەنەوە.

ئەمە لەکاتێکدا کە لە دوو راپۆرتی جیادا لە کەناڵی کوردساتو گەلی کوردستان ئاماژە بـەوەدراوە، کە هێزێکی نادیار هەوڵی ئاسایشی بۆ دەستگیرکردنی ئەو باندە لە کەرکوک شکست پێهێناوە.



ئەو ماڵەی لە گەڕەکی کانی سپیکە گروپەکەی تیا دەستگیرکرا

فۆتۆ: سیروان عەول

روودانی ئەم کردەوە «تیرۆریستییانە»و شـڵـەژانـی بـاری ئەمنیی کوردستان لەکاتێکدان، رۆژی دووی ئەم مانگە، سایتی (سبەی) هەواڵێکی بڵاوکردەوە، لەبارەی جوڵەی هێزەکانی ئەنسارولئیسلام لە شاری سلێمانی لە گەڕەکی کانی سپیکەی نزیک ئەو گەڕەکەی کە ئاسایش رایگەیاندووە: «حەشارگەی تێدا دۆزیوەتەوە»، بەڵام ئاسایشی سلێمانی لە روونکردنەوەیەکدا ئەو هەواڵەیان بە پڕوپاگەندە لەقەڵەمدا.

لە روونکردنەوەکەیاندا، عەمید حەسەن نوری، بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانی دەڵـێـت: ئـەو جـۆرە هـەواڵانـە لەلایەن کەسانێکەوە بڵاودەکرێنەوە کە دەیانەوێت باری تەناهی سلێمانی بشێوێتو ئێمەش هەموو ئامادەکارییەکمان کـردووە بۆ رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستان.

ئاسایشی یـەکـێـتـیو پـارتـی کە هەریەکەیان بەجیا لە هەرێمی کوردستاندا کاردەکەنو تائێستا یەکیاننەگرتووەتەوەو هـەریـەکـەیـان دەزگـایـەکـن سـەر بە حیزبەکانیان، لەو رووداوەی محەمەددا ناکۆکییان هەیەو گێڕانەوەو هەوڵەکانیان جیاوازی تێدایە.

لە رووداوی رفاندنو تیرۆرکردنی سـەردەشـت عوسمانی خوێندکارو رۆژنامەنووسدا، ئاسایشو پۆلیسی هەولێر «ئـەوپـەڕی خەمساردییان» نواندووەو بەتەواوی کەوتوونەتە ژێر پرسیارەوە.

بەپێی دوایین وتـاری سەردەشت، دوای ئـەوەی هـەڕەشـەی لێدەکرێت، راگـری کۆلێژەکەیو پۆلیسی هەولێر ئاگاداردەکاتەوە، بەڵام ئەوان «گوێ بە داواکـەی نـادەن»و دوای چەند رۆژێک رفێنراو تەرمەکەی لە موسڵ فڕێدرا.

رووداوی دۆزیـنـەوەی تەرمەکەی سەردەشت لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی هەرێمەوە، بە ساردیی پێشوازی لێکرا، بـەڵام دوای ئـەوەی هێزی جەماوەر کارەساتەکەیان بەگەورەییەکەی خۆی بینی، دەزگاکان لەوبارەیەوە بەیاننامەیان بڵاوکردەوە.

بەپێی بەیاننامەکەی بەڕێوەبەرێتیی گشتیی ئاسایشی هەرێم، تیرۆرکردنی سەردەشت بۆ «شێواندنی» ئاسایشی هەرێمو هەولێرە. هەروەک رایانگەیاندووە کە «بێگومانن» لەوەی ئامانجی سەرەکی ئەم کردەوانە، تێکدانی باری ئاسایشی هەرێمەو بۆ سەرخستنی ئەجێندای سیاسیی نەیارانی دەسەڵاتی هەرێمە.

بانگەشەی هەرێمێکی پڕ لەئاسایشو تەناهی لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە بەردەوام دووپاتدەکرێتەوە، هەر بۆیە لە وەڵامی سەردەشتدا، عەمید عەبدولخالقی بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر وتویەتی، «هەولێر ئارامەو ئەو جۆرە هەڕەشانە هیچ نین»، وەک لە نووسینەکەی سەردەشتدا هاتووە.

# خالید شوانی: کۆمسیۆن گەیشتبووە ئەو قەناعەتەی دەنگی هەندێ ناوچە هەژمار بکرێتەوە، بەڵام لیستی هاوپەیمانی تانەکانی کەرکوکی کشاندەوە

**سازدانی: پشتیوان سەعدوڵڵا**

**خالید شوانی، یەکێک لە نوێنەرانی پارێزگای کەرکوک لە خولی رابردووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و کاندیدی دەرچووی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان بۆ خولی نوێ، پێیوایە؛ ململانێ سیاسییەکان لە پەرلەمانی داهاتووی عێراقدا دەگەنە لوتکەو ئەرکی کوردیش لە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک و کێشەکانی دیکەدا قورستردەبێت، باس لەوەشدەکات، بەرنامە سیاسییەکانمان گۆرانکاریی بەسەردا دێت و بۆ کەرکوک بەرنامەیەکی تایبەت و نوێمان هەیە.**

**سەبارەت بە کشاندنەوەی تانەکانی لیستی هاوپەیمانی لە کەرکوک، دەڵێت: بەداخەوە، ئێمە لە دەزگاکانی راگەیاندنەوە بیستمان، لیستی هاوپەیمانی تانەکانی کشاندووەتەوە، من لەگەڵ کشاندنەوەی تانەکاندا نەبووم، چونکە ئەوە دەرفەتێکی گەورەو باشبوو بۆ ئاشکراکردنی تەزویرات و خروقاتەکان.**

**رۆژنامە: ئەنجامی هەڵبژاردنی (٧)ی ئازار لە کەرکوک، تاچەند چاوەڕوانکراوبوو؟**

* ئێمە چاوەڕوانماندەکرد کورد زۆربەی کورسییەکانی پارێزگای کەرکوک بەدەستدەهێنێت، بەڵام ئەنجامەکان بەوشێوەیە نەبوون، ئەو ئەنجامە سەنگی راستەقینەی هێزە سیاسییەکانی کەرکوک نیشان نادات، مەبەستم لیستی هاوپەیمانی و لیستی عێراقییەیە، چونکە لیستی عێراقییە تەزویرێکی زۆری ئەنجامداوە لە چەند ناوچەیەکی کەرکوک و ئەو دەنگانە دەنگی راستەقینەی خەڵکی عەرەب نین و تەزویرن، ئەمەو لەلایەکی دیکەوە هێزە کوردییەکان بە زیاتر لە شەش لیست بەشداریی هەڵبژاردنەکەیان کردو هەندێک لەو لیستانە نەیانتوانی کورسی بەدەستبهێنن و دەنگەکانیان فەوتا.

**رۆژنامە: لەگەڵ ئەوەی بەڕێزتان باسی تەزویرات دەکەن لە ناوچە عەرەبنشینەکانی کەرکوکدا، باشە بۆچی لیستی هاوپەیمانیی تانەکانی خۆی کشاندەوە؟**

* لە کەرکوک بە هەوڵی هەموو لایەک توانیمان ئەو هەموو خروقات و تەزویراتەی کە لە ناوچە عەرەبنشینەکانی کەرکوک ئەنجامدرابوو، ئاشکرابکەین و بەڵگەی یاسایی بەهێزمان پێشکەش بە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان کردو دادگای پێداچوونەوەی کۆمسیۆن گەیشتبووە ئەو قەناعەتەی کە بڕیاربدات دەنگەکانی ئەو ناوچانە سەرلەنوێ هەژماربکرێنەوە، ئێمە چاوەڕێی ئەو بڕیارەبووین بۆئەوەی ببێتە سەرەتایەک بۆ هەموو ئەو تەزویراتانەی کە لەو ناوچانە ئەنجامدرابوو ئاشکرابکرێت و جگەلەوەش بۆئەوەی بە رای جیهانی و دەرەوەی نیشانبدەین، ئەوان کە چەند ساڵێکە کورد بە تەزویر تۆمەتباردەکەن، ئەوەتا خۆیان تەزویرات دەکەن، بەڵام بەداخەوە ئێمە لە دەزگاکانی راگەیاندنەوە بیستمان، لیستی هاوپەیمانی تانەکانی کشاندووەتەوە، من لەگەڵ کشاندنەوەی تانەکاندا نەبووم، چونکە ئەوە دەرفەتێکی گەورەو باشبوو بۆ ئاشکراکردنی تەزویرات و خروقاتەکان، لەلایەکی دیکەوە ژمارەی دەنگەکانی کورد لە عێراقییە زیاتر دەبوو، بەوەش دەمانتوانی لە رووی سیاسییەوە وەکو پاڵپشتێک لە بەغدا بەکارمانبهێنایە.

**رۆژنامە: زیاتر لە سەد هەزار دەنگدەری کوردی کەرکوک دەنگیان نەدا، تاچەند لاوازیی ئەدای سیاسیی سەرکردایەتیی کورد هۆکارە بۆ ئەوە؟**

* بە بڕوای من، یەکێک لە هۆکارەکانی ساردبوونەوەی کوردی کەرکوک لە دەنگدان، ئەو فرەگوتاریی و فرەلیستییە بوو کە لە شەقامی کوردیدا بە سلبیی رەنگیدابووەوە، خەڵکی کەرکوک ئەوەی دەویست کە هەموو لیستەکوردستانییەکان بە یەک لیست بەشداریی هەڵبژاردنەکان بکەن، لیستە کوردستانییەکان ئەوەندەی ململانێی یەکتریان دەکرد، ئەوەندە ململانێی عەرەب و تورکمانیان نەدەکرد، چونکە بارودۆخی سیاسیی کەرکوک زۆر جیاوازەو ململانێی نەتەوایەتی پێش ململانێی دیکەیە، بەرنامە نەتەوایەتییەکان دەکەونە پێش بەرنامە سیاسییەکانەوە، بۆیە نەبوونی ئەو یەکهەڵوێستییە یەکێک بوو لە هۆکارەکان، جگەلەوەش هیچ کاتێک (١٠٠٪)ی خەڵک ناچێت بۆ دەنگدان، من پێموایە نائومێدیی خەڵکی کەرکوک لە ئەدای سیاسیی سەرکردایەتیی کورد هۆکارنەبووە بۆ کەمبوونەوەی رێژەی دەنگدەری کورد، بە حوکمی فرەلیستی، دەبوایە خەڵک بە حەماسەوە بچوونایەتە بەردەم سندووقەکانی دەنگدان.

**رۆژنامە: بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی ئیئتیلافی لیستە کوردستانییەکان، جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) لە ئەولەویاتی کارەکاندایە، ئەمە چۆنە؟**

* بەپێی بەرنامەی سیاسیی ئیئتیلافی لیستە کوردستانییەکان، مەسەلەی کەرکوک و مادەی (١٤٠) پانتاییەکی گەورەی لە نێو بەرنامە سیاسییەکەی ئێمەدا گرتووە، ئەو رێوشوێنانەی کە گرتوومانن‌ەتەبەر بۆئەوەی لەگەڵ لیستەکانی دیکەدا گفتوگۆی لەسەربکەین، ئەگەر بێتو رێککەوتنی لەسەربکرێت، هەنگاوی جدیی و عەمەلی تێدایەو دەبێتە هۆکار بۆ بەپەلە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠).

**رۆژنامە: ئایا لەم قۆناغەدا، بە میکانیزمی جیاواز کاردەکەن بۆ جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)؟**

* بارودۆخی چوار ساڵی داهاتووی عێراق، هەمان بارودۆخی سیاسیی چوار ساڵی رابردوو نییەو جیاوازە، بەرنامە سیاسییەکانی ئێمەش سەبارەت بە کۆی گشتیی عەمەلیەی سیاسی گۆڕانکاریی بەسەردا دێت و بۆ کەرکوکیش بەرنامەیەکی تایبەت و نوێمان هەیە کە لەگەڵ قۆناغەکانی چوار ساڵی داهاتوودا بگونجێت. لەم قۆناغەدا کورد پێویستی بە یەکگوتاریی و یەکهەڵوێستیی هەیە بەرامبەر مەسەلە نەتەوایەتییەکان، ئێمە بە باشمانزانی بە یەک ئیئتیلاف بەشداریی بکەین و یەکهەڵویست بین، ئەوەش لە مەترسیی فرەگوتاریی و فرەهەڵوێستی رزگارمان دەکات، ئامانجی ئێمە ئەوەیە کە بە قورساییەکی گەورەوە بچینە بەغدا، ئەگەرچی تێڕوانینەکانمان جیاوازن، بەڵام هەموومان نوێنەری خەڵکی کوردستانین و یەک داواکاریی و ئامانجمان هەیە، بۆیە پێویستە هەموولایەک بەوپەڕی لەخۆبردوویی و تەنازولکردن لە بەرژەوەندییە تایبەتییەکان لەپێناو بەرژەوەندیی گشتیدا، یەکهەڵویست بین و باس لە ئەگەری هەڵوەشاندنەوەی ئەو ئیئتیلافە نەکرێت.

**رۆژنامە: کەواتە لەم قۆناغەدا، ئەرکی ئێوە قورستردەبێت بۆ جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)؟**

* پەرلەمانی داهاتووی عێراق، پەرلەمانێک دەبێت کە ململانێ سیاسییەکان تێیدا دەگەنە لوتکەو ئەرکی ئێمەش لە چارەسەرکردنی کێشەکانمان لەگەڵ بەغدا قورستردەبێت، بەتایبەتی ئێستا زۆر لە رەوتە شۆڤێنییەکان گەیشتوونەتە پەرلەمان، کە لە پەرلەمانی پێشوودا بوونیان نەبوو، کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغداش بەوپێیەی هەندێک کاتیان بەسەردا تێپەڕیوەو تێڕوانینی جیاواز بەرامبەر بە چارەسەرکردنیان هەیە، پێویستە ئێمە ململانێ و شەڕ بۆ وەرگرتنی پۆست و کێشە نەتەوایەتییەکمان بکەین، پێویستە ئێمە نەچینە حکومەتێکەوە، ئەگەر بێتو ئەو حکومەتە دان بە مافەکانی کورددا نەنێت، لە هەمانکاتدا پێویستمان بە پۆستی سیادی و گرنگ هەیە لە حکومەتی عێراقدا، بۆئەوەی بەردەوام هێزێکی کاریگەربین و بتوانین لە رێگەی ئەو پۆستانەوە مافەکانی گەلەکەمان بەدەستبهێنین، بۆیە دەبێت بەرنامەیەکی سیاسیمان هەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر حزورێکی جدیی و گەورەو کاریگەرمان لە حکومەتدا نەبێت، بەرنامە سیاسییەکەمان جێبەجێ ناکرێت.



خالید شوانی

# پرۆژەکانی کەرکوک بەبێ چاودێریی جێبەجێدەکرێن

**راپۆرتی: رۆژنامە**

ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک داوادەکات رۆڵی زیاتری پێبدرێت لە چاودێریکردن و بەدواداچوونی پرۆژەکانی کەرکوک و لە کۆبوونەوەی رابردوودیدا ئەنجومەنەکە نیگەرانیی خۆی دەربڕی لەوەی کە پرۆژەکانی کەرکوک بەبێ چاودێریی جێبەجێکراون و بەوهۆیەشەوە «گەندەڵییەکی زۆر» ئەنجامدراوە.

لە کۆبوونەوەی هەفتەی رابردووی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک جەخت لەسەر غیابی رۆڵی ئەنجومەنی پارێزگا لە چاودێریکردن و بەدواداچوونی پرۆژەکان کرایەوە، کە ئەوەش بووەتە هۆی ئەنجامدانی گەندەڵیی لە جێبەجێکردنی پرۆژەکان و هەروەها فەشەلی پرۆژەکان.

کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە گفتوگۆکردن لەسەر میکانیزمی رۆڵی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لە چاودێریکردن و بەدواداچوونی پرۆژەکانی ساڵی (٢٠١٠)ی کەرکوک، بۆ روونکردنەوەی رۆڵی ئەنجومەنی پارێزگا لە چاودێریکردن و بەدواداچوونی پرۆژەکان، وا بڕیارە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک نووسراوێک ئاراستەی وەزارەتی پلاندانانی عێراق بکات.

ئەحمەد عەسکەری، ئەندامی لیژنەی پرۆژەو خزمەتگوزاریی گشتیی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، بە رۆژنامەی راگەیاند: هەموو پارێزگاکانی عێراق جگە لە کەرکوک بە یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان کاردەکەن، ئەنجومەنی پارێزگاکانی دیکە کۆمەڵێک دەسەڵاتیان پێدراوە، بەڵام بەداخەوە کەرکوک هەڵبژاردنی تێدانەکراو تائێستاش ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بە یاسای بریمەر کاردەکات، بەپێی ئەو یاسایەش ئەنجومەنی پارێزگا دەسەڵاتی چاودێریکردنی هەیە، بەڵام میکانیزمی چاودێریکردنەکە دانەنراوەو هیچ رێنماییەک لەوبارەیەوە دەرنەچووە.

هەروەک وتیشی: «هەرچەند ئێمە لە رابردوودا داوای رۆڵی ئەنجومەنمان کردووە، بەڵام لەئێستاشدا گەندەڵییەکی زۆر لە جێبەجێکردنی پرۆژەکاندا هەیەو کۆمەڵێک پرۆژە بە ناتەواویی جێبەجێدەکرێت، چونکە پرۆژەکانی کەرکوک بەبێ چاودێریی جێبەجێکراون، بۆیە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک دەیەوێت رۆڵی فیعلیی هەبێت و بەر بەو گەندەڵییەی بگرێت».

هەر لەوبارەیەوە رێبوار تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، بە رۆژنامەی راگەیاند: کۆبوونەوەکە بەمەبەستی دانانی میکانیزمێک بۆ چاودێریکردنی پرۆژەکان و لەهەمانکاتدا چاودێریکردنی داموده‌زگاکانی کەرکوک بوو، چونکە لە سێ ساڵی رابردوودا ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک خۆی کشاندبووەوە لە رۆڵی چاودێریکردنی پرۆژەکان و چاودێریکردنەکەی خۆی راگرتبوو، چونکە تائێستا هیچ رێنماییەک لە وەزارەتی پلاندانانەوە لەوبارەیەوە دەرنەچووە، جگە لەوەش پارێزگار بودجەی رەوانەی ئەنجومەن نەکردووەو میزانیەشی بۆ تەرخاننەکردووە.

لەلایەکی دیکەوە وا بڕیارە بەم نزیکانە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک کۆمەڵێک مەلەفاتی گەندەڵیی پێشکەش بە دادگاو دەستەی نەزاهە بکات بەمەبەستی سزادانی گەندەڵکاران، هەروەک رزگار عەلی، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە لە داهاتوودا مەلەفی گەندەڵیی ئاراستەی لایەنی دادوەری تایبەت دەکەن.




کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک

فۆتۆ: رۆژنامە

## بۆ بەردەم داواکاری گشتیی لە هەرێمی کوردستان

بۆ بەردەم داواکاری گشتی، لاپەڕەیەکی تایبەتەو لە ڕۆژنامەدا بڵاودەکرێتەوەو تیایدا چەندین بەڵگەنامەی ڕەسمیی بڵاودەکاتەوە سەبارەت بە هەدەردانی سامانی گشتیی وڵاتو بەپێویستی دەزانێت داواکاری گشتی بەدواداچوونی بۆ بکاتو کەسانی بەرپرسو کەمتەرخەم ڕووبەڕووی دادگا بکاتەوە

# دۆسییەی ساختەکاریی بڕوانامە لە هەرێمی کوردستاندا

## دەرچووی ساختەیەو دەوامیش دەکات

ڕۆژنامە

کێشەی ساختەکاریی لەهەموو بوارەکاندا بەتایبەتی ساختەی بڕوانامەی خوێندن سەرتاسەری عێراقی گرتووەتەوە، لە کوردستانیشدا ئەو کێشەیە چەندین ساڵە هەیەو تائێستا چارەسەر نەکراوە.

ساڵی پار حکومەتی عێراق، لەسەر داواکاریی دەستەی نەزاهەو دیوانی چاودێریی دارایی عێراق، داوای لەسەرجەم دامودەزگاکانی حکومەت کرد، کە کاری پشکنینو وردبینی بۆ بڕوانامەی سەرجەم فەرمانبەرەکانیان بکەنەوەو لە «صحة اصدار»ی بڕوانامەکانیان بکۆڵنەوە، بەوهۆیەوە توانرا چەندین بڕوانامەی ساختە ئاشکرا بکرێتو لێپرسینەوە لەگەڵ ئەوانەدا بکرێت، کە بەو کارە هەستاون.

لە هەرێمی کوردستاندا چەندین ساڵە خەڵکی دادەمەزرێت، لەوماوە دوورودرێژەدا چەندین کەس بەهۆی بارودۆخی سیاسیی کوردستانو عێراقەوە توانیویانە بە بڕوانامەی ساختە دابمەزرێن، هەندێک لەوانە بەهۆی پاڵپشتی حیزبەکانەوە بۆیان چووەتەسەرو بە بڕوانامەی ساختەوە دامەزراونو هەندێکی دیکەشیان لەکاتی دامەزراندندا بەبیانووی ئەوەی لە ناوچەکانی ناوەڕاستو خوارووی عێراق خوێندنیان تەواوکردووەو ناتوانن بچن بڕوانامەکانیان بهێنن، چاوپۆشییان لێکراوەو دامەزرێنراونو ئێستاش بەردەوامن لەسەر کاری خۆیان.

ئەو دۆسییەیە لەبەرئەوەی دۆسییەیەکی گرنگە پێویستە داواکاریی گشتیی لەسەری بێتە وەڵامو لەڕێگەی خۆیەوە هەوڵبدات حکومەت بەدوایدا بچێتو داوای «صحة اصدار»ی بڕوانامە بۆ گشت فەرمانبەرەکان بکرێت بە پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەو شوێنانەی کە بڕوانامەکانیان لێوە هێناوە، کە گومانی ساختە لەسەر بڕوانامەکانیان هەیە.

لەم ژمارەیەدا وەک نموونە، بڕوانامەیەکی ساختەی یەکێک لە فەرمانبەرەکانی بەڕێوەبەرێتی گشتیی ڕێگەوبانوئاوەدانکردنەوەونیشتەجێکردنی سلێمانی دەخەینە بەردەم داواکاری گشتیی.

فەرمانبەر (ج.ا.ع)، یەکێکە لە فەرمانبەرەکانی ئەو بەڕێوەبەرێتییە، لەکاتی دامەزراندنیدا بڕوانامەیەکی شەشەمی ئامادەیی بەشی زانستی بە ژمارە (١٠٣٨) مێژووی (١٩٩٧/٩/٢٧) دەرچوو لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی پەروەردەی هەولێر، ئامادەیی ڕزگاری کوڕان، پێشکەش بە بەڕێوەبەرێتییەکەی کردووە.

لە بڕوانامەکەیدا کە مۆری ئامادەیی ڕزگاریو بەڕێوەبەری ئامادەییەکەی بەناوی (اصغر طالب دزەیی) لەسەرەو نووسراوە: کە ناوبراو (ج.ا.ع)، دەرچووی ئەو ئامادەییە بەشی زانستییەو لە ساڵی خوێندنی (١٩٨٣-١٩٨٤) لە خولی یەکەمدا دەرچووە، بەڵام لە بڕوانامەکەدا لەبری ئەوەی وانەکانی بەشی زانستی، وانەکانی بەشی وێژەیی بە نمرەوە نووسراوە.

دوای ئەوەی بەو بڕوانامەیە دامەزراوە، لە ساڵی (٢٠٠٩)دا بەڕێوەبەرێتی گشتیی پەروەردەی هەولێر، بە نووسراوی ژمارە (١٠) لە (٢٠٠٩/١/٢٧) بەڕێوەبەرێتی گشتیی ڕێگەوبانو ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنی سلێمانی ئاگاداردەکاتەوە، کە بڕوانامەی ناوبراو ساختەیە.

ئەمەی خوارەوە دەقی نووسراوەکەی بەڕێوەبەرێتی گشتیی پەروەردەی هەولێرە، کە بۆ بەڕێوەبەرێتی گشتیی ڕێگەوبانو ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنی سلێمانی ناردووە.

**نهێنی**

**بۆ/ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن/ بەڕێوەبەرێتی گشتیی ڕێگەوبانو ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنی سلێمانی/ نووسینگەی بەڕێوەبەری گشتیی/ کارگێڕیی و یاسا**

**بابەت/ بڕوانامە**

**نووسراوتان ژمارە (٢) لە (٢٠٠٩/١/١٨)**

**ئاگادارتان دەکەینەوە، کە بڕوانامەی تایبەت بە (ج.ا.ع)، ساختەیەو تەزویرە تکایە کاری پێنەکرێتو کاری یاسایی لەگەڵ ئەنجام بدرێت.**

**لەگەڵ ڕێزدا**

**هاوپێچ/ بڕوانامەی کۆپی**

**پاکیزە طلعت عبدالصمد**

**بەڕێوەبەری گشتیی**



پاش ئەوەی ناوبراو لەلایەن بەڕێوەبەرێتییەکەیەوە لەو ساختەیە ئاگادار دەکرێتەوە، ئەویش دەچێت بڕوانامەیەکی دیکە دەهێنێت (کە لەوانەیە ئەویش بەهەمانشێوە ساختە بێت)، ناوبراو تائێستاش لەو بەڕێوەبەرێتییە بەردەوامە لەسەر کارو هیچ ڕێوشوێنێکی یاسایی لەگەڵدا نەگیراوەتەبەر.

ئەوەی سەرەوە یەکێکە لە نموونەکانی ساختەکاریی بڕوانامە لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمدا، بۆیە پێویستە داواکاری گشتیی بەدەم ئەو مەسەلەیەوە بچێت.

---

**بۆ/ ڕۆژنامەی ڕۆژنامە**

**بابەت/ وەڵامدانەوە**

لە ژمارە (٥٧٩) ڕۆژی سێشەممە (٢٠١٠/٤/٢٧) لە لاپەڕە (٨)ی تایبەت بە ڕاپۆرت بابەتێک بڵاوکراوەتەوە لەژێر ناونیشانی: (لە ئەمریکا دەژیو لە کوردستان مووچە وەردەگرێت) سەبارەت بەو ڕاپۆرتەی بەڕێوەبەرێتی ئاسایشی سلێمانی بە ژمارە (د/٣٣٨) لە ڕۆژی (٢٠٠٩/١١/١٠) ئاراستەی بەڕێوەبەری گشتیی ئاسایشی کردووە لەسەر (ر.ع.س) جێگری بەڕێوەبەری گشتیی بۆ یاسا لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی ڕێگەوبانو ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن، بۆیە وەک ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرێتی گشتیی ڕێگەوبانو ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن بەپێویستمانزانی ئەم ڕوونکردنەوەیە بخەینە بەردەم خوێنەرانی بەڕێزانی ڕۆژنامەکەتانو ڕای گشتیی:

ئاماژە بە فەرمانی کارگێڕیمان لە ژمارە (٥٨١) لە (٢٠٠٩/٣/٢٦) مۆڵەتی (٤) مانگی وەرگرتووە بە فەرمانی وەزاری (٣٢٦) لە (٢٠٠٩/٢/١٧) هەر بە فەرمانی کارگێڕیی ژمارە (٢٢٠٤) لە (٢٠٠٩/٩/٨) (٤٢) ڕۆژی بۆ درێژکراوەتەوە، کە لە (٢٠٠٩/٧/٢٥) تا (٢٠٠٩/٩/٦) دەکات، ئاماژە بە ڕەزامەندیی فەرمانی وەزاری (٦٦٢٨) لە (٢٠٠٩/١٠/١) بۆ جاری دووەم بە فەرمانی کارگێڕیمان (٤ مانگی دیکە) مۆڵەتی وەرگرتووە (لەبەرئەوەی ناوبراو مۆڵەتی پاشەکەوتی خۆی هەیە لەڕووی یاساییەوە گونجاوەو لە وەزارەتیش ڕەزامەندیی وەرگیراوە)، بەڵام لەبەرئەوەی تا (٢٠١٠/١/١٥) ئامادەنەبووە دەستبەکاربوونەوەی بنووسێت لە بەڕێوەبەرێتی گشتیمان بە فەرمانی کارگێڕیی ژمارە (٣١٤) لە (٢٠١٠/١/١٧) ئاگادارکردنەوەی بۆ دەرچووەو لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بە ژمارە (٥٠٧٧ی سێشەممە)دا لە (٢٠١٠/١/١٩) بڵاوکرایەوە، ناوبراو بە فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٧٣٧) لە (٢٠١٠/١/٧) بۆ ماوەی (٣) مانگ مۆڵەتی وەرگرتووە، تا (٢٠١٠/٤/٧) لە بەرواری (٢٠١٠/٤/٨) لە بەڕێوەبەرێتی گشتیمان دەستبەکار بووەتەوە.

بەپێی بەڵگەنامە یاساییەکان مۆڵەتی دایکایەتی وەرگرتووە بۆ ماوەی ساڵێک بە فەرمانی کارگێڕیی ژمارە (٧٧٢) لە (٢٠١٠/٤/١٢).

* پاش چەند ڕۆژێک لە مۆڵەتی یەکەم جاری، ژوورەکەی کراوە بە بەشی کارگەو ئامێرەکان.

* سەرجەم داواکاریی بەڕێوەبەرێتی ئاسایشی سلێمانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە پێکهاتووە بە چاودێریی بەڕێز نوێنەری داواکاری گشتیی بە مەبەستی لێکۆڵینەوەو پێداچوونەوە بە مۆڵەتو فەرمانی وەزاریو کارگێڕیمان، لە ئەنجامدا سەرجەم ئەو مۆڵەتانەی کە ناوبراو داوای کردووە لەڕووی یاساییەوە کراوەو بەپێی ڕێنماییەکان بووە.

**ڕاگەیاندنی**

**بەڕێوەبەرێتی گشتیی**

---

دوای بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەکان لەسەر جێگری بەڕێوەبەری گشتی (ر.ع.س) لەلایەن سەرۆکایەتی داواکاری گشتی، دەستەی تۆمارکردنی مافی گشتی نوسراوێک ئاراستەی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی/ سلێمانی کراوەو تێیدا دەستەی تۆمارکردنی داوای مافی گشتی داوا لە دیوانی چاودێری دەکات کە وردەکاریی ئەو مەسەلەیەیان بۆ ڕەوانە بکات. بەهەمانشێوە داوا لە ڕۆژنامەکەشمان دەکات کە سەرجەم بەڵگەنامەکانیان بۆ ڕەوانە بکەین.



نووسراوەکەی دەستەی تۆمارکردنی داوای مافی گشتی

---

**ئێمەش، هەر وامان وتووە!!**

هەموو ئەو مۆڵەتانەی لە وەڵامەکەتاندا ئاماژەتان پێداون، هەمان ئەو مەسەلانەن کە ڕۆژنامەکەمان باسیکردوون. ڕۆژنامە چاوەڕوانی ئەوە بوو، وەڵامی ئەو پرسیارە وەربگرێت، ئایا ئەو مۆڵەتانە بە دەرماڵەو مووچەی تەواوەوە بوون، یان نا؟ لە وەڵامەکەتاندا باسی ئەوە دەکەن، ئەو مۆڵەتانە بەپێی یاساو ڕێنماییەکان بوون، ئایا ئامادەن ئەو هەموو مۆڵەتە بەسەریەکەوەو بە دەرماڵەو مووچەی تەواوەوە بە فەرمانبەرانی پلە نزمی خواریشەوە بدەنو وەزارەتو ئەنجومەنی وەزیرانیش ڕەزامەندبن لەسەری؟

دەپرسین؛ بەپێی چ یاساو ڕێنماییەک (ر.ع.س)ی جێگری بەڕێوەبەری گشتیی، توانیویەتی یەکەمجار لە(٢٠٠٩/٣/٢٦) (٤) مانگو لە(٢٠٠٩/٩/٨) (٤٢) ڕۆژ بۆی درێژبکرێتەوە، لەبەر ئەوەی نەهاتووەتەوە بۆ دەوام. دووەمجاریش لە (١٠/١/ ٢٠٠٩) (٤) مانگی دیکە مۆڵەتی بدرێتیو دوای تەواوبوونی مۆڵەتەکەیو ئاگادارکردنەوەی لە ڕۆژنامەکاندا، ئەمجارەیان بە فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، لە (٢٠١٠/١/٧) (٣) مانگی دیکە مۆڵەتی بدرێتێ تا (٢٠١٠/٤/٧)و پاشان لە(٢٠١٠/٤/١٢) بۆ ماوەی ساڵێک مۆڵەتی دایکایەتی بدرێتێ؟

لە دوایدا دەپرسین؛ جێگرێکی بەڕێوەبەری گشتیی، بۆ نزیکەی ساڵێک مۆڵەت وەربگرێتو دواتر بۆ دایکایەتی ساڵێکی دیکە مۆڵەت وەربگرێت، ئایا ئیتر زەرورەتی ئەو جێگری بەڕێوەبەری گشتییە لەو بەڕێوەبەرێتییەدا چییە؟

# ـــت چـــی بـــکات؟

## ڕۆژنامەنووس عەبدوڵڵا ڕێشاوی: گۆڕان ببێتە پارتێکی ئایدۆلۆژی پشتیوانیی هەزاران خەڵکی موتەدەینی ئیسلامیی لەدەست دەدات

**ڕۆژنـامـە: ئێوە کە باکگراوندێکی ئیسلامیتان هەیە، لەکاتی هەڵبژاردندا پشتگیریتان لەم بزووتنەوەیەو ڕەوتی گۆڕین‌و گۆڕانکاریی کرد ، پێتانوایە پێویستە بزووتنەوەی گۆڕان لەکاتی ئۆرگانیزەکردنیدا چی بکات بۆئەوەی ئەو هەزاران جەماوەرەی کە پاشخانی ئیسلامییان هەیەو موتەدەیینن لەژێر چەتری خۆیدا کۆبکاتەوە؟**

*لەبەرئەوەی بزووتنەوەی گۆڕان وەک بزووتنەوەیەکی (جەماوەریی نا ئایدیۆلۆژی) هاتە ئاراوە، بووە جێگەی هیوای زۆربەی چین‌و توێژە جیاوازەکانی کوردستان، چونکە ئەوکاتەی بزووتنەوەکە دەرکەوت، کوردستان ڕێک پێویستی بە بزووتنەوەیەکی لەوشێوەیە هەبوو، بە بۆچوونی من پارێزگاریی لەو ڕیتمی ئیشکردنەی بزووتنەوەکە لە سەرەتاوە گرتوویەتیەپێش، گرەنتی بەرەوپێشچوونی دەکات.

بزووتنەوەی گۆڕان دەبێت هەمیشە بزووتنەوەیەکی ناعەقاییدی بێت، ئەوکات ئاساییە خەڵکی «موتەدەیین»و «ناموتەدەیین» هیوایان پێی هەبێت، ئەسڵەن بزووتنەوەی سیاسیی دەبێت وابێت، خەڵک لە هەموو ئایدیا جیاوازەکان بەهۆی بەرنامە سیاسییەکەیەوە پشتی پێببەستن، نەک بەهۆی تەبەنیکردنی ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراوەوە سەقفو سنووری خۆی دیاریی بکات.

پێموایە دووخاڵی سەرەکیی هەیە بۆئەوەی خەڵک بەشێوەیەکی گشتیی‌و خەڵکی موتەدەیینیش وەک تۆ وتت بێهیوانەبن لە بزووتنەوەکە، یەکەم: بەردەوامبوون لە ڕیتمی ناعەقاییدی‌و نائایدیۆلۆژی بزووتنەوەکە، بەڵکو هەمیشە بزووتنەوەکە بریتیبێت لە بەرنامەیەکی سیاسیی، کە بەها گشتییە باڵاکان بکاتە دروشمی خۆی.

دووەم: لەسەر ئاستی ناوخۆ ئەم بزووتنەوەیە دەبێت بەدوور بێت لە هەموو گەندەڵییەک‌و تەنانەت گومانکردنێکیش بە گەندەڵبوون، هەروەها دەبێت خۆی بپارێزێت لە بەخشینەوەی ئیمتیازات‌و ئەندامەکانی بە گەورەو بچووکەوە لەوە بپارێزێت، کە چاو ببڕنە ئیمتیازات‌و دەستکەوتی شەخسی، دیارە ئەمەش لەسەرەوە دەستپێدەکات.

دروستبوونی ئەم حاڵەتە وا دەکات خەڵک بەشێوەیەکی گشتیی‌و خەڵکی موتەدەیینیش بەتایبەتی هیوایان بە بزووتنەوەکە بەردەوامبێت، پێچەوانەی ئەمەش ڕاستە.

ئەو ئیسلامییانەی پشتگیریی گۆڕانیان کردووە -وەک لە پرسیارەکەی تۆدا هاتووە- کەمنەبوون، چ وەک ژمارە چ وەک کاریگەریی، کە کاریگەرییەکی پۆزەتیڤیان دروستکرد لەناو بزووتنەوەکەداو زیاتر بەجاماوەرییان کرد، ئەوکات نەیارانی بزووتنەوەکە لە دەسەڵات ویستیان لایەنی ئاینیی لە دژی بزووتنەوەکە بەکاربهێنن، بەڵام «ئیسلامییەکانی ناو گۆڕان» ئەو هاوکێشەیەیان هەڵگێڕایەوە، ئاینیان کرد بە گژ گەندەڵییەکەی دەسەڵاتداو کردیان بە پاڵپشتی دروشمەکانی گۆڕان.

**ڕۆژنامە: بە بۆچوونی تۆ پەیوەندیی بزووتنەوەی گۆڕان بە ئایینەوە دەبێت چۆن بێت؟ ئایا ئەم بزووتنەوەیە دەتوانێت گوتارێکی «ئایینی» لەناوخۆیدا تەوزیف بکات؟**

*بێگومان ورووژاندنی پرسیاری «ئایین‌و بزووتنەوەی گۆڕان» بابەتێکی هەستیارو پێویستە، هەستیارە نەک تەنیا لەبەر ئەوەی گۆڕان وەک چەمک پەیوەندییەکی مێژوویی‌و سروشتی بە ئایینەوە هەیە، بەڵکو لەبەر چەند فاکتێکی دیکەش لەوانە:

١- ئایین وەک یەکێک لە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی نەست‌و هەستی جەماعی کۆمەڵگەی ئێمە، هیچ بزووتنەوەو جموجوڵێک نییە بتوانێت بەبێ ڕوونکردنەوەی وەڵام‌و هەڵوێستی خۆی، بەتەنیشتیدا تێپەڕبێت، بەڵکو هەموو بزووتنەوەیەکی سیاسیی لەم کۆمەڵگەیەدا پێویستە هەڵوێستی ڕوونی بەرامبەر بە ئایین هەبێت، جا ئیتر ئەو هەڵوێستە لائیکی بێت، یان سیکولار.

٢- شتێکی تازە ناڵێیین ئەگەر بڵێین: یەکێک لە وێستگە سەرەکییەکانی ڕیفۆرم لە کۆمەڵگەدا ڕیفۆرمی ئایینیە، بێگومان ڕیفۆرم لە ئێستای کۆمەڵگەکانی ئێمەدا دەبێت بە تونێلی ڕیفۆرمی ئایینیشدا تێپەڕببێت، ئەگەرنا ناگاتە جێ.

٣- لە ئایینداا تەوژمێکی شۆڕشگێڕانەی ئەنتی گەندەڵیی‌و گۆڕانخوازانە هەیە، کە لەوێوە لەگەڵ دروشم‌و ستراتیژەکانی گۆڕاندا دەشێت بەیەک بگەن.

٤- ڕەهەندی ئەخلاقیی ئایین دەتوانرێت لەسەر ئاستی عەمـوودی لەناو ئەو بزووتنەوەیەدا تەوزیف بکرێت.

ئـەم خـاڵانـە هـەمـوو قسـەی زۆر هەڵدەگرێت‌و وردەکاریی زۆرتر بەدوای خۆیدا دێنێت، کە دەتوانین دواتر بێینە سەری.

لەبەر ئەو چەند فاکتەو هی دیکەش پێموایە؛ وروژاندنی پرسیاری بزووتنەوەی گۆڕان‌و ئایین وروژاندنێکی گرنگە، هەر لە ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی ئەم بزووتنەوە گەنجە سەبارەت بە ئایین، کە پێموایە؛ کارێکی قورس نییە، تا ئەوەی داخۆ دەکرێت ئایین لە ناو بزووتنەوەی گۆڕان‌و شێوازی ئیشکردنیدا جێگەی بۆ بدۆزرێتەوەو چۆن؟ کە پێموایە ئەمەیان پرسیارە سەخت‌و گرنگەکەیە.

ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی بزووتنەوەی گۆڕان لە بەرامبەر ئایین ئاسانە، چونکە بێگومانم ئەوانیش وەک هەموو بزووتنەوەو قەوارەیەکی سیاسیی دیکەی ئەم دونیای ئیسلامە هەڵوێستێکی «عەلمانیانە» لە ئایین دەگرن‌و دەڵێن؛ ئێمە ڕێزمان بۆ ئایین هەیە.. ئایین ناسنامەی میللەتەکەمانەو ئێمەش ڕێزی لێدەگرین‌و ئێمەش موسوڵمانین‌و هتد.. ئەمەش ئەو وەڵامە تەقلیدییەیە، کە هەموو جموجوڵ‌و پارتێکی سیاسیی، جگەلە پارتە ئیسلامییەکان، لەم خۆرهەڵاتەدا لە بەرامبەر ئایین هەیانە.

هەرئەم هەڵوێستە ناجدییەشە، کە دواجار هیچ کام لەو پارتانە ناتوانن خۆیان لەژێر فشارو تەوژمی ئاییندا ڕاگرن‌و دەبنەوە بە «دینیی»، بەڵام بەمانا تەقلیدییە سلبییەکە، نەک بەمانایەکی ڕادیکاڵانەی پۆزەتیڤانە.

**ڕۆژنامە: بەڵام ئایا ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان بیەوێت سوود لە ئایین وەربگرێت بۆ هێنانەدی ئامانجە باڵاکانی خۆی وەک عەدالەتی کۆمەڵایەتی‌و یەکسانیی‌و ئازادیی‌و ژیانی چوونیەک، ئایا ئەوە کارێکی گونجاو دەبێت، ئایا هیچ ڕێگەیەک هەیە بۆ ئەمە؟**

*بە بۆچوونی من؛ ئـەوە نـەک هەر گونجاوەو شیاوی کردنە، بەڵکو پێویستیشەو شایانی کردنە، چونکە ئایین دەتوانێت پاڵپشتێکی بەهێزبێت بۆ بەدیهێنانی ئەو چەمکانە، ئایین لە کۆمەڵی ئێمەدا دەتوانێت هێزێکی دیکە ببەخشێتە ئەو چەمکانە.. بەڵام ئێمە کە وادەڵێین نابێت ئەوەش لەبیرکەین کە پێچەوانەکەی ئەمەش ڕاستە، واتە دەتوانرێت بەپێچەوانەی مەبەستی سەرەکیی خۆی، ئایین بۆ مەرامی ئیستیبدادییش بەکاربهێنرێت، واتە ئەمە دەمێنێتەوە سەر شرۆڤەی کۆمەڵگەکان بۆ ئایین، شرۆڤەیەک هەیە ئایین وەک چەمکێکی شۆڕشگێڕانە نیشاندەدات، شرۆڤەیەکی دیکەش هەیە ئایین پاسیڤانە پراکتیزە دەکات.

**ڕۆژنامە: کەواتە پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، ئایا ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان بیەوێت شرۆڤەیەک لە ئایین وەربگرێت‌و لەناو گوتارو ئیشکردنی خۆیدا تەوزیفی بکات، ئەو شرۆڤەیە چۆن سروشتێکی هەیە؟**

*من نازانم ڕێبەرەکانی بزووتنەوەی گۆڕان ئەمەیان دەوێت، یان نا، یاخود ئەوان پێیانوایە؛ گرنگە ئایین بەشێوەیەک لە شێوەکان لەناو ئەم بزووتنەوەیەدا ڕۆڵـی هەبێت، یان نا، بەڵام پێموایە؛ بزووتنەوەی گۆڕان دەتوانێت شرۆڤەیەکی چەپی پرۆتستانتی لە ئایین بۆخۆی بپچڕێت‌و لە بەدیهێنانی ئەو ئامانجە باڵایانەی تۆ لە پرسیارەکەتدا ئاماژەت پێکرد تەوزیفی بکات، ئەگەر ڕای من لەم بوارەدا وەربگیرێت، پێموایە؛ گرنگە بۆ بزووتنەوەی گـۆڕان سـوود لە ئایین وەربگرێت‌و ئەو نەهجە ئایینییەش لەسەرەوە ناوم هێنا، میتۆدی (چەپی ئایینی) گونجاوە بۆ بزووتنەوەکەو گونجاویشە بۆ قۆناغە سیاسیی‌و کۆمەڵایەتییەکەی ئێمە... چونکە لەبەرامبەردا پێموانییە؛ دەسـەڵات، ئایینی بۆ مەرامی خۆی ئیستیغلال نەکردبێت! یان ئیستیبدات سوودی لێوەرنەگرتبێت لە شرۆڤە سلبییەکان بۆ ئایین، بەداخەوە دەسەڵاتی ئێمە وەک زۆرشوێنی دیکەی خۆرهەڵات بەشێوەیەکی خراپ ئیستیغلالی ئایین دەکات بۆ ئیستیبداد، هەربۆیە پێموایە؛ دەبێت هێزە بەرهەڵستکارە سیاسییەکان، ئایین بەکاربهێنن بۆ ئازادیی‌و سەروەریی تاک‌و کۆمەڵ.

ئـەو شـرۆڤـە چـەپـەی باسمکرد شرۆڤەیەکی شۆڕشگێڕانەیە، کە زیاتر لە ڕۆحی ئایینەوە نزیکە، تا لە فۆرمی ئایینەوە، لە ناوەڕۆک‌و ئامانجەکانییەوە نزیکترە، تا لە ڕووکەش‌و فیقهەکەی.

ئەو شرۆڤە باوەی ئایینیش، کە پێموایە؛ دەسـەڵات ناو بەناو ئیستیغلالی کردووە، شرۆڤەیەکی ئەرستۆکراتیانەی موحافیزکارە، کە تەفسیری ئایین بەشێوەیەک دەکات لە بەرژەوەندیی بارودۆخی چەقبەستوو بێت، نەک بەشێوەیەک کە ئەو بارودۆخە بگۆڕێت‌و جێگۆڕکێ بە بەرژەوەندییەکان بکات.

خوالێخۆش بوو د.عەلی شەریعەتی، یەکەم کەس بوو کە سوودی لە میتۆدی چەپ بینی بۆ تەفسیرکردنی ئایین، بە شێوەیەکی شۆڕشگێڕانە.. دواتریش ئینقیلابی ئیسلامیی ئێران سوودێکی گەورەی لەم مەنهەجییەتە بینی بۆ دروستکردنی ئینقیلابەکەی ئێران لە دژی محەمەد ڕەزا شا لە (١٩٧٩).

**ڕۆژنامە: ئاماژەت بەوەکرد دەتوانرێت دیوی ئەخلاقیانەی ئایین لەناو میتۆدو ئیشکردنی بزووتنەوەی گۆڕاندا تەوزیف بکرێت‌و سوودی لێببینرێتە دەپرسین شێوەی ئەو تەوزیفکردنە بە چ شێوەیەکە؟**

* ئەمە لایەنێکی گرنگی گفتوگۆی نێوان ئایین‌و بزووتنەوەی گۆڕانە، پێموایە؛ لەم ڕەووەوە ئایین دەتوانێت خزمەتێکی گەورە بەو بزووتنەوەیە بکات‌و هەنگاوێکی نەوعی گەورە دەیباتە پێشەوە.

هەندێکجار گوێم لە لێدوانی ڕەسمیی هەندێک لە سەرکردەکانی گـۆڕان بووە، کە دەڵێن: «لای ئێمە ئیمتیازات نییە» ئەمە قسەیەکی زۆر چاکە، بەڵام زۆر گەورەشە، جێبەجێکردن‌و بەرجەستەبوونی لە هەر هێزێکدا جیاوازییەکی پۆزەتیڤی پێدەبەخشێت لە بەرامبەر هێزەکانی دیکە، چونکە حاڵی حازر هیچ هێزێک لەکوردستاندا نییە تووشی نەخۆشیی ئیمتیازات نەبووبێت، یان توانیبێتی بەسەر ئەم گرفتەدا زاڵ بووبێت، پاراستنی گۆڕان لە نەخۆشیی ئیمتیازات دەبێت بەهەند وەربگیرێت لەلایەن سەرکردەکانییەوە، چونکە ئەوە یەکێکە لەو خاڵە جەوهەرییانەی کە گـۆڕان دەتوانێت بەهۆیەوە خۆی لە هێزەکانی دیکە جیابکاتەوە، بـەڵام ئایا بزووتنەوەی گۆڕان چۆن دەتوانێت خۆی لەمە ڕزگار بکات، ئەمە پێویستی بە ئیشکردنە، پێویستی بە پەروەردەیە، بوونی «گوتارێکی ئایینیی» لەناو گۆڕاندا دەتوانێت خزمەت بەم لایەنە بکات، بەتایبەت کە گۆڕان لەسەر بنەمای لەناوبردنی گەندەڵیی‌و جێبەجێکردنی عەدالەت‌و لەناوبردنی بارودۆخی فاسدی ئیداریی دروستبووە.

پێموایە؛ گوتاری ئەخلاقی ئایین گرنگە بۆ «بزووتنەوەی گۆڕان» تا گۆڕین لە دروشم‌و حەماسەتەوە بگوازێتەوە بۆ کردارو حاڵەت‌و سلوک، تا گۆڕانخوازیی لە شیعارێکی سیاسییەوە، بکات بە بـاوەڕو هەستێکی بەرپرسیارانە، کە وەک ئەرکی سەرشان تەماشا بکرێت، نەک وەک دروشم.

بزووتنەوەی گـۆڕان بۆئەوەی ببێتە هێزێکی نوێ‌و جیاواز، لەپاڵ هەموو ئەو خاڵە سیستماتیکیانەی لە تەوەرەکانی پێشتردا ئاماژەیان بۆکراوە، پێویستی بەکۆمەڵێک نۆرم‌و بەهای ئەخلاقی ناوەکیش هەیە، ئەوجا دەتوانێت وەک هێزێکی جیاواز دەربکەوێت، ئەو نۆرمانە خۆیان لە (تەوازوع، ڕاستگۆیی، خۆنەویستی، هەستکردن بە بەرپرسیارێتی، جوامێریی، لێبوردن ..حەقخوازی)و کۆمەڵێکی دیکە لەم بەهایانە دەبیننەوە.

دیارە من مەبەستم ئەوە نییە ئەو نۆرمانە لەناو ئەم بزووتنەوەیەدا نین، بەڵکو کەم تازۆر ئەو نۆرمانە لەناو بزووتنەوەکەدا هەستی پێکراوە، ئەویش لەبەر ئـەوەی لەماوەی ڕابردوودا ئەم هێزە تاڕادەیەکی زۆر میللیی‌و عەفەوی بووە، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەم نۆرمانە لەناو ئەم هێزەدا بەخێوبکرێن‌و برەویان پێبدرێت‌و ببنە پرسیاری جدیی، تا ئەوەی گۆڕانی ڕاستەقینە، کە گۆڕانی کەسەکانە، نەک سیستمەکان- دێتەدی، پێشموایە؛ ئەو گوتارە ئایینیەی پێشتر باسمانکرد دەتوانێت لەم بوارەدا ڕۆڵێک ببینێت.

چـونـکـە گـواسـتـنـەوە لـە قۆناغی عەفەوییەت‌و حەماسەتەوە بۆ قۆناغی بونیادنان‌و قاڵبگرتن وەک هێزێکی سیاسیی، کە ئێستا بزووتنەوەی گۆڕان لەو قۆناغەدایە هەندێک لە میسالیەت دەبێت بەژێر تەپوتۆزی واقیعەوە.

**ڕۆژنـامـە: لـەو پەیوەندییەی نێوان گۆڕان‌و ئایین باسمان لە کاریگەریی گوتاری ئایینیی کرد بەسەر گۆڕانەوە، بەڵام ئایا لەو پەیوەندییەدا گوتاری ئایینییش خۆی هیچ کاریگەر نابێت بە گۆڕان؟**

*بێگومان ئەو پەیوەندییە دیالیکتیکییە واتە یەک کار لەیەکدی دەکەن، پێموانییە؛ گوتاری ئایینی باو بتوانێت لەناو گۆڕاندا بژی، تائەوەی کاریگەریی ئایین بگوازێتەوە، بەڵکو ئەو گوتارە ئایینییەی کە لەناو گۆڕاندا دەتوانێت بژی، گوتارێکی ڕیفۆرمکراوە، گوتارێکە بەتونێلی ڕیفۆرمدا کەم تازۆر تێپەڕی کردووە، ئەو گوتارە ئایینییەی لەناو گۆڕاندا دەشێ جێی خۆی بکاتەوەو بژی دەبێت جیاوازبێت لەو گوتارەی لەناو پارتە ئیسلامییەکانی وەک یەکگرتوو، یان کۆمەڵ، یان بزووتنەوەی ئیسلامیدا هەیە، هەروەک جیاوازیش دەبێت لـەو گوتارە سلبی‌و پاسیڤەی یەکێتی‌و پارتی ئیستیغلالیان کـردووە، بەڵکو گوتارێکە لە گۆڕان خۆی دەچێت، واتە پێویستە لە خۆی بچێت، پێشتر ناومان لێنا گوتارێکی چەپی پرۆتستانتی.

بزووتنەوەی گۆڕان لەوانەیە نەتوانێت فۆرم‌و ڕووکەشی ئیسلام لەخۆیدا بەرجەستە بکات، بەڵام ئەگەربیەوێت دەتوانێت دروشم‌و ناوەڕۆکی ئەو ئایینە لەخۆیدا بەرجەستە بکات، ڕێک بەپێچەوانەی یەکێتی‌و پارتییەوە، کە ئـەوان ڕووکەشی ئیسلام ئیستیغلال دەکەن‌و ناوەڕۆکەکەی تیرۆر دەکەن، هەر ئەمەشە وایکردووە ئیسلامییەکان زیاتر لە گۆڕانەوە نزیکبن، وەک لە یەکێتی‌و پارتی.



> **ئیسلامییەکانی ناو گۆڕان ئاینیان کرد بەگژ گەندەڵیەکانی دەسەڵاتداو کردیان بە پاڵپشتی دروشمەکانی گۆڕان**

# بزووتنەوەی گۆڕان دەبێ

هەڵبژاردنی (٢٠٠٩/٧/٢٥)ی پەرلەمانی کوردستان پێکهاتەی سیاسیی کوردی گۆڕی. بەدرێژایی (١٨) ساڵ ئەزموونی حوکمرانی هەرێم، هاتنەکایەو دروستبوونی هێزی سێیەم بە فاکتەری رزگاربوونی دۆخە سیاسییە چەقبەستووەکەی کوردستان دەزانرا، بەڵام ئێستا نەک هەرهێزی سێیەم دروستبووە، بەڵکو پێدەچێت بە هاتنەکایەی هێزێکی نوێ بەناوی (بزووتنەوەی گۆڕان)، ریزبەندیی هێزی دووەمیشی گرتبێت.
هەرچەندە بزووتنەوەی گۆڕان تائێستا بەشێوازێکی جەماوەریی‌و نارێکخراو (عەفەوی) کاردەکات‌و چوارچێوەیەکی روون‌و دیاریکراوی نییە، بەڵام ئەم بزووتنەوەیە توانی دوو هەڵبژاردنی گرنگی پەرلەمانی کوردستان‌و عێراق تێپەڕێنێت‌و لە ئەزموونی حوکمرانی هەرێمدا واقیعی بەرهەڵستکاریی (ئۆپۆزسیۆنبوون) بچەسپێنێت، بەبێ ئەوەی ئەم هێزە ستراکچەرێکی ڕێکخراوەیی دیاریکراوی هەبێت.
بزووتنەوەی گۆڕان لەماوەی دروستبوونیدا تائێستا چەند هەنگاوێکی گەورەی لە گۆڕەپانی سیاسیدا هاویشتووەو چووەتە پێشەوە، ئێستا ئەم بزووتنەوەیە پێویستی بە خۆڕێکخستنەوە هەیە.
* ئایا چی بکرێت بۆئەوەی ئەم بزووتنەوەیە بەشێوەیەکی مۆدێرن ئۆرگانیزە بکرێت؟ * گۆڕان بۆئەوەی فۆرمێکی مۆدێرن، جا لەشێوەی قەوارەی سیاسیدا بێت یاخود حیزبی سیاسیی، پێویستە چی بکات؟
* ئایا گۆڕان تەنیا بۆ وێستگەیەکی کایەی سیاسیی‌و حوکمرانی هەرێم پێویستبوو یان پێویستە ئەم بزووتنەوەیە بەهەمان شێوە دروستەکەی بەردەوامیی بە هەوڵی گۆڕین لە سیستەم‌و عەقڵی رامیاریی‌و حوکمڕانیی بدات بە رێگەی ململانێی سیاسیی‌و دیموکراسی‌و هەڵبژاردن؟.* ئایا لەکاتی ئۆرگانیزەکردنیدا، چی بکرێت بۆ ئەوەی گۆڕان نەبێتە حیزبێکی ستالینیی؟
* ئەم هێزە کە ئێستا بووە بە دیفاکتۆو نکوڵی لە کاریگەربوونی ناکرێت، پێویستە لێرە بەدواوە چۆن کاریگەرتر ماستەرپلانی خۆی بەمەبەستی دیاریکردنی ستراتیژی کارکردنی رەنگرێژ بکات؟
کردنەوەی ئەم تەوەرە بە ئامانجی بەرەوپێشبردنی پرۆسەی سیاسیی‌و دیموکراسییەتە لە هەرێمی کوردستان‌و عێراقداو دروستبوونی هێزێکی سیاسیی مۆدێرنە، کە خزمەت بە دیموکراسییەت‌و حیزبایەتییەکی مۆدێرن‌و دەستاودەستکردنی دەسەڵات بکات، نەک بەرژەوەندیی تەسکی حیزبیی.

**ئامادەکردنی تەوەر: سیروان رەشید**

# هاوڵاتییان رەخنە لە سستیی کارکردنی گۆڕان دەگرن

**راپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان**

بزووتنەوەی گۆڕان دوو هەڵبژاردنی تێپەڕاندووەو (٣٣) کورسیی لە پەرلەمانی کوردستان‌و عێراقدا بەدەستهێناوە، بەڵام چاودێران دەڵێن: تائێستا رەوڕەوەی کارکردنی سستەو شەقامی کوردی پێیانوایە، پێویستە گۆڕان واز لەو خاوو خلیچکییە بهێنێت‌و هەنگاوی جدییتر بگرێتەبەر.

لەئێستاشدا کە لیستەکە بووەتە بزووتنەوەیەکی جەماوەریی‌و داوای مۆڵەتی کارکردنی وەک رێکخراوێکی سیاسیی لە حکومەتی هەرێم کردووە، بە وتەی هاوڵاتییان‌و سیاسییەکانی کوردستان، چەند لایەنێک هەن کە ئەو بزووتنەوەیە بەهەڵە دەستی بۆ بردوون، ئەمە جگە لەوەی کارەکانی ئەو بزووتنەوەیە بەساردوسڕیی بەڕێوەدەچن‌و خاوو خلیچکییان پێوەدیارە، لەکاتێکدا پێویستە ئەو بزووتنەوە جەماوەرییە گرنگییەکی زیاتر بداتە خۆی‌و سەرکردەکانی زۆرتر لەناو خەڵکدابن.

## «گۆڕان، وەک پێویست بەدەم بانگەوازەکانی خۆیەوە نەچووە»

هەرچەندە بزووتنەوەی گۆڕان دیاردەیەکی نوێیە لەسەر گۆڕەپانی سیاسیی هەرێمی کوردستان‌و عێراق‌و کلتووری ئۆپۆزسیۆنبوونی هێنایە سەر گۆڕەپانە سیاسیی‌و کۆمەڵایەتییەکەو توانی (٢٥)کورسی لەپەرلەمانی کوردستان‌و (٨) کورسی لەپەرلەمانی عێراق بەدەستبهێنێت، بەڵام لێرەدا هونەرەکە بریتییە لە راگرتنی ئەم دیاردە نوێیەو هێشتنەوەی وەک خۆی.

عەباس وەلی، مامۆستای ئامادەیی باس لەوە دەکات، کە ئەگەرچی گۆڕان بەشێوەکی گشتیی، بەرنامەی چاکسازیی بۆ سەرجەم لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵگەی کوردی خستەڕوو، بەڵام وەک پێویست نەیتوانی ئەو نارەزایەتییەی کە هەبووەو هەیە لەناو خەڵکدا لەسەر ئەو لایەنانە، ئیستیغلال بکات، بە تێبینی ئەوەش کە تائێستا گۆڕان ئۆپۆزسیۆنە، بەڵام وەک پێویست بەدەم بانگەوازەکانی خۆیەوە نەچووە، ئەو مامۆستایە دەڵێت: «پێویست بوو گۆڕان موخاتەبەی باشترین‌و زۆرترین مامۆستایان بکات، کارێک بکات کە باشترینەکان هەوڵی بەدەستهێنانی دەنگی بۆ بدەن، نەک هەر کەسێک بێت، قسە لەسەر گۆڕان بکات، بۆ لەمەودواش‌و سەرجەم کایەکانی دیکەیش وابێت، بەڵام بەداخەوە، گۆڕان ئەوەندەی چەندێتی مەبەستە، بە ئەندازەیەک چۆنێتی فەرامۆشکردووە».

بەوهۆیەشەوە ڕووندەبێتەوە کە لێرەدا پێویستە لە رووی کۆمەڵناسی‌و سیاسیی‌و سایکۆلۆجییەوە، گۆڕان لیکۆڵینەوەو خوێندنەوەی بۆ کۆمەڵی کوردی هەبێت، بۆ گۆڕانە کۆمەڵایەتی‌و سیاسییەکان، وتەکانی ئەو مامۆستایەش لەکاتێکدایە کە چەسپاندنی ئەو بنەمایانە بە تەنیا ئەرکی سیاسەتمەداران نییە، بەڵکو هی ئەکادیمیست‌و رۆشنبیرانیشە.

به بڕوای د. سالار باسیرە، مامۆستای زانستی سیاسیی لە زانکۆی سلێمانی، کەسانی ناو بزووتنەوەی گۆڕان کەم‌و زۆر رەنگدانەوەی لەسەر بزووتنەوەکە هەبووە، «بەجۆرێک لەبەرئەوەی کە زۆربەی سەرکردەکانی گۆڕان پێشتر لەناو یەکێتیدابوون‌و رابردوویەکیان لەناو ئەو حیزبەدا هەبووە کە ئێستا حکومەتی بەدەستەوەیە، رەنگە پەیوەندی بەچەندایەتی جەماوەری گۆڕانەوە هەبێت، لەکاتێکدا گۆڕان کەسانی دیکەی تێدایە کە زیاتر شایستەی بایەخپێدان بوون‌و بەتوانان، بەڵام پشتگوێخران».



شەقامی کوردی داوای خۆڕێکخستنی گۆڕان دەکات

فۆتۆ: رۆژنامە

لەلایەکی دیکەوە دەنگۆی ئەوەی کە بزووتنەوەکە دەبێتە حیزب، کەم‌و زۆر ساردییەکی بەرامبەر بزووتنەوەکە دروست کرد.

فەرهەنگ عەلی، فەرمانبەر پێیوایە، ئەگەر گۆڕان ببێتە حیزب، لاواز دەبێت‌و هیچ دوورنییە بپوکێتەوە، هەروەک وتی: «دەنگۆی ئەوەی کە بزووتنەوە جەماوەرییەکە دەبێتە حیزبێکی سیاسیی، زۆرێک لە خەڵکی تووشی ئەو گومانە کرد کە گۆڕانیش ببێتە حیزبێک‌و ئیدی هەموو خزمەت‌و پڕۆژەکانی بە تەزکیەو تەنیا بۆ خەڵکانی خۆی بێت‌و کۆمەڵێک خەڵک دەستی بەسەردا بگرن‌و حیزبێکی دیکەی کوردییانە دروست بکەن، بەمەش لەو پەیامە راستەی خۆی دووركەوێتەوە کە بۆ هەڵبژاردنەکان کاری لەسەرکردووە».

## گۆڕان جیاوازە

بەشێکی زۆری ئەو کەسانەی کە دەنگیان بە گۆڕان نەدا، بۆچوونی ئەوەیان لا دروست بووبوو کە گۆڕانیش هەروەک یەکێتی‌و پارتی حیزبێکەو تەنیا کار بۆ ئەو بەرنامەیە دەکات کە سەرکردەکانی پێیان باشەو گوێ بەنارەزایی خەڵک نادات، بەڵام بە بڕوای چاودێرانی سیاسیی، ئەوە راست نییەو ئەو جیاوازییانەی کە لەنێوان گۆڕان‌و دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی هەرێمدا هەن بۆ رای گشتی ڕووندەکەنەوە.

عەبدولڕەحمان سدیق دەڵێت: «ئەوەی گۆڕان لەیەکێتی‌و پارتی جیادەکاتەوە، ئەوەیە، کە گۆڕان بزووتنەوەیەکی جەماوەریی دەنگە نارازییەکانە، گوتاری هەیە نەک هێزی سەربازیی، بزووتنەوەیەکە زیاتر مۆرکی رۆشنبیریی پێوە دیارە هەتا سیاسیی، ئەمە جگەلەوەی کە تێزێکی فیکرییە زیاتر لەمەیدانیبوون، خەڵکانێکی هەیە کە زیاتر ئەوە دەزانن چییان ناوێت، نەک ئەوەی بە وردی چییان دەوێت».

هاوکات د. سالار باسیرە پێیوایە، راستە جەماوەر لە گۆڕاندا بووەو ئەوەش جیاوازییەکی لەگەڵ پارتەکانی دیکەدا بۆ دروستکردووە، «بەڵام هێزێکی وانەبووە کە توانیبێتی ئەو گۆڕانە جەماوەرییە لەحاڵەتیکی عەفەوییەوە بخاتە حاڵەتیکی رێکخراوەیی‌و گیان‌و رۆحی شۆڕشگێڕانەو بەرنامەی بکات بەبەردا».

دەشڵێت «تا رادەیەکی زۆر، گۆڕان بەسەر حازریدا هاتووە، بەڵام ئەگەر خۆی تووشی بارودۆخی چەقبەستویی بکات‌و ئایدیای نوێی پێ نەمێنێت، لەوانەیە وای لێبێت کە مرۆڤ باس لە بوونی دوو یەکێتی بکات، یەکێکیان خراپ‌و ئەوەی دیکەیان زۆر خراپ، بەڵام پێویستە ئەوەی کە گۆڕان لە یەکێتی‌و لەپارتی جودا بکاتەوە، بەرنامەکەی بێت کە بە فەلسەفە سیاسیی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابوورییەکەی‌و بەکەمکردنەوەی ئەو بۆشاییەی لەنێوان گەنجان‌و دەسەڵاتدا هەیە دەوڵەمەندبێت».

## گۆڕان چی بکات؟

ئەگەر حیزبی سیاسیی بریتی بێت لە کۆمەڵە خەڵکێکی خۆڕێکخستوو، کە بەمیکانیزمە دیموکراتییەکان کاردەکەن بۆ گەیشتن بە دەسەڵات بە مەبەستی جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی سیاسیی، ئەوا لێرەوە پێویستە گۆڕانیش هەنگاوەکانی جدییتر بکات‌و هەوڵی زیاتر بخاتەگەڕ.

بە بڕوای سەرۆکی سەنتەری پرد بۆ توێژینەوە، گۆڕان پێویستی بەخۆڕێکخستن هەیە، نەک کۆکردنەوە، پێویستی بەناسینی گشت میکانیزمە دیموکراتییەکان هەیە، نەک تەنیا چوونە هەڵبژاردن، پێویستی بەدووبارە پێناسکردنەوەی چەمکی دەسەڵات هەیە، نەک بەردەوامبوون لەسەر ئەو چەمکەی کە هەبووەو هەیەتی، پێویستی بە بەرنامەیەکی سیاسیی هەیە، نەک تەنیا بەرنامەی هەڵبژاردن.

بۆ سەرکەوتنی بزووتنەوەکەش، عەبدولڕەحمان سدیق دەڵێت: «دەبێت گۆڕان پەیڕەو و پرۆگرامێکی نوێی حیزبایەتی وەرگیراو لەئەزموونە سەرکەوتووەکانی وڵاتانی دیموکراسییەوە پیادەبکات‌و دووربکەوێتەوە لەناوچەگەرێتی‌و کار بۆ یەک توێژکردن، حیزبێکی خاوەن بەرنامە بێت، نەک ئایدیۆلۆژیا، کەسەکانی، سیمبوڵەکانی، خاوەن بیری روناک‌و گوفتاری پاک‌و کرداری چاک بن».

بەهۆی ئەوەی کە زۆرینەی خەڵکی رۆشنبیرو مامۆستایانی زانکۆو گەنجانی خاوەن بڕوانامە لەدەوری گۆڕان کۆبوونەتەوە، بە بڕوای سالار باسیرە، پێویست بەگرنگیدانێکی تایبەت بەو توێژە دەکات.

هەروەک وتی: «بایەخدان بە ئەکادیمیستە باشەکان، پێویستییەکی سیاسییەو دەبێت بەردەوام تەکنۆکراتی بیرکردنەوە، بەشێک بێت لە فەلسەفەی سیاسیی بزووتنەوەی گۆڕان، بەڵام بەتەنیا پشت بەستن بەم لایەنەو رەچاونەکردنی چین‌و توێژە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەیش بەهەڵە دەبینم».

هاوکات بە بڕوای ئەو مامۆستایەی زانکۆ، گۆڕان پێویستی بەچەند پڕۆژەیەکە کە ئەنجامیان بدات، وتی: «پێویستە گۆڕان هەندێک پرۆژە ئەنجام بدات کە دەسەڵات ئەنجامی نەداون، بۆ نموونە دەستپێشخەریکردن لە دروستکردنی پڕۆژەی ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان».

لێرەشەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەگەر ئەو بزووتنەوەیەو سەرکردەکانی نەتوانن لەچوار ساڵی ئایندەدا رۆحیکی زیندوو بدەنە بزووتنەوەکە، ئەوا جەماوەر نەک هەر بڕوای بە سیاسیەت‌و سیستمی سیاسیی کەمدەبێتەوە، بەڵکو لەوانەیە داخی حیزبەکانی دیکەو دەسەڵاتیش بە گۆڕان بڕێژێت.

# پرۆگرامی ناوەکیی ئێران‌و دواچانسی رزگاربوون لە سزا

**راپۆرتی: رۆژنامە**



ئێران، ئەو وڵاتەی خاوەنی پرۆگرامێکی ئەکتیڤی ناوەکییە، تووشی فشارێکی نێودەوڵەتی چڕوپڕ دەبێتەوە، زۆرێک بڕوایان وایە کە جگە لە ئامانجە دیارەکانی بەرهەمهێنانی وزەی ئەتۆم، پرۆگرامی دروستکردنی چەکی ئەتۆمییش بە نهێنیی لەو وڵاتەدا بەڕێوەدەچێت، ئەم سیناریۆیەی گوزارشت لە ئێستای ئێران دەکات، هەمان سیناریۆی بەرازیلی حەفتاو هەشتاکان بوو، بەڵام ئەم وڵاتە دواتر ئامادەبوو خۆبەخشانە واز لە پرۆگرامی ناوەکیی خۆی بێنێت، ئێستا ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لە هەوڵی ئەوەدایە لە خولی چوارەمی سەپاندنی سزا بەسەر ئێراندا، ئەندامە هەمیشەییەکانی ئەنجومەنی ئاسایش رازی بکات، بەڵام ئەندامێکی ناهەمیشەیی کە بەرازیلە، دەنگێکی ناڕازییە بەمە.

## دوا چانسی تاران بۆ رزگاربوون لە سزا

هەر بۆ ئەوەی بەرگریی لە کەیسی ناڕازیبوونی بەرامبەر سەپاندنی سزای زیاتر بەسەر ئێراندا بکات، سیلڤیۆ دا لولا، سەرۆکی بەرازیل، گەیشتە مۆسکۆ، دواتر لە پانزەی ئەم مانگەدا گەیشتە تاران‌و لەگەڵ مەحمود ئەحمەدی نەژادی سەرۆکی ئێران کۆبووەوە، دوای کۆبوونەوەی میدڤیدێڤی سەرۆکی روسیا لەگەڵ لولا، میدڤیدێڤ هیوای خواست کە سەرۆکی بەرازیل لە هەوڵەکەیدا سەرکەوتوو بێت، بەڵام وتیشی: «ئەمە رەنگە دوا چانسی دیالۆگ بێت لەسەر ئەو کێشەیە». لەلایەن بەرپرسانی ئەمریکاشەوە هەمان لێدوان دووبارەکرایەوە، بەڵام چین بە هیچ جۆرێک لەگەڵ داخستنی دەرگای دیالۆگ نییە.

ماتیاس سپێکتەر، کە پسپۆڕی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە، پێیوایە؛ لولا پێیوایە سزاکان رێگەخۆشدەکەن بۆ سزای زیاترو لولاش نایەوێت ئەوەی بەسەر عێراق هات بەسەر ئێرانیش بێت، بۆیە پەیامی یەکەمی ئەو بۆ خۆرئاوایەو دەیەوێت میانڕەوتربن‌و کات بەدەستبێنن بۆ گفتوگۆکردن، ئێستا لە گروپی بەناو (٥+١)دا ئەمریکا پشتگیریی فەرەنساو بەریتانیاو ئەڵمانیای بۆ سەپاندنی سزا بەسەر ئێراندا بەدەستهێناوە، بەڵام چین‌و روسیا هێشتاش رەزامەندیی تەواویان دەرنەبڕیوە بەهۆی ئەو بەرژەوەندییە هاوبەشە ئابوورییەی لەگەڵ ئێران هەیانە.

## کامیان میانگیرن، بەرازیل یان تورکیا؟

بەهۆی ئەم هەوڵە دیبلۆماسییەوە، بەرازیل بووەتە یاریزانێکی سەرەکیی سیاسەتی نێودەوڵەتی، ئەوەشمان بیرنەچێت کە بەرازیل تەنیا نییە لە هەوڵە دیبلۆماسییەکانیدا، بەڵکو تورکیاش بەهەمانشێوە کە ئەندامێکی ناهەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشە، هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەی ناوەکیی ئێران بەشێوەیەکی دیبلۆماسیی دەدات، ئەوەی لەم دووانەدا جیاوازە ئەوەیە، کە بەرازیل رابردوویەکی هاوشێوەی ئێرانی هەیە، ئەوەش دوای ئەوەی لە (١٩٧٠)دا بەرازیل بە هاوکاریی ئەڵمانیای خۆرئاوا پرۆگرامێکی چڕوپڕی ناوەکیی دەستپێکرد، بەڵام کەوتە ژێر فشارێکی نێودەوڵەتی بەهێزەوە.

ئاژانسی فارس نیوز رایگەیاند: ئێران رازی بووە بە میانگیریی بەرازیل لە چارەسەرکردنی کێشە ناوەکییەکەیدا، ئەم ئاژانسە دەڵێت: لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ هاوتا ڤەنزویلییەکەی، ئەحمەدی نەژاد رایگەیاند کە رۆڵی بەرازیلی وەک میانگیر لەو کێشەیەدا قبووڵە، هەرچەندە لەسەر کەناڵی ئەی.بی.سی ئەحمەدی نەژاد رایگەیاند: سەرەڕای هەڕەشەی سەربازیی، وڵاتەکەی بەردەوامدەبێت لە بەرهەمهێنانی وزەی ناوەکیی. هیلاری کلینتۆن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، رایگەیاند: پرۆگرامە ناوەکییەکەی ئێران جیهان دەخاتە بەر مەترسی.

## پرۆپۆزەڵە نوێیەکە چی تێدایە؟

ئەوەی کە لەلایەن تورکیاو بەرازیلەوە دەخرێتە بەردەم ئێران، پرۆپۆزەڵێکە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پەیوەندیدار بە کێشەی ناوەکیی ئێرانەوە دایڕشتووە، ئەم پرۆپۆزەڵە ئاماژە بەوە دەکات، کە ئێران دەبێت یۆرانیۆمی کەمپیتێنراوی خۆی بنێرێت بۆ دەرەوە، بەتایبەت بۆ روسیاو تورکیا بۆ گۆڕینی بۆ وزە، پێشترو تورکیا ئامادەیی خۆی دەربڕیبوو بۆ بەکارهێنانی خاکەکەی بۆ گواستنەوەی ئەو یۆرانیۆمە، بەڵام بەهۆی سیاسەتی دوای هەڵبژاردنی ئێرانەوە ئەم بابەتە ناوی نەما، سەردانەکەی رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک وەزیرانی تورکیاو لولا داسیلڤای سەرۆکی بەرازیلیش بۆ تاران، بۆ هەمان مەبەستە، ئەم پرۆپۆزەڵە بۆ پاراستنی ئێرانە لە خولێکی نوێی سەپاندنی سزا بەسەر ئەو وڵاتەدا، هەرچەندە بەرپرسانی ئەمریکا نائومێدن لەوەی کە سزاکان ئامانجی خۆیان بپێکن، ئەمەش مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر ئێران، بەگوێرەی ئاژانسی هەواڵی رۆیتەرز، ئەمریکا زۆر بە گومانە لە ئاکامی هەوڵە دیبلۆماسییەکانی بەرازیل‌و تورکیا، هەربۆیە لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنی هیلاری کلنتۆن لەگەڵ ئەحمەد داود ئۆغلۆ، وەزیری دەرەوەی تورکیا، هیلاری رایگەیاندووە: ئێران جدیی نییە لە گفتوگۆکانداو پرۆگرامەکەی بۆ مەبەستی ئاشتی نییەو پێویستە لە زووترین کاتدا رووبەڕووی سزای نوێ ببێتەوە.

**سوود لە (تایم، رادیۆفری یوروپ، بی.بی.سی، پرێس تیڤی) وەرگیراوە**

# کێشەی دارایی یۆنان، مەترسییە گەورەکەی سەر ئەوروپا

**ئا: شالاو فەتاح**

پایتەختی یۆنان بەم دواییانە رووبەڕووی خۆپیشاندان‌و توندوتیژیی زۆر بووەتەوە، لە سەرەتای ئەم مانگەدا سێ کەس لە خۆپیشاندانێکدا گیانیان لە دەستدا، ئەمەش دوای ئەوەی خۆپیشاندەران ئاگریان بەردایە ئەو بانکەی ئەوان ئیشیان تێدادەکرد، ئەوەش تەنیا خۆپیشاندان نەبوو، بەڵکو هەر دوای ئەوەی یۆنان رووبەڕووی تەنگژەی دارایی بووەوە، چەندین رووبەڕووبوونەوە لەنێوان هاوڵاتییان‌و پۆلیسدا روویداوە، ئەم کێشەیە نەک هەر یۆنانییەکان، بەڵکو زۆرێک لە وڵاتانی جیهانی بەخۆیەوە سەرقاڵکردووەو مەترسیی تەنینەوەی کێشەکە هەیە لە تەواوی ئەوروپادا، هەربۆیە یەکێتیی ئەوروپاو وڵاتانی دی هەوڵی زۆریانداوە کێشەکان چارەسەر بکەن.

## خەڵک بۆچی پرۆتێست دەکات؟

زۆرێک لە خۆپیشاندەران کرێکاری خزمەتگوزاریی گشتین‌و مووچەکانیان لە پارەی باجەوە دێت، ئەوانی دی یۆنانی ئاساییین‌و تووڕەن لەوەی کە تەنگژەی دارایی کاریگەرییان لەسەر دادەنێت، ئەوان دژی پلانی گەڕاندنەوەی ئابووریی یۆنان بۆ ژێر کۆنترۆڵی حکومەت دەوەستنەوە، کە وەستانی پارەدانی کەرتی گشتیی‌و بەرزکردنەوەی باج لەسەر سووتەمەنی‌و بڕینی مووچەی تێدایە.

## بۆچی یۆنان تووشی ئەم کێشەیە بووە؟

ماوەی ساڵانێکە یۆنان پارەیەک خەرجدەکات کە نییەتی، حکومەت سوودی لە دۆخی باشووری ئابووریی بینی بۆ ئەوەی پارەی زۆر قەرزبکات‌و لە کرێکارانی خزمەتگوزاریی‌و گشتیی‌و پڕۆژەی وەک ئۆڵەمپیکی (٢٠٠٤)دا خەرجی بکات، ئەمەش وایکرد کە وڵاتەکە تووشی کورتهێنانی دارایی بکات، حکومەت شکستی هێنا لە ریفۆرمکردنی ئابووریی‌و کەمکردنەوەی خەرجی گشتیی بەتایبەت خەرجی سوپا، کاتێک پەیوەندییان بە زۆنی ئەوروپاوە کرد، دوای ئەوەی ئابووریی جیهان تووشی کێشەبوو یۆنانیش خراپی بەسەرهات، بانکەکان وەک وڵاتێک تێیاندەڕوانی کە ناتوانێت قەرزەکان بداتەوەو لەوانەشە ئیفلاس بکات، هەربۆیە سووی سەر قەرزەکانی یۆنانیان زیاد دەکردو ئەمەش کێشەکەی خراپتر کرد، پلەبەپلە حکومەت وایلێهات داوای یارمەتی بکات. ئێستاش (١١٠) بلیۆن یۆرۆ لە وڵاتانی دیکەی ئەوروپاو سندوقی دراوی نێودەوڵەتی قەرزدەکات، ئەم قەرزانەش بە مەرجی قورس دەدرێن، بۆ نموونە یۆنان بەڵێنیداوە کە کورتهێنانی بودجە چارەسەر بکات، ئەمەش وایکردووە هاوڵاتییان بێنە سەرجادەو توندوتیژیی دروستبێت.



داتا: گرافیک نیوز

## ئەمە چۆن کاریگەریی بۆ سەر وڵاتانی دی دەبێت؟

دوای یۆنان چاوەڕواندەکرێت پورتوگال‌و ئیسپانیا رووبەڕووی هەمان کێشە ببنەوە، ئەوروپا هیواخوازە پلانەکەی بۆ رزگارکردنی یۆنان سەربگرێت‌و پارەکانی سەلامەت بێت، بەڵام ئەمە پشت بەوە دەبەستێت یۆنان تا چەند سەرکەوتووە لە کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکەدا، بەریتانیاش هەرچەندە یۆرۆ بەکارناهێنێت، بەڵام هێشتاش لەژێر کاریگەریدایە، بانکەکانی بەریتانیاش هەندێک لە قەرزپێدانیان بۆ یۆنان‌و پورتوگال‌و ئیسپانیا راگرتووە، چونکە ئەگەر ئەوان ئیفلاس بکەن مانای خوڵقاندنی کێشەی گەورەیە بۆ بانکەکانی بەریتانیا، تەنانەت ئێرلەندەش دوای ئەو سێ وڵاتە کێشەی کورتهێنانی هەیە، بەڵام ئەمە وای لە وەبەرهێنەکانیش کردووە کە متمانەیان بەو وڵاتانە نەمێنێت، کە چاوەڕوانی ئیفلاسی بانکییان لێدەکرێت‌و روویانکردووەتەوە وڵاتانی دی، هەرچەندە یەکێتیی ئەوروپا هەوڵی زۆردەدات کە کێشەی دارایی یۆنان چارەسەر بکات، بەڵام ئەو رێکخراوە ئێستا یۆنان‌و کێشەکەی بە مەترسییەکی گەورە دەزانێت، بەڵام شتێکی باشی بۆ بەریتانیا تێدایە، چونکە ئەگەر بەهای یۆرۆ دابەزێت، مانای وایە بەهای پاوەن (دراوی بەریتانیا) کەمێک زیاد دەکات، ئەمەش لە هەفتەکانی پێشووەوە دەرکەوت پاش ئەوەی بەهای یۆرۆ بەرامبەر پاوەن دابەزی.

## پلانەکەی ئەوروپا بۆ رزگارکردنی یۆنان

یەکێتیی ئەوروپا هەر لە سەرەتاوە ویستوویەتی یۆنان لەو کێشە داراییەی تووشی بووە رزگاربکات، چونکە کێشەی یۆنان وەک پەتایەک وایەو دوورنییە وڵاتانی دیکەی ئەو یەکێتییە بگرێتەوەو دواجار کێشەیەکی گەورە لە ئەوروپاو جیهاندا بخوڵقێنێت، هەربۆیە تەنانەت بەریتانیاش دەیەوێت بەزوویی ئەم کێشەیە چارەسەر بکات، پلانی رزگارکردنی یۆنان پێشترو لە سەرەتای ئەم مانگەدا راگەیەنرا ناتوانێت ناوچەی ئەوروپا سەقامگیر بکاتەوە، دواجار حکومەتی یۆنان‌و سەرانی یەکێتیی ئەوروپاو سندوقی دراوی نێودەوڵەتی واقیعیانە مامەڵە لەگەڵ کێشەی ئابووریی یۆنان دەکەن، ئەمجارە گەشبین نەبوون دەربارەی دۆخی ئابووریی یۆنان‌و دانیان بەوەدا نا، کە دۆخی ئابووریی یۆنان تادێت خراپتر دەبێت.

**سوود لە (بی.بی.سی، ئاسیا تایمز ئۆنلاین، گاردیان‌و نیۆیۆرک تایمز) وەرگیراوە**

# وتەبێژی دەوڵەتی یاسا بۆ ڕۆژنامە:
# «هیچ بەڵێنێکمان بە کورد نەداوە»

**کاروان عومەر**

لە پرسی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراقدا، قسەو باس لەسەر گفتوگۆی نێوان هەردوو لیستی دەوڵەتی یاساو ئیئتیلافی نیشتمانیی لە پاش یەککگرتنیان گواستراوەتەوە بۆ گفتوگۆی ئەو دوولایەنە لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی وەک ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان‌و عێراقییەو بڕیارە بەم نزیکانە شاندی هێزە کوردستانییەکان سەردانی بەغدا بکەن. بۆ ئەو مەبەستە د.حاچم حەسەنی، وتەبێژی لیستی دەوڵەتی یاسا، تایبەت بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «تائێستا نازانین کەی ئەو شاندەی کوردستان سەردانی بەغدا دەکات‌و ئێمە چاوەڕوانی ئەو سەردانەین، کە بەمەبەستی پێکهێنانی حکومەت‌و خستنەڕووی مەرجەکانی کورد بۆ بەشداریکردن لە حکومەتدا دەبێت‌و هیچ مەرجێکی پێش وەختمان نییە بۆ ئەنجامدانی دیالۆگو دانوستان لەگەڵ لایەنی کوردیدا».

ماوەیەکە دەنگۆی دەستپێشخەریی نوری مالیکی هەیە بۆ لایەنی کوردی بەرامبەر بە دەنگدان پێی بۆ بوون بە سەرۆکی حکومەتی عێراقی بەرامبەر بە سازشکردنی لەسەر چەند کەیسێکی هەڵپەسێردراوی نێوان هەولێرو بەغدا، بەتایبەت کێشەی گرێبەستە نەوتییەکان لەئارادایە، بەڵام حاچم حەسەنی بوونی دەستپێشخەریی لەو جۆرە ڕەتدەکاتەوەو دەڵێت: «لیستی دەوڵەتی یاسا بەڵێنی بە لایەنی کوردی نەداوە، کە هەندێک لە کێشەکان چارەسەر بکات بەرامبەر هاوپەیمانێتی لەگەڵیانداو سەرجەم کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان‌و حکومەتی ناوەند ئەگەری چارەسەرکردنی هەیە لە ڕێگای گەڕانەوە بۆ بڕگەکانی دەستوور».

چاوپێکەوتنی نێوان نوری مالیکی، سەرۆکی لیستی دەوڵەتی یاسا، ئەیاد عەلاوی، سەرۆکی لیستی عێراقییە بووەتە جێگەی مشتومڕی ناوەندەکانی ڕاگەیاندن، بەشێوەیەک کە لە دانوستانی نێوان دوو لیستەکەش گەورەترە، بەوپێیەی کە عەلاوی‌و مالیکی هەوڵی بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆک وەزیران دەدەن‌و پێشتریش ناکۆکییان هەبووە لەسەر شێوازی بەڕێوەبردنی حکومەت، سەرچاوە ڕۆژنامەوانییەکانیش ئاماژە بە ئامانجی جیاجیا دەکەن، کە ئەگەر هەیە لە پشت ئەو دانوستانەی نێوان عەلاوی‌و مالیکییەوە

**«لە ئێستادا ئێمە تەنیا پرسە گشتییەکان تاووتوێ دەکەین نەک وردەکاریی دابەشکردنی پۆستەکان، دابەشکردنی پۆستەکان بە هەماهەنگی‌و بە ڕێکەوتن دەبێت لەگەڵ سەرجەم ئەو لایەنانەی کە هەوڵدەدەن بەشداریی لە حکومەتی هاوبەشی نیشتمانیدا بکەن»**

بێت، لەوبارەیەشەوە وتەبێژی لیستی دەوڵەتی یاسا ڕایگەیاند: «هیچ مەرجێکمان دانەناوە بۆ سازکردنی چاوپێکەوتن لەگەڵ عەلاوی، بەڵام هۆکاری دواخستنی ئەو دانیشتنە لەنێوان عەلاوی‌و مالیکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لیستی دەوڵەتی یاسا هەوڵدەدات چاوپێکەوتن‌و دانوستانەکان پاش پەسەندکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بێت، بەمەبەستی ئەوەی چاوپێکەوتن‌و دانوستانەکان لەسەر بنەمای ئەجێندایەکی ڕوون‌و ئاشکرا بێت».

وتەبێژی لیستی دەوڵەتی یاسا ئاشکراشی کرد؛ «مەبەستی لەئەنجامدانی ئەو چاوپێکەوتنە لەگەڵ عەلاویدا، پێکهێنانی حکومەتێکی هاوبەشە کە سەرجەم هێزە سەرەکییەکان بەشداریی تێدا بکەن».

ماوەیەک لەمەوبەر چەند سەرچاوەیەکی هەواڵ ئاماژەیان بە کۆبوونەوەیەکی نهێنیی نێوان نوێنەرانی مالیکی‌و عەلاوی کرد لە عەمانی پایتەختی ئەردەن‌و تیایدا نوێنەرانی مالیکی بەڵێنی ئەوەیان داوە پۆستی سەرۆک کۆمار بدەنە لیستی عێراقییە بە زیادکردنی دەسەڵاتەکانییەوە، بەڵام د.حاچم حەسەنی ئەوەشی ڕەتکردەوە، کە چاوپێکەوتن لەنێوان نوێنەرانی هەردوولادا لە وڵاتی ئەردەن ئەنجامدرابێت، یان کۆبوونەوەیەکی نهێنییان لە دەرەوەی وڵات لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا ئەنجامدابێت.

سەبارەت بە هەنگاوی پێدانی پۆستی سەرۆک کۆماریش بە عەلاوی لەلایەن مالیکییەوە، وتەبێژی لیستی دەوڵەتی یاسا وتی: «ئەو شتە دوورە لە ڕاستییەوەو هیچ بنەمایەکی نییە، چونکە لە ئێستادا ئێمە تەنیا پرسە گشتییەکان تاووتوێ دەکەین نەک وردەکاریی دابەشکردنی پۆستەکان، دابەشکردنی پۆستەکان بە هەماهەنگی‌و بە ڕێکەوتن دەبێت لەگەڵ سەرجەم ئەو لایەنانەی کە هەوڵدەدەن بەشداریی لە حکومەتی هاوبەشی نیشتمانیدا بکەن».



د. حاچم ئەلحەسەنی

# ئاماژەکان بۆئەوە دەچن کورد دەستبەرداری وەزارەتی دەرەوە ببێت
# سوننەو شیعە دەستبەرداری سەرۆک وەزیران نابن

**ڕاپۆرتی: کاروان، دلێر عەبدولخالق**

لایەنی کوردی دەستبەرداری پۆستی وەزارەتی دەرەوە دەبێت‌و کار بۆ یەکێک لە دوو وەزارەتی نەوت‌و دارایی دەکات‌و شیعەو سوننەکانیش بەر لە وەزارەتەکان بیر لە وەرگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیران دەکەنەوە.



کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق

## کورد چاوی لە نەوت‌و داراییە

لە پێکهاتەی حکومەتی پێشووی عێراقدا، جگە لە پۆستی سەرۆک کۆمارو جێگری سەرۆک وەزیران، کورد (٦) وەزارەتی بەدەستەوەبوو، کە تەنیا وەزارەتی دەرەوە بوو، کە لە دابەشکرنی پۆستە سیادییەکاندا بەری کەوتبوو، بەڵام هەموو ئاماژەکان بەرەو ئەوە دەچن کە لەم خولەی حکومەتی عێراقدا، کە چوارساڵ بەردەوامدەبێت، کورد دەستبەرداری پۆستی وەزارەتی دەرەوە بێت بۆ پۆستێکی سیادی دیکە، کە خۆی لە وەزارەتەکانی نەوت یان داراییدا ببینێتەوە.

لەوبارەیەوە نەجیب عەبدوڵڵا، سەرۆکی فراکسیۆنی یەککگرتوو لە ئیئتیلافی لیستە کوردستانییەکان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ڕیزبەندیمان دیاریکردووە بۆ پۆستەکان‌و لە کارنامەی ئیئتیلافەکەشدا ڕوونکراوەتەوە، بە بڕوای ئێمە لەم خولەدا بۆ کورد ئەولەوییەت بۆ پۆستی وەزارەتی دەرەوە نییە، بەتایبەت ئەگەر پۆستی سەرۆک کۆمارمان هەبێت، چونکە ئەو پۆستەش زیاتر عەلاقات‌و تەشریفاتییە، بۆیە بۆ ئەم قۆناغە داواکاریی وەرگرتنی پۆستێکی گرنگی سیادین».

هاوکات پەرلەمانتارێکی دەرچووی گۆڕان ئاماژە بە ڕیزبەندیی ئەو پۆستە وەزارییە سیادییانە دەکات کە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان دیارییانکردووە بۆ وەرگرتنی.

د.لەتیف شێخ مستەفا، ئەندامی هەڵبژێردراوی فراکسیۆنی گۆڕان بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئاشکرایکرد؛ لە کارنامەی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکاندا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە، بۆ وەرگرتنی پۆستی وەزاریی بەپێی ڕیزبەندیی یەکەمجار پێ لەسەر وەرگرتنی وەزارەتی نەوت دابگیرێت، دوای ئەوە وەزارەتی دارایی.

سەرەڕای ئەو لێدوانە، ئەندامەکەی گۆڕان بڕوای وایە؛ کورد پێویستی بە پۆست نییە لە عێراقدا، چونکە وەک خۆی وتی: «جیاوازیی لەنێوان وەزیرێکی عەرەب‌و وەزیرێکی کورددا نییە، لەبەرئەوەی کاری باش بکەیت کەس دەستخۆشیت لێناکات، کارێکی خراپیش بکەیت بێگومان لەسەر کورد حیساب دەکرێت، بۆیە پێویستدەکات قورسایی داواکردنی پۆستەکان بخەیەنە سەر خواستە نەتەوەییەکان، هەرچەندە هەموو لایەنەکانیش سوورن لەسەر ئەوەی کورد پۆست وەربگرێت».

## سوننەو خەونی سەرۆک وەزیران

لە پێکهاتەی حکومەتی پێشووی عێراقدا، جگە لە پۆستی جێگری سەرۆک وەزیران‌و جێگری سەرۆک کۆمارو سەرۆکی پەرلەمان‌و وەزارەتی بەرگریی‌و چەند وەزارەتێکی دیکەی خزمەتگوزاریی بەدەست سوننەکانەوە بوو، کە نوێنەری چەند لایەنێکی سوننی جیاواز بوون‌و ئەوکات پۆستی ئەمنییان بەلاوە گرنگ بوو بۆ ڕێگرتن لە هێرشکردنە سەریان‌و نەهێشتنی هەیبەتی سوننەکان، کە خۆی لە سەرکردایەتی دەزگا ئەمنییەکاندا دەبینێتەوە، بەڵام دەرکەوتنی لیستی عێراقییەو بەدەستهێنانی زۆرترین کورسی پەرلەمان، وایکردووە سوننەکان کە هەوڵی پۆستی سەرۆک وەزیران بدەن‌و پێش هەموو پۆستەکانی دیکەی بخەن.

لەوبارەیەوە کاندیدێکی دەرچووی لیستی عێراقییە ئاماژەی بەوەدا؛ لە ئێستادا لیستەکەیان سەرقاڵی پێکهێنانی حکومەتەو هەتا ئێستا پۆستی وەزیرەکان‌و پۆستەکانی دیکەی تاووتوێ نەکردووە، چونکە ئەو پرسە پاش یەکلاییبوونەوەی پرسی سەرۆکی حکومەت دەبێت، کە تائێستا یەکلایی نەبووەتەوە.

جەمال بەتیخ تایبەت بە ڕۆژنامە، ڕایگەیاند: لیستی عێراقییە لە ئێستادا لە هەوڵی بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆک وەزیراندایە، کە بە مافی خۆی دەزانێت.

## شیعەو پۆستە بەردەوامەکان

لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراق‌و پێکهێنانی حکومەتی نوێوە، شیعەکان توانییان مومارەسەی ئەو خەونە بکەن کە لە مێژووی نوێی عێراقدا لێیان زەوتکرابوو، ئەویش بەدەستهێنانی دەسەڵاتی فیعلییەو توانییان لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا پۆستی سیادی‌و هەستیاری گرنگ وەربگرن، لەوانە پۆستی سەرۆک وەزیران‌و جێگری سەرۆک کۆمارو وەزارەتی ناوخۆو دارایی‌و نەوت، ئێستا شیعەکانیش لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ دووبارەکردنەوەی مێژووی گرتنەدەستی دەسەڵات لە ڕێگەی مسۆگەرکردنی پۆستی سەرۆک وەزیران بۆ جاری سێیەم لەسەر یەک.

عەدنان سەراج، سەرۆکی حیزبی دەعوە، کە مالیکی بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران پاڵاوتووە، تایبەت بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «پرسی دەستنیشانکردنی وەزیرەکان دواخراوە بۆ قۆناغی دانوستانەکان لەنێوان لایەنەکاندا».

شیعەکان لە حکومەتی پێشوودا دوو وەزارەتە تایبەتمەندە داراییەکەی عێراقیان بەدەستەوە بوو، کە ئەوانیش نەوت‌و دارایی بوون‌و چاودێران پێیانوایە؛ دەستبەرداربوونی شیعەکان لەم دوو پۆستە کارێکی ئاسان نییە، ئەمەش لە کاتێکدایە کە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە هەوڵی بەدەستهێنانی یەکێک لەو دوو پۆستە وەزارییەدایە.

سەرۆکی حیزبی دەعوە پێیوایە؛ داواکاریی لایەنی کوردی بۆ وەرگرتنی وەزارەتی نەوت یان دارایی، تەنیا داواکارییەکی تاکلایەنانە بووە، وتیشی: «چونکە وەرگرتنی پۆستی وەزیرەکان پەیوەستە بە دانوستانی نێوان لایەنەکانەوەو تائێستا لایەنی کوردی دانوستانەکانی بەشێوەیەکی فەرمیی دەستپێنەکردووە».

# بازاڕی ئازاد بۆ کێ ئازادەو چۆن ئازاد دەبێ

محەمەد ئەمین گەناوی

لـە ژیـانـی هـاوچـەرخـی ئەمرۆماندا دەستەواژەی بازاڕی ئازاد هەم تێگەیشتنێکی ئابوورییانەو هەم تێگەیشتنێکی سیاسییانەو ئایدیۆلۆژی هەیە.

١- بۆ تێگەیشتنی ئابوورییانە: دەتوانین بڵێین کە لەگەڵ پەرەسەندنی دیـاردەی جیهانگیریی (Globalisation) بۆ هەموو بوارەکانی ژیان، کەمبوونەوەی یان نەمانی سنووری نێوان گەلانو وڵاتانو هەتا تاکەکان لە زۆر شوێنی جیهان بۆ نموونە ئەوروپای خۆرئاواو بەشێکیش لە ئەوروپای خۆرهەڵات، هـەروەهـا کەمبوونەوەی سنوورەکانی گواستنەوەی کاڵاکان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە، هەتا کیشوەرێک بۆ کیشوەرێکی دیکە، بوونی سیستمی بازاڕی ئازاد لە ئابووریدا بە هەموو تێبینییەکەوە بووەتە واقیعێکی بەرچاو، کە ناتوانرێت نکۆڵی لێبکرێت بەبێ جیاوازی شارستانییەکانو فەرهەنگەکانی جیهان.

زۆربەی شارەزایانی ئابووریی جیهانو لایەنگرانی بـازاڕی ئـازاد (ئارگۆمێنتیان) ئەوەیە، کە لە فەزای ئازادی بازاڕدا، تواناو بەهرەو بیرو هەستە داهێنەرانەکانی مرۆڤ ئازاد نەبێت، لەم ئازادییەدا دەتوانرێت کارو پـرۆژەی داهێنەرانە لە ئابووریدا بەرهەم بهێنرێت، تاکەکان دەتوانن کەڵک لە تواناو بەهرەی خۆیان وەربگرن بە بەکارهێنانی لە بوارێکی دیاریکراوی زانستیی، تەکنەلۆژیی یان بازرگانیدا، کە بەهای ئابووریی هەبێتو بەمەش گەشەی ئابووریی دروستدەبێت لە بواری پەیداکردنی شوێنی کارو داهاتی زۆرتر بۆ تاکو دەوڵەت.

ئەمە ئاشکرایەو بەڵگەنەویستە کە تاکەکان بە پاڵنەری ئەوەی کە قازانجو دەستکەوت بۆ خۆیان بەدەستبهێنن، باشترو زیاتر تواناو بەهرەکانیان بەکاردەهێنن بە پێچەوانەی ئەوەی کە لە سیستمێکی بەرنامەداڕێژراودا کاربکەن، کە قازانجو بەهرەی کاریان بۆ خۆیان نەبێت، بۆیە لەم حاڵەدا نە دەتوانن داهێنان بکەنو بەرهەمیان هەبێت بەم ئاستەی کە پێویستە نموونەی سیستمی بـازاڕی ئازادی ئابووریی (free market economy) وەکو ئەزموونێکی سەرکەوتووی ئابووریی لە ئەمریکاو ئەوروپای خۆرئاواو ژاپۆن پیادە دەکرێت، سیستمی ئابووریی داڕێژراو (plan economy) وەکو ئەزموونێکی سەرنەکەوتوو (لـەگـەڵ زۆر تێبینی کە لـێـرەدا بـواری روونکردنەوە نییە)، لە یەکێتیی سۆڤیەتی جارانو وڵاتانی دیکەی بەناو سۆسیالیستی پیادە دەکرا لە ئەوروپای خۆرهەڵاتو وڵاتانی دیکەی سۆسیالیستی لە دنیای سێدا، ئەمڕۆ بەشێوەیەکی گشتیی پیادەکردنی سیستمی بازاڕی ئازادی ئابووریی لەگەڵ دیاردەی جیهانگیریدا لە هەر شوێنێکی دنیادا کەم یان زۆر بووەتە تەنیا سیستمی ئابوورییو جیهانبینیی نوێ بۆ ئابووریی.

٢- لە دیدی سیاسیو ئایدیۆلۆژییەوە، بـازاڕی ئازاد بووەتە پێناسە بۆ سیستمی سیاسیی لیبراڵ-دیموکراتی سەرمایەداریی بە جیاوازی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە، بۆ نموونە ئەو سیستمە سیاسیو ئابوورییەی لە ئەمریکا هەیە جیاوازە لەوەی کە لە ئەوروپا هەیە بە لەبەرچاوگرتنی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتیو ئینسانیو فەرهەنگی، هەتا لە ئەوروپاش لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازە، بۆ نموونە بەریتانیا لەگەڵ وڵاتانی ئەسکەندەناڤیا، هەرچەندە کە هەمووشیان پەیڕەوی بنەماکانی بازاڕی ئازاد دەکەن لە ئابووریدا.

لە جیهانبینی سیاسیی لیبراڵ دیموکراتدا، بازاڕی ئازاد هێمایە بۆ کۆمەڵگەی کراوە، ئازادییو دیموکراتی، ئازادیی بیروباوەڕو قبووڵکردنی جیاوازیی رەگــەز، ئایین، شارستانیو فەرهەنگو هەروەها توانای تەحەمولکردنی (Tolerance) هەموو ئەو شتانەی کە جیاوازن لە دیدو بیرو دنیای تۆ.

بەشێوەیەکی گشتیی بـازاڕی ئـازاد هاوڕێکە لەگەڵ ئازادییە فەردییەکانو میدیای ئازاد، چونکە ئازادییە فەردییەکانو میدیای ئازاد بنەمان بۆ نەهێشتنی ئەو رێگریانەی کە بەربەستن بۆ گەشەو توانای مرۆییو گەشەی ئابووریی، لەمەش گرنگتر ئازادکردنی تاکەکان لە سیستمی ئابووریی دەوڵەتی یـان سیاسییو حیزبیو هەتا میلیشیای دەوڵەتی لە زۆر شوێنی جیهاندا، کە دەبێتە



محەمەد ئەمین گەناوی

تەنیا سەرچاوەی ژیـان، بەمەش تاکەکان بەکاردەهێنرێن بۆ مەرامی سیاسییو هەموو ئیرادەو ئازادییەکیان لێ زەوت دەکرێت، تەنیا لەبەرئەوەی کە شوێنی کاریان مسۆگەر بێت وەکو تەنیا رێگەی بژێویی، بەداخەوە ئەم حاڵە ناسروشتیو ناتەندروستو دواکەوتووە تائێستاش لە زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێ بە کوردستانیشەوە هەر بەردەوامە.

یەکێک لە ئامانجە گرنگەکانی سیاسییو ئایدیۆلۆژی لیبراڵ-دیموکراتی نوێ ئەوەیە، کە تاکەکان ئـازاد بن لە دەوڵــەت، رۆڵی دەوڵـەت کەمبکرێتەوە بۆ نزمترین ئاست لە دەستتێوەردانی بۆ سەر ئازادییەکانو ئابووریی، بەمەش دەتوانرێت رێگریی بکرێت لە سەرهەڵدانو گەشەی دەوڵەتیو تۆتالیتاری، چونکە تەنیا لە ئازادیی زیاتردا هەم تواناکان گەشەو داهێنەر دەبنو لەوێشەوە گەشەی ئابووریی دروستدەبێتو تاکەکان ئازادتر دەبن لەو رێسایانەی کە دەوڵـەت تاکەکان بەخۆی دەبەستێتەوە.

میدیای ئازاد لە بازاڕی ئازاددا بە ئەگەرێکی سەرەکیی دادەنرێت بۆ رووهەڵماڵینی راستیو دادپەروەریی، چونکە لەڕێی میدیای ئازادەوە دەتوانرێت راستی بەڵگەو هەموو جموجوڵێکی ئابووریو سیاسیی ئاشکرا بکرێت، کە ئەمەش بۆ خۆی عەدلە، واتە دۆزینەوەی راستی باشترین دادپەروەرییە.

بوونی بـازاڕی ئـازاد بێ میدیای ئازاد ئەنجامەکەی بوونی سیستمێکی سیاسیی نادادپەروەر، گەندەڵو روونە، چونکە کەس راستییەکان نازانێو کەڵکی تەنیا بۆ نوخبەی سیاسییە، کە دەسەڵاتی سیاسیی بەکاردەهێنن بۆ قۆرغکردنی بازاڕو تاڵانی سامانی گشتیی، ئەم حاڵە زیاتر لە وڵاتانی دنیای سـێ باوەو گەشەی هەیە بەهۆی نەبوونی میدیای ئازاد، دادگـای سەربەخۆو زاڵبوونی عەقڵییەتی خێڵەکیو پاوانخوازیی لە هەموو بوارەکانی ژیانو بێرەحمانە بەکارهێنانی دەسەڵات بۆ بەرژەوەندیی عەقڵییەتی تەسکی ناو دەسەڵات.

گومان نییە کە بـازاڕی ئـازاد لە دنیای هاوچەرخدا تا ئەندازەیەکی زۆر بۆ گەشەی ئابووریی لەسەر ئاستی جیهان سوودبەخش بووە، ئەمە جگە لەوەی بووەتە وەسیلەیەکی کاریگەر بۆ پەیوەندییو تێکەڵاوبوونو لێتێگەیشتنی شارستانیو فەرهەنگەکان، بەڵام بەڕای من ئەم گەشە ئابوورییە کە هاوڕێک نەبێت لەگەڵ رەفاهیەت، هەلی زیاتر بۆ هەرچی زۆرتری ژمارەی دانیشتووان لەهەر وڵاتێک لە جیهان تا کەڵک لە بازاڕی ئازاد وەربگرنو هەروەها بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتیو ژینگە دۆستی، ناتوانرێ دادپـەروەریـیو ئاشتی کۆمەڵایەتی مسۆگەر بکات، لەهەر شوێنێکیش دادپەروەریی ونبوو، ئەوا ئەم شوێنە دەبێتە مەیدانی سەرهەڵدانی نارەزایی، توندوتیژییو هەتا زۆر شتی ناخوازیار.

بـەهـۆی پێشکەوتنی فەرهەنگیو شارستانیوفراوانبوونی بنەماکانی ئابووریو گەشەی ئابووریی لە وڵاتانی خۆرئاوا تا ئەندازەیەکی زۆر بنەماکانی دادپەروەرییو دیموکراسیو لە ئابووریدا رەچـاو کراوە لـەگـەڵ بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتیو ژینگەپارێزیی، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بە بوونی هەموو ئازادییەکانو میدیای ئازادو بوونی دەیانو سەدان رێکخراوی مەدەنی داکۆکیکەر لە مافە ئابووریو سیاسییو مەدەنییەکانی هاوڵاتییان، سوودمەندی گەورە لە بازاڕی ئازاد بۆ ئەوانەیە کە لە چینی سەرمایەدارن،

چونکە بەهۆی بـازاڕی ئـازادەوە دەتوانن بەشێوەیەکی فراوانتر سەرمایەکەیان بەکاربهێنن لە هەر شوێنێک لە جیهانداو کەڵک لە هەموو ئاسانکارییو ئیمتیازاتێکی بازاڕی ئـازاد وەربگرن، ئەگەر بە (٢٠-٣٠) ساڵ لەمەوبەر سەرمایەدارێکی خۆرئاوایی تەنیا لە وڵاتەکەی خۆیدا توانیبێتی سەرمایەکەی بەکاربهێنێت، ئەوا ئەمڕۆ دەتوانێت لەهەر شوێنێکی دنیا سـوود لە سەرمایەکەی ببینێتو سوودێکی گەورەتر بەدەستبهێنێت، بۆ نموونە ئەگەر سەرمایەدارێک لە ئەمریکا یان ئـەوروپـای خۆرئاوا لە وڵاتـی خۆی سەرمایەگوزاریی بکات لە بەرهەمهێنانی کاڵایەکدا، ئەوا تووشی زۆر بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتیو یاسای ژینگەیی دەبێتەوە، ئەوە جگە لەوەی کە دەبێت هەقدەستی تەواو بدات بە کرێکارانو فەرمانبەران لەگەڵ بیمەو باجو گەلێک شتی دیکە، بەڵام ئەگەر هەمان کاڵا لە ئەفریقا، ئاسیا یان ئەمریکای لاتینی بەرهەمبێنێت، ئەوا جگە لەوەی کە پابەند بەهیچ رێسایەکی کۆمەڵایەتیو ژینگەپارێزیی نییە، هەتا ئەگەر هەشبێت زۆر کەمە، لەوێ دەستی کار زۆر هەرزانترە لەچاو دەستی کـاری وڵاتەکەی خۆیان، کەرەسەی خاو هەرزانترەو باجیش کەمترە، لەهەمانکاتدا هەم دەتوانێت کەڵک لە بازاڕی ئەو وڵاتانە وەربگرێت کە کاڵاکەی لـێ بەرهەمدێنێت، بە ساغکردنەوەی بەشێک لە کاڵاکانی لەوێ، هەم کەڵک لە بازاڕی وڵاتی خۆی یان لە ئەمریکاو ئەوروپا وەربگرێت بەوەی کە بە هەرزانترین بەها کاڵایەک لە ئەفریقا یان وڵاتێکی دیکەی دنیای سـێ بەرهەمبێنێت، بە بەهایەکی گران وەکو ئەوەی لە ئەوروپا یان ئەمریکا بەرهەمدێت بفرۆشێت.

ئەمەش وا دەکات بە وتەی چۆمسکی، کە بازاڕی ئازاد ببێتە بەهەشت بۆ سەرمایەداران، چونکە بەڕای چۆمسکی بازاڕی ئازاد تەنیا بۆ ئەوانە ئازادەو بەخێرە کە سەرمایەیان هەیە لە وڵاتانی خۆرئاوا، ئەمە لەکاتێکدایە کە لە وڵاتانی خۆرئاوا، هەروەکو ئاماژەمان پێکرد لە سەرەوە هەموو ئازادییەکی تاک، میدیا، دادگا، داکۆکیکەرانی بەکاربەر، مافی منداڵ، ژن...هەیە. تائێستاش زۆربەی زۆری دامـەزراوە دەوڵەتییەکان کە شوێنی دەیان بەڵگەو سـەدان هــەزار کــارن، بۆ ئەوەی بپارێزرێن لە تەوژمی بازاڕی ئازاد، دەوڵەتان پارێزگارییان لێدەکەن تا نەبنە کەرتی تایبەت بۆ ئەوەی ئایندەی ئابووریو شوێنی کار بۆ هاوڵاتییان مسۆگەر بکەن، ئەمە جگە لە پەرەپێدانی برەودانی پرۆژەی هەرەوەزی، لە ئەمریکا بـۆئـەوەی سیستمی بـازاڕی ئازاد نەبێتە هۆکار بۆ دوو جەمسەرکردنی کۆمەڵگە لە رووی ئابوورییەوە، واتە چینێک لە ئاسمان بێتو چینێک داماوبێت، کە ئەمەش بۆ خۆی دەبێتە هۆکاری تێکچوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتیو سیاسیی.

بۆیە ئێستا لە خۆرئاوا کاری بیرمەندانو شارەزایانی بواری ئابووریو کۆمەڵایەتیو سیاسیی ئەوەیە کە بازاڕی ئازاد، ئازاد بکەن،

**بوونی بازاڕی ئازاد بێ میدیای ئازاد ئەنجامەکەی بوونی سیستمێکی سیاسیی ناداد پەروەر، گەندەڵو روونە**

ئەمەش بە پاراستنی هاوسەنگیی ئابووریی، شوێنی کار، فراوانکردنی بازنەی بەشداریی خەڵک لە دامەزراوە ئابووریو داراییەکان بەهۆی پشکدارکردنی هەرچی زۆری خەڵک لە رێکخراوە داراییو ئابوورییەکانیو کاری هاوبەش (تعاونیات)، هەر لەبەر ئەمەشە کە تەوژمی بـازاڕی ئـازادو جیهانگیریی لە خۆرئاوا زۆر سەخت بەسەر خەڵکدا تێناپەڕێت لەچاو وڵاتانی دیکەی جیهان، بەدەر لەم قەیرانە داراییەی کە لەماوەی ئەم (١-٢) ساڵەی رابردوو خۆرئاوای گرتووە، کە ئەمەش بە دڵنیاییەوە چارەسەری دەکرێت، چونکە ئیرادەی راستەقینەو دەسەڵاتی دڵسۆز لەو وڵاتانەدا بوونی هەیە.

بەڵام هەلومەرجی وڵاتانی جیهانی سێیەم بە لەبەرچاوگرتنی باکگراوندی فەرهەنگیو شارستانیو کۆمەڵایەتیو دەروونـیـی لەچاو وڵاتانی خۆرئاوایی تەواو جیاوازە، بۆیە بازاڕی ئازاد نا هاوڕێکە لەگەڵ بنەما مرۆییو دیموکراتییەکانو ئازادییەکانی دیکەو نەتوانراوە بازاڕی ئازاد ئاراستە بکرێت بۆ ئەو گەشە ئابوورییە کە زۆرترینی خەڵک بەهرەمەندبن لێی.

لەدنیای سێدا، سیستمی بـازاڕی ئازاد تەنیا لایەنە ئابوورییەکەی لەبەرچاو گیراوە بێ لەبەرچاوگرتنی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی، مرۆییو هەتا میللیو نیشتمانیی، بەناوی بازاڕی ئازادەوە هەموو دامەزراوە ئابوورییەکانی دەوڵەتی وەکو کارخانەو کێڵگەو زەویو زارو عەقاریان لەلایەن نوخبەی سیاسییو دەسـەڵاتـەوە تاڵان دەکرێت، بـازاڕی بازرگانی قۆرغدەکرێت، ئەمەش وایکردووە کە کۆمەڵ بکاتە دووبەش، بەشێک لە دەوڵەمەندی مشەخۆری بێبەرهەمو بەشی هـەژارو نەمانی چینی ناوەڕاست، ئەمەش بۆخۆی گەورەترین هەڕەشەیە لەهەر وڵاتێک کە چینی ناوەڕاست بەرەو نەمان بڕوات، چونکە تا چینی ناوەڕاست فراوانترو سەقامگیرتر بێت، لەم وڵاتەدا ئاشتیو تەبایی زیاتر بەرقەرار دەبێتو بەپێچەوانەشەوە هەر راستە.

بەشێوەیەکی گشتیی لە وڵاتانی جیهانی سـێیەم مـرۆڤـەکـان بوونەتە ئـامـرازی ئیستیهلاکی بۆ ساغکردنەوەی هەر جۆرە کاڵایەکو هەم ئامرازو کەرەسەی سەرەتاییو خاو بۆ بەرهەمهێنان تا ئەندازەی ئەوەی کە پێیدەوترێت بەهای مرۆڤبوونو ئەخلاقبوونی نییە لە هەڵسوکەوت لە گەڵیان.

بۆ ئازادکردنی مرۆڤەکان لە وڵاتانی جیهانی سێیەم لە خـراپ بەکارهێنانی تێگەیشتنی بازاڕی ئازادو دەسەڵاتدارانی گەندەڵو بە تەماع، دەبێت زۆرینەی تاکەکان ئەگەر هەمووشیان نا، بەجۆرێک لە جۆرەکان چالاکو بەشدار بکرێن لەژیانو چالاکیو گـەشـەی ئـابـووریـیو بەهرەمەندبن لە سوودەکانی ئابووریی لە وڵاتدا بەمجۆرەی خوارەوە:

١-بەشداریکردن ئازاد بێت لە ژیانی بازاڕو بازرگانیی بێ بەربەستو دەوڵـەت دەبێت هاوکاریی چینو توێژەکانی گەل بکات تا لە بواری جیاجیادا (سەهم) بدات بە هاوڵاتییان بەتایبەتی لە کەرتی وزە (Energy)و خۆراک (Food)و پەیوەندیدا (Comunication)، چونکە ئەم سێ کەرتە گرنگترین کایەی ئابوورین، کە رۆژانە بەکاردێنو گەورەترین سەرمایە لەخۆدەگرن.

بۆ ئـەوەی دادپـەروەریـی لە ئابووریدا هەبێت، پێویستە هەرچی زۆرتری خەڵک لەم سێ کەرتەدا بەشداربنو بە یاسا بسەپێنرێت، کە دەبێت خاوەنداریەتی ئەم کەرتە ئابوورییانە کە داهاتیان زۆرەو رۆژانەیە دەبێت (سەهم) بن بۆ هەرچی زۆرتـری هاوڵاتییان نەک مۆنۆپۆڵ بکرێت بۆ چەند کەسی دیاریکراو.

٢-پـەرەپـێـدانـی پـرۆژەی تەعاونی (Cooperative) لە کەرتی کشتوکاڵو پیشەسازییوخزمەتگوزارییونیشتەجێبووندا تا بتوانرێت زۆرترینی خەڵک هەم بەرهەمهێن بێت، هەم بەشدار بێت (مساهم) لە قازانجدا، بەمەش دەتوانرێت ژیانێکی خۆشگوزەران بۆ زۆرتـریـن خەڵک فـەراهـەم بکرێت لە بواری تەندروستی، پـەروەردەو خوێندن، خزمەتگوزارییو فەرهەنگیدا، ئەمەش تەنیا رێگەیە تا بازاڕی ئازاد بۆ هەمووان ئازاد بێت، ئـازاد بکرێت لە خراپ لێگەیشتنیو مۆنۆپۆڵکردنی، بەم هیوایە ئەمە ببێتە هیواو خەباتی هەمووان بۆ فەراهەمکردنی دنیایەکی دادپەروەرانە لە ئابووریدا.



# ناوچە ئابوورییە ئازادەکان، چی لە ئابووریی هەرێم دەگۆڕن

**ڕاپۆرتی: دلێر عەبدولخالق**



ئایا ناوچەی ئابووریی ئازاد کاریگەریی لەسەر باری ئابووریی هەرێم دەبێت؟

دوای (٦) ساڵ لە بوونی بیرۆکەی بونیادنانی ناوچەی ئابووریی ئازاد لە سلێمانی، پرۆژەکە دەگاتە قۆناغی ئیعلانکردن، جگەلەو ناوچەیەش دەستەی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێم لە هەوڵی دروستکردنی سێ ناوچەی دیکەدایە لە زاخۆو ناوچە سنوورییەکانی باشماخو حاجی ئۆمەران.

پسپۆڕێکی ئابووریش هەبوونی ئەو ناوچانە بۆ کاراکردنی جموجۆڵی بازرگانی بە گرنگ بۆ هەرێم وەسفدەکات‌و رایدەگەیێنێت: «ئەو جۆرە بازاڕانە پێویستیان بە یاسای تایبەت بە ناوچە ئازادکراوەکان دەبێت».

ناوچەی ئابووریی ئازاد لەزاخۆ زیاتر رەهەندی بازرگانیی دەبێت‌و دەکەوێتە نێوان خاڵە سنوورییەکانی تورکیاو هەرێم‌و ناوچەکانی دیکە، خاڵە سنوورییەکانی باشماخ‌و حاجی ئۆمەرانیش زیاتر بۆ بازرگانیی ناوچە سنوورییەکان، بەڵام ئەوەی پەیوەندیی بە ناوچەی ئابووریی سلێمانییەوە هەیە، بەپێی زانیاریی لایەنی پەیوەندیدار لە شارێکی بازرگانی ئازاد دەچێت، کە بەشێوەیەکی نێودەوڵەتی بونیاددەنرێت‌و لەسەر ئاستی عێراق دەرگاکانی بەڕوودا دەکرێتەوە.

هەڤاڵ ساحێبقڕان، سەرۆکی یەکێتی خاوەنکارانی عێراقی مەڵبەندی هەرێم لقی سلێمانی، ئاشکرای دەکات؛ شوێنی ناوچەی ئابووریی ئازاد لە سلێمانی لە پشت فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانییەوە درێژدەبێتەوە بۆ نزیک تاسلۆجەو نزیکەی (٥٠٠٠)دۆنم زەوی دەگرێتەوە، لەبارەی گرنگیی ئەو ناوچەیە بۆ شاری سلێمانی، ساحێبقڕان وتی: «بەهۆی ئەوەی سلێمانی لاچەپە بۆ بازرگانیی‌و بازرگانییەکەی وەک پێویست نییە، ئەم ناوچەیە بازاڕێک بۆ ئەمشارە دەکاتەوەو وادەکات وەبەرهێنەری بیانی‌و ناوخۆیی داخڵی ئەو بازاڕە بن‌و جموجۆڵی بازرگانیی‌و پیشەسازیی لە ناوچەکە زیاد دەکات، واتە دەرگایەک دەکاتەوە بەڕووی جیهانی دەرەوە».

هێرش موحەڕەم، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان ئاماژە بەوەدەکات؛ بەشێوەیەکی سەرەکیی ئیش لەسەر دروستکردنی ناوچەی ئابووریی ئازاد لە سلێمانی‌و زاخۆ دەکەن، ئەوەی سلێمانی رەزامەندیی وەزارەتی دارایی حکومەتی عێراقی بۆ وەرگیراوە، ئەوەی زاخۆش لە هەوڵی وەرگرتنی رەزامەندیی حکومەتی عێراقین.

هێرش موحەڕەم، رایگەیاند: «ئەوەی سلێمانی لەساڵی (٢٠٠٤)ەوە کاری بۆ کراوە، گروپێکی گەورەی راوێژکار تایبەت بەو بوارە کاریان کردووە راستی‌و هۆکاری دروستبوونی ناوچەی ئابووریی ئازاد لە سلێمانی بەشێوەیەکی زانستی بناسێنن، هەندێ دیراسات کرا لەلایەن کۆمپانیایەکی ئەمریکی کارێکی زۆری ویستووە، دوای ئەوەی لەسەر ئاستی عێراق دواتر رەزامەندیی وەزارەتی دارایی بۆ وەرگیراو وەک پڕۆژەیەکی سەرتاسەری کاربکات، واتە لە سنوورەکانەوە کاڵای بۆ بێت».

لەبارەی جیاوازیی ناوچەکانی سلێمانی‌و زاخۆ، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان ئاماژەی بۆ ئەوەکرد؛ ناوچەی ئابووریی زاخۆ قۆناغی باشی بڕیوەو لەسەروبەندی ئەوەین مۆڵەتی حکومەتی عێراقی بۆ ئەویش وەربگرین، کە دواجار ئەو دوو ناوچە دوو ناوچەی سەرەکیی بازاڕی ئازاد دەبن لە هەرێم.

وتیشی: «جیاوازیی ئەوەی زاخۆ بە بەراورد بە سلێمانی، هی زاخۆ زیاتر بۆ کاروباری بازرگانییە، بەڵام ئەوەی سلێمانی فراوانترەو جگەلە ئابووریی، ناوچەی پیشەسازیشی تێدا دەبێت».

تایبەت بە باسکردنی گرنگی ناوچەی ئابووریی ئازاد، د.محەمەد رەئوف سەعید، پسپۆڕی ئابووریی لە زانکۆی سلێمانی، لەبارەی سروشتی ناوچەی ئابووریی ئازاد ئاماژەی بەوەکرد؛ ناوچەی ئابووریی ئازاد شوێنێکە لەسەر سنوور، یان لە ناوچەیەکی دیاریکراوو نزیک فڕۆکەخانەیەک، کە پەیوەندیی هەبێت بە جیهانی دەرەوە، ئەو شوێنە هەموو چالاکییە ئابوورییەکانی بازرگانیی‌و پیشەسازیی تێدا دەکرێت‌و لە کۆسپە ئابوورییەکان رزگاردەکرێن، کە بریتین لە سەپاندنی باج، دروستنەکردنی کۆسپ بۆ هاوردەو هەناردەکردنی کاڵا، کە دواتر کۆمپانیاکان‌و ئەوانەی تێدا کاردەکەن کێبڕکێی دەکەن‌و چالاکیی دەکەن بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کۆمپانیاکان بیانی، یان ناوخۆیین.

د.محەمەد رەئوف، زانیاریی زیاتر دەدات‌و دەڵێت: «لەو ناوچەیەدا بنەما ئابوورییەکان پەیڕەودەکرێت، کارای چالاکییەکانی ئابوورییەکانی لێدەکەوێتەوەو ئەنجامی باشی دەبێت، چونکە دەستی کار لەسەر بنەمای ئابووریی دەخرێتەگەڕ، بەشێوەیەک لە هاتنی کۆمپانیاکان، هەم هەرێم قازانج دەکات‌و هەمیش کۆمپانیاکان».

پڕۆژەکەی سلێمانی ئیعلانکراوەو بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ناوچەیە تائێستا (٢٤) کۆمپانیای نێودەوڵەتی نامەیان ناردووە، کە بەشداریی تێدا بکەن، بڕیاریشە لەکۆتایی مانگی (٦) ئەو کۆمپانیایە دیاریبکرێت، کە دەبێتە خاوەنی ئەو ناوچەیە.

هێرش موحەڕەم وتی: «حکومەت بەبڕی (٩٠٠) هەزار دۆلار گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیای (aecol)ی ئەمریکی کردووە، کە تایبەتمەندە لەو بوارەداو هەموو ئیعتیمادی حکومەت لەسەر راوێژکاریی ئەو کۆمپانیایە دەبێت بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکە».

سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان گەشبینە بەکارەکانی ئەو کۆمپانیایەو ئاماژە بەوە دەکات؛ کۆمپانیای ناوبراو رێنماییان داوە بۆ دروستکردنی (٨١) ناوچە لە چەندین وڵاتدا، ئەوەی کوردستانیش لەسەر بنەمای تازەترین چالاکیی بۆ بازاڕەکانی سنووری کوردستان رێگەمان نیشاندەن، بۆئەوەی بەڕێوەبەرێکی باش بۆ ئەو ناوچە بدۆزینەوەو دەرفەتی کێبڕکێ بدەین بەهەموو لایەک بۆ بەشداریکردن، بەشێوەیەک پێشبینی دەکرێت لەماوەی (١٠) ساڵدا ببێتە پێگەیەکی گەورەی بازرگانی.

ناوچەی ئابووریی ئازاد لە سلێمانی، بەشێوەیەکی سەردەمیانە دروستدەکرێت، کە تیایدا وەکو شارێکی بچووک جگەلە شوێنی بازرگانیی‌و پیشەسازی، پارک‌و ئوتێل‌و رێستۆرانت‌و ناوچەی سەوزایشی دەبێت‌و بەمەش لەپاڵ جموجوڵە ئابوورییەکان دەبێتە شارێکی بچووکی پشوودانی بەڵێندەرو کارکردەکان.

هەڤاڵ ساحێبقڕان، سەرۆکی یەکێتی خاوەنکارانی عێراقی مەڵبەندی هەرێم لقی سلێمانی، بۆ رۆژنامە وتی: «ئەوان لەدەستەی وەبەرهێنان‌و ژووری بازرگانیی چەندینجار لەگەڵ کۆمپانیای راوێژکاریی پڕۆژەکە دانیشتوون‌و باسی ناوچەکە کراوە، چۆن دەبێت؟ چی دەکرێت؟ چۆن زەوییەکان بۆ بوارەکان دابەشدەکرێن؟، ئیشەکە بەشێوەیەک دەبێت کە وەک ناوچەیەکی سەردەمیانە لە هەرێمدا دروستدەکرێت».

بەپێی قسەی پسپۆڕە ئابوورییەکانی زانکۆی سلێمانی، جگەلە بوونی گرنگیی رەهەندە ئابوورییەکانی ئەو ناوچەیە بۆ سلێمانی‌و هەرێم، هاوکاتیش دەبێتە شوێنێک کە بە هەزاران کەس ئیشی تێدا دەکەن‌و بەمەش برەوی زۆر بۆ دەستی کار پەیدا دەبێت.

بۆ رێکخستنی یاسایی کاری ئەو ناوچە ئابوورییانە، د.محەمەد رەئوف سەعید، پسپۆڕی ئابووریی رایدەگەیەنێت: «لەگەڵ هەبوونی ناوچەی لەوشێوە لە هەرێمدا، پێویستدەکات لەتەک یاسای وەبەرهێنان، یاسایەکی تایبەت بە ناوچەی ئابووریی ئازاد هەبێت‌و ئازادیی‌و ئەرک‌و ئیشی ئەو ناوچانە بەیاسا رێکبخرێت».

# چاپی نوێی دراوی عێراقی نووسینی کوردی لەسەر دەبێت

**هەنگاوهاشم: هەولێر**

بڕیار وایە لە چاپی نوێی ئەمجارەی دراوی عێراقیدا نووسینی کوردی لەسەر دراوەکە هەبێت، ئەندامێکی پێشووی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق ئاماژە بەوەدەکات؛ بەپێی دەستوور پێویستە دراوی عێراقی نووسینی کوردی لەسەر بێت، بۆ ئەم مەبەستەش گفتوگۆمان لەگەڵ بانکی مەرکەزیی عێراقیدا کردووەو ئەوانیش رەزامەندییان نیشانداوە.

سامی ئەتروشی، ئەندامی پێشووی پەرلەمانی عێراق لە لیژنەی دارایی، بە رۆژنامەی رایگەیاند: بەمەبەستی ئەوەی لە چاپی نوێی عێراقیدا نووسینی کوردی هەبێت، گفتوگۆمان لەگەڵ بانکی مەرکەزیی عێراقدا کردووە بۆ ئەوەی ئەو گۆڕانەی بەسەر دراوی عێراقیدا دێت نووسینی کوردی لەسەر بێت، چونکە بەگوێرەی دەستوور هەموو نووسراوێکی فەرمیی لە عێراقدا دەربچێت، دەبێت بە زمانی کوردی‌و عەرەبی بنووسرێت».

ناوبراو وتیشی: «بانکی مەرکەزیی رەزامەندیی خۆیان نیشانداوە بۆ ئەوەی لەکاتی دووبارە چاپکردنەوەی دراوی عێراقیی ئەمجارە، نووسینی کوردیشی لەسەر بێت، بەڵام پێیانوتین پێویستی بە کاتە بۆ ئەوەی دراوی عێراقی بگۆڕێت.

سامی ئەتروشی ئاماژەی بەوەشدا؛ بڕیارە بانکی مەرکەزیی عێراقی چەند گۆڕانکارییەکی دیکە لەم دراوەی ئێستای عێراق بکات، ئەویش لابردنی سفرەکانی سەر دراوەکەیە، بەهۆی ئەوەی لابردنی ئەم سفرانەش کاتی دەوێت، بۆیە تائێستا کاتی دووبارە چاپکردنەوەی دراوی عێراقی دیارنییە.

ئەو ئەندامەی پێشووی پەرلەمانی عێراق ئەوەشی خستەڕوو، بانکی مەرکەزیی لە هەوڵی ئەوەدایە کە بەهای دیناری عێراقی بەرزبکاتەوە، بەوەی کە نرخی هەر دۆلارێکی ئەمریکی بەرامبەر بە هەزار دیناری عێراقی بێت، ئەمەش بە لابردنی سفرەکانی سەر دراوەکە دەبێت، هەروەها بەپێی ئەو بەرنامەیەی کە بانکی مەرکەزیی عێراقیش دایناوە، ئەنجامدانی ئەم کارە لە سەرەتای ساڵی داهاتووەوە دەبێت.

لەلایەن خۆشیەوە د.فازڵ نەبی، بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق، ئاماژەی بەوەکرد؛ هەرکاتێک کە دراوی عێراقی بگۆڕێت، ئەوکات نووسینی کوردیش لەسەر ئەم دراوە دەبێت، داواکاریی کوردیش لە پەرلەمانی عێراق کاریگەریی دەبێت لەسەر دانانی نووسینی کوردی لە دراوی عێراقیدا.

جێگای ئاماژەیە دراوی عێراقی لەساڵی (٢٠٠٣)دا لەدوای رووخانی رژێمی دیکتاتۆری سەدامەوە گۆڕانی بەسەردا هات‌و لە (٥٠) دیناریيەوە تا (٢٥) هەزار دیناری هەیە.



# جام پڕبوو... جەماوەر رژایە سەر شەقام



لایەنێک لە خۆپیشاندانەکەی شاری سلێمانی

فۆتۆ: سەنگەر

راپۆرتی: بەرهەم خالید
سەنگەر جەمال

**جیاواز لە رابردوو ئەمجارە سەرجەم چینو توێژەکان بە دەربڕینی «ئازادیی، ئازادیی» گۆمی بێدەنگییان شڵەقاندو شاریان پڕکرد لە نارەزایی، ئەوەش دوای تیرۆرکردنی خوێندکارێکی رۆژنامەنووس، کە (٢٣) بەهاری تەمەنی لە پایتەختی کوردستاندا بەڕێنەکردبوو.**

**دوای ئەو خۆپیشاندانەی رۆژنامەنووسانو خوێندکارانی هەولێر بۆ بەردەم پەرلەمانی کوردستان، پاش رۆژێک لە تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمانی رۆژنامەنووس سازیانکرد، سلێمانی چالاکییەکانی هەفتەی «بێدەنگ نابین»ی راگەیاند، بۆ پاڵپشتی لە هەولێرو ئازادیی رادەربڕینو بەرپەرچدانەوەی تیرۆر».**

## «بێدەنگ نابین لە کوشتن، بێدەنگ نابین لە تیرۆر، ئازادیی، ئازادیی»

سەدای ئەو دروشمانەو چەند دروشمێکی وەک: «ئێمە لەهیچ ناترسین، هەتا مردن دەنووسین، تا رۆژنامە ئازادبێت هەرگیز راستی ون نابێت، لە ئێمەوە وشـە، لە ئێوەشەوە گوللە، بۆ ئەو جەستە پڕ لەزامە دەست بەرنادەین لە خامە، چەکی دەستمان پێنووسە وشەمان ئۆقیانووسە»، کە بەدەنگی هـەزاران بەشداربووی رەگـەزو تەمەن جیاوازەوە دەوترانەوە، شەقامی مەولەوی‌و بەردەرکی سەرایان هێنایە جۆش.

خۆپیشاندانەکەی شاری سلێمانی بە ئامادەبوونی هەزاران کەس بەڕێوەچوو لە رۆژنامەنووسانو پارێزەرانو نووسەرانو رۆشنبیرانو خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی‌و زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی‌و سـەدان کاسبکارو لاوانو ژنـانو هاوڵاتییانی نـاوچـەو شـارو شارۆچکەکانی دیکەو ژمارەیەک لە پەرلەمانتارانی فراکسیۆنە جیاوازەکانی پەرلەمانی کوردستان، کە لەلایەن هەفتەی بێدەنگ نابین سازکرا، کە لەلایەن چەند دەزگایەکی راگەیاندنی وەک: (کۆمپانیای ئاوێنە، رۆژنامەی رۆژنامە، هـاوڵاتـی، KNN، گۆڤاری لڤین، ئاسۆ)، راگەیەنرا وەک هەڵوێستێک دژ بە رفاندنو کوشتنی سەردەشت عوسمانو داواکردن لە دەسەڵاتو دەزگا پەیوەندیدارەکانی شاری هەولێر، بۆ ئەوەی ئەنجامدەرانی ئەو تاوانە ئاشکرا بکەن، رۆژی (٥/١٣) راگەیەنرا.

ئاسۆس هـەردی، رۆژنـامـەنـووس، لە وتەیەکیدا لە بەردەم خۆپیشاندەراندا ئیدانەی تیرۆرکردنی سەردەشتی کردو ئاماژەی بۆ ئەوەکرد؛ کە «کێ رفاندی، چۆن توانرا لە بازگەکان دەربـاز بکرێت»، لەبەردەم ئاپۆرای جەماوەریشدا وتی: «رفێنەرانی سەردەشت چاوەڕوانی ئەوەیان نەدەکرد، کە بەوشێوەیە شەقام لێیان بێتە دەنگو وایانزانی رۆژنامەنووسان لێی بێدەنگ دەبنو کەس لەسەر سەردەشت هەڵناداتێ، نەیانزانی کە ئێمە هەموو خەڵکی کوردستان کەسوکارو باوکو براو دایکو خوشکی سەردەشتین».

هەروەک وتیشی: «ئەوەی پێیوایە بەڕێگەی ترساندنو کوشتنو تیرۆر دەتوانێت خەڵکی کوردستان دەستەمۆ بکات، جگە لە لێدانی زەنگی مردنی خۆی هیچی دیکەی دەست ناکەوێت».

## ئەنجامدەران سزا بدرێن کەمتەرخەمان دووربخرێنەوە

لیژنەی ئامادەکاری (هەفتەی بێدەنگ نابین) لە بەیاننامەیەکدا بە توندی ئیدانەی تیرۆرکردنی سەردەشتیان کردو داوایان کرد بەرپرسە ئەمنییەکانی شاری هەولێر لە کارەکانیان دووربخرێنەوەو لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکرێت، بەوپێیەی تاوانەکە لەو شارەدا روویداوە، هەروەها داوادەکات بە زووترین کات بکوژانی سەردەشت ئاشکرا بکرێنو پارتی دیموکراتی کوردستان بەڕەسمیی هەڵوێستی خـۆی لەسەر ئـەو رووداوە رابگەیەنێت.

لەلایەکی دیکەوەو وەک نارەزاییەک دژ بە تیرۆرکردنی سەردەشت، پارێزەرانی شاری سلێمانیش بڕیاریاندا بۆ ماوەی هەفتەیەک واز لە کارەکانی خۆیان بهێننو هیچ کەیسێک وەرنەگرن.

## هاوڵاتییان داوادەکەن

ئـەوەی جێی تێبینییە هاوڵاتییان بە جۆشەوە بەدەم داواکاریی کەمپەینەکانەوە هاتنو بۆ ئازادکردنی ویژدانیان خۆیان خستووەتە پاڵ رۆژنامەنووسانو داوای لێپرسینەوە دەکەن.

ئیبراهیم مەحمود، کاسبکارێکی سلێمانیەو بەشداریی رێپێوانەکەی کرد، ئەو باسی لەوەکرد تەنیا سووربوونی لەسەر پشتگیریی لە ئازادیی بیروبۆچوون هانیداوە بەشداریی ئەو کۆبوونەوە جەماوەرییە بکاتو داواش لە بەرپرسانی هەرێم دەکات، ئەنجامدەرانی کوشتنی سەردەشت بۆ خەڵکی ئاشکرا بکەنو وتی: «کوا ئاسایشو ئارامیی، داواکارم تیرۆریستان سزا بدرێنو لەمەودوا هیچ کەسێک بەوجۆرە نەکوژرێت».

هێمن لهۆنی، رۆژنامەنووسو خوێندکاری زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی خۆشحاڵی خۆی دەربڕی، کە جەماوەرێکی زۆر بەبێ ئینتیمای حیزبیی‌و ئایدیۆلۆژی بە بیروڕای جیاوازەوە پێکەوە هاتوونەتە سەر شەقامو دژی تاوانێکی گەورە دەوەستنەوە، کە دژ بە ئازادیی‌و دژی مرۆڤایەتییە، وتیشی: «ئێمە هەمووما ئەمڕۆ داوای ئازادیمان کرد بۆ هەموو کەسو رۆژنامەنووسێک».

ئاراس ئەنوەر، دەرچووی زانکۆ وێنەیەکی هـەردوو رۆژنـامـەنـووسـی تیرۆرکراو، سۆرانی مامە حەمەو سەردەشت عوسمانی بە دەستەوەبوو، لێبڕاوانە هوتافی ئازادیی لەگەڵ خۆپیشاندەران دەوتەوەو دەسەڵاتی هەرێمی بەرپرسی تیرۆرکردنی سەردەشت زانی، «ئەگەرنا چۆن دەکرێت بەوشێوەیە برفێنرێتو بکوژرێت»، دەربارەی هۆکاری بەشداریکردنیشی لە رێپێوانەکەدا، وتی: «دەسەڵاتدارانی حیزب چەندین شێوازی جۆراوجۆریان بەکارهێناوە بۆ ترساندنو کپکردنی دەنگی گەنجان، ئێستاش دەیانەوێت لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی تۆقاندنو کوشتنەوە رێگە لە دەنگی رۆژنامەنووسانی ئازادو لاوان بگرن، بەڵام ئەو خەونەیان بۆ ناچێتە سـەر، چونکە ئێستا خەڵک هۆشیارەو ئەم خۆپیشاندانەش بەڵگەی زیندوویی هاوڵاتییانە».

لای خۆشییەوە کاروان ساڵح، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان بۆ رۆژنامە وتی: «داوامان لە وەزیری ناوخۆ کردووە روونکردنەوە بدات، ئەگەر وەڵامەکانی باوەڕپێکەر نەبوو، بانگهێشتی پەرلەمانی دەکەین، هەروەها وەزارەتـی خوێندنی باڵاو راگری کۆلێژی زمانو بەڕێوەبەرێتیی پۆلیسو ئاسایش، کە پێشتر ئاگادارکراونەتەوە شەهید سەردەشت مەترسیی لەسەر گیانی هەیەو هەڕەشەی لێکراوە، بـەڵام ئـەوان کەمتەرخەمبوون لەوەی نەیانتوانیوە گیانی بپارێزن»، ئەوەش دەخاتەڕوو، کە کارەکە بە تیرۆرێکی رێکخراو دەزانـنو داواشیان کـردووە لێکۆڵینەوە بکرێتو لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەو دەستانە ئاشکرا بکات، کە لە پشتیەوەن، هەر کەسێکو لایەنێک بێتو لە هەر ئاستێکدا بێت.

هـەروەک وتیشی: «بەچاوی گومانەوە سەیری ئەو مەسەلانە دەکەینو دەبێت دەسەڵات ئەرکی ئەخلاقیی خۆی بەرامبەر بە پاراستنی خەڵک ئاشکرا بکات، ئەگەر لەو ئاستەشدا نین، با دەست لەکاربکێشنەوەو بۆ ئـەوەی خەڵکێکی دیکە ئـەو پۆستو ئەرکانە بگرێتە ئەستۆو داواش لە هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێمی کوردستانو داواکاری گشتیی دەکەین بە زووترین کات ئەو پرسە بخرێتە ئەولەویاتی کاریانو تاوانباران ئاشکرابکرێنو بە سزای یاسایی بگەیەنرێن».

## بەیاننامەکەی پارتی‌و کاردانەوەکانی

دوای راگەیاندنی هەفتەی بێدەنگ نابینو زنجیرەیەک خۆپیشاندانی جەماوەریی یەک لەدوای یەک لە شارو شارۆچکەکانی کوردستانو لە کاردانەوەیەکدا بەرامبەر ئەو رەخنانەی لە کاربەدەستانی ئەمنیی هەولێرو دەسـەڵات گیرا، مەکتەبی سیاسیی پارتی بەیاننامەیەکی «توندی» دەرکـردو ئەوەش کاردانەوەی لێکەوتەوەو لیژنەی هەفتەی بێدەنگ نابین رایانگەیاند: کە بەیاننامەکە بە نەفەسی شەڕی ناوخۆ نووسراوە.

لە بەیاننامەیەکیشدا هەفتەی بێدەنگنابین وەڵامـدەداتـەوەو دەڵێت: «ئـەوەی جێگەی نیگەرانیی ئێمەیە، بەیاننامەکە بە نەفەسی شەڕی ناوخۆو بە زمانی هەڕەشە دارێژراوە»، هەروەها پێیانوایە؛ تێکەڵکردنی کۆمەڵێک کەیس بە کەیسی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان، «بە مەبەست یا نا» خزمەت بە هیچ ناکات «جگە لە گومکردنو شاردنەوەی لێکۆڵینەوە لە بکوژانی سەردەشت، لە گێژاوی مێژوویەکدا، کە پڕە لە تاوانی حیزبەکان بەرامبەر یەکترو خەڵکی ئاسایی کوردستان»، هەروەک پێیان باشترە بەیاننامەکە جەختی لەسەر دۆزینەوەی بکوژەکان بکردایەتەوە، نەک تێکەڵکردنی کەیسەکان.

هەروەک بەیاننامەکەی هەفتەی بێدەنگ نابین لە وەڵامی ئەو بەشەی بەیاننامەکە، کە تێیدا «ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە پیلان لە دژی پارتی دیموکراتی کوردستان هاتووەتە ئاراوە، ئەو جەماوەرەش کە هاتوونەتە سەر شەقامو داوای نەهێشتنی توندوتیژیی‌و دیاردەی تیرۆری رۆژنامەنووسان دەکەن، بە گێرە شێوێنو پیلانگێڕیی تۆمەتبارکراونو وەک دژی ئەزموونی کوردستان وێنا کراون، پێچەوانەکەی راستە، باشترین بەڵگەی ئەم راستییەش شێوازی مەدەنیانەو هێمنانەی خۆپیشاندانەکانە، کە جێگەی شانازییە لە کوردستاندا کەسێک بەردی نەهاویشتو کەسێکیش زمانی توندوتیژیی بەکارنەهێنا، بەپێچەوانەی نـاوەڕۆکی بەیاننامەکەی مەکتەبی سیاسیی پارتییەوە، کە بە زمانی هەڕەشەو ترساندن دارێـژراوەو زیاتر لە بەیاننامەی حەربیی دەچێت».

هــەروەک پێیانوایە؛ ئـەوەی مایەی سـەرسـوڕمـانو لەسەر وەستانە، ئەو مەنتیقەیە کە بەیاننامەکەی پێنووسراوە، هاتووە: «مەنتیقێک هێشتا بە عەقڵی سەردەمی جەنگی ساردو شەڕی ناوخۆی کوردستان تەماشای دنیا دەکـاتو لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا جگەلە حیزبو ململانێی حیزبی لەسەر دەسەڵات هیچی دیکە نابینێتو ئامادە نییە میدیای ئازاد ببینێت.

لەلایەکی دیکەوە عەدنان عوسمان، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گـۆڕان رەخنە لە بەیاننامەکەی پارتی دەگرێتو پێیوایە، لەبری ئەو بەیاننامەیە پێویست بوو، پارتیش سەرگەرمی کەیسی شەهیدکردنی سەردەشت بوونایە، بەتایبەت کە لە پایتەختی ژێر دەسەڵاتی ئەوان رویداوەو خودی سەرۆکی هەرێمیش داوای لێکۆڵینەوەی وردی کـردووەو لە پەرلەمانی کوردستانیش بە هەمانشێوە گفتوگۆی لەسەر کراوەو سەرجەم فراکسیۆنەکانیش داوای ئاشکراکردنی بکوژەکانیان کردووە، وتیشی: «بۆیە بۆ پارتی باشتر وابوو لەبری ئەوەی بکەوێتە مەوقعی بەرگری لەخۆگرتن ئەویش هاوچەشنی لایەنەکانی دیکە بـەدوای چارەسەری ئەو کێشەیەوە بێت».

## توندوتیژیی بەردەوامە

سەرباری ئەو نارەزاییە سەرتاسەرییەی دژ بە تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس سەردەشت لەلایەن هاوڵاتییانەوە دەربڕا، هەڕەشەکان لەسەر رۆژنـامـەنـووسـان بـەردەوامـن، بەشێوەیەک یەک رۆژ دوای تیرۆرەکە لەڕێی مۆبایلەوە هەڕەشە لە دوو رۆژنامەنووسی دیکەی پایتەخت کراو لە حەرەمی پەرلەمانیشدا توندوتیژییان بەرامبەرکرا.

هـەروەک لە بەیاننامەیەکی سەنتەری میترۆ بۆ راوێژو داکۆکیی لە رۆژنامەنووسان هاتووە: کە لە چەند رۆژی رابـردوودا لە شارەکانی هەولێرو سلێمانی پێشێلکاریی بەرامبەر (٩) رۆژنامەنووس ئەنجامدراونو بەشێکیان بە شەقو زللە راپێچی ئاسایش کـراونو ماوەیەک دەستبەسەر کـراون، لەلایەکی دیکەشەوە هەر لەو ماوەیەدا سەرنووسەری گۆڤاری لڤینو خاوەنی ئیمتیازی گۆڤاری رێگا، بە یاسای سزادانی عێراقی بانگهێشتی دادگـا کـرانو وتەیان لێوەرگیرا، ئەوە لەکاتێکدایە ساڵی رابردوو یاسای رۆژنامەنووسی لە پەرلەمانی کوردستان پەسەندکراو سەرۆکی هەرێم واژۆی لەسەر کرد.

## چالاکییەکان ناوەستن

هەفتەی بێدەنگ نابین دوابـەدوای خۆپیشاندانەکە، مانگرتنی لـەبـەردەم نووسینگەی سلێمانی پەرلەمان راگەیاندو بە زنجیرەیەک خۆپیشاندان لە چەمچەماڵو هەڵەبجەو سەیدسادقو کەرکوکو گەرمیان، درێژە بە نارەزایەتییەکانی دەداتو لە هەموو ئەو چالاکییانەدا رێکخەرانی هەفتەکەو بەشداران داوای لێکۆڵینەوە لە رفاندنو کوشتنی سـەردەشـتو بەسزاگەیاندنی تاوانبارانو لێپێچینەوە لە کەمتەرخەمەکان دەکەن.

زانکۆ ئەحمەد، رێکخەر لە هەفتەی بێدەنگ نابین، لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامە ئاماژە بەوە دەکات؛ کە پەیامی رۆژنامەنووسە مانگرەکان بریتییە لە؛ داواکردن لە پەرلەمانی کوردستان بەدواداچوون بۆ رووداوی رفاندنو کوشتنی سەردەشت عوسمانو ئەنجامدانی لێپێچینەوە لە دەزگاکانی پۆلیسو ئاسایش بکات لە هەولێرو وتیشی: «داوادەکـەیـن وەزیـری ناوخۆ دەستلەکار بکێشێتەوە، دوای کۆتایی هاتنی هەفتەی بێدەنگ نابین، ئێمە زیاتر کاردەکەین لەڕێی بابەتی رۆژنامەوانییەوە هەوڵی بەدواداچوون دەدەین بۆ دەستکەوتنی زانیاریی‌و هۆکارو ئەنجامدەرانی تاوانی شەهیدکردنی رۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان».

> **«رفێنەرانی سەردەشت چاوەڕوانی ئەوەیان نەدەکرد، کە بەوشێوەیە شەقام لێیان بێتە دەنگو وایانزانی رۆژنامەنووسان لێی بێدەنگ دەبنو کەس لەسەر سەردەشت هەڵناداتێ، نەیانزانی کە ئێمە هەموو خەڵکی کوردستان کەسوکارو باوکو براو دایکو خوشکی سەردەشتین»**

# تیرۆرکردنی رۆژنامەنووسان جەماوەری هەژاند



ئامادەکردنی: چاوان عەلی

**رۆژی ٤ی ئەم مانگە خوێندکارو رۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان لەبەردەم کۆلێژی زمان لە زانکۆی سەلاحەدین رفێنراو ٦ی مانگ لە شاری موسڵ بە کوژراویی دۆزرایەوە، ئەم تاوانە بەبەرچاوی هێزە ئەمنییەکانی هەولێرەوە ئەنجامدراوە، ئەمەش نیگەرانیو نارەزایی لەنێو گەنجانو خوێندکارانو رۆژنامەنووسان دروستکردووەو بەوهۆیەوە لە هەرێمی کوردستانو وڵاتانی دەرەوەش خۆپیشاندانی فراوانی جەماوەریی سازدەکرێت.**

## سلێمانی، کەمپەینی هەفتەی بێدەنگ نابین

رۆژی شـەمـمـە ٨ی ئـەم مانگە خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی لە بەردەم زانکۆدا خۆپیشاندانێکیان لەژێر دروشمی «بێدەنگ نابین تا ئەنجامدەرانی ئەو تاوانە دەستگیرنەکرێن» سازکرد، خۆپیشاندانەکە بەبەشداری ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایانو خوێندکاران بەرێوەچوو، کە داوایـان لە حکومەتی هەرێم دەکـرد کە هەڵوێستی ئاشکرای هەبێت لەبارەی ئەو رووداوە و لێپێچینەوە لەگەڵ دامودەزگا پەیوەندیدارەکاندا بکرێت، مامۆستایانیش سەرسورمانی خۆیان پیشاندا کە خوێندکارێک لەبەردەم کۆلێژەکەی برفێنرێت، لە پایەتەختی هەرێمی کوردستان کە دەیان ساڵە خەبات بۆ ئازادی دەکرێت تیایدا، کەچی لە ٢٠١٠دا ئەمە ئەنجامەکەیەتی.

هەر لە شاری سلێمانی کەمپەینی هەفتەی بێدەنگ نابین دەستی پێکرد و رۆژی چوار شەممە ١٣ی مانگ یەکەم چالاکی هەفتەی بێدەنگ نابین بە خۆپیشاندانێکی جەماوەریی فـراوان، بـۆ پرۆتستۆکردنی کوشتنی سەردەشت دەستپێکرد، کە ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە رۆژنامەنووسو رۆشنبیرو قوتابیانو خوێندکارانو هاوڵاتییانی شاری سلێمانی و ژمارەیەک پەرلەمانتار بەشداری ئەو خۆپیشاندانەیان کرد کە لەبەردەم باخی گشتییەوە بۆ بەردەرکی سەرا دەستی پێکرد.

لە ئامانجەکانی ئەو هەفتە چالاکییەدا داوای دوورخستنەوەی وەزیری ناوخۆو بەرپرسی دەزگا ئەمنییەکانی شاری هەولێر دەکرێت، لەگەڵ داوای بە زووترین کات دۆزینەوەی بکوژەکانی سەردەشت عوسمان لە پەرلەمانو سەرۆکی حکومەت، لەگەڵ سەربەخۆکردنی داواکاری گشتیو ئەرکو مافەکانی داواکاری گشتی وڵاتانی دیکەیان پێبدرێت، ئەمە جگە لەوەی پێویستە پارتی دیموکراتی کوردستان بەفەرمی دەربارەی تیرۆرکردنی سەردەشت روونکردنەوە بدات.

رۆژی دواتـریـش کەمپەینەکە دووەم چالاکیان مانگرتنی ژمارەیەک رۆژنامەنووسە لەبەردەم نووسینگەی سلێمانی پەرلەمانی کـوردسـتـانو پەیامێکیشیان ئاراستەی مامۆستایانی ئاینی کردووە تا لە وتاری هەینیدا ئیدانەی توندوتیژیی سەر رۆژنامەنووسان بکەن.

## چەمچەماڵ، گڵکۆی سۆرانی مامەحەمە گولباران کرا

لە خۆپیشاندانێکی فراوانیشدا لە شاری چەمچەماڵو بە بەشداری کەمپەینی چیتر بێدەنگ نابین، رۆشنبیرانو رۆژنامەنووسانو پەرلەمانتارانو چینو توێژەکانی خەڵکی چەمچەماڵ، لەبەردەم پەیکەری شاعیر شێخ رەزای تاڵەبانی کۆبوونەوەیەکی جەماوەریی سازکراو دواتر بەشداربووان بە هوتافکێشان روویـان لە گۆرستانی شێخ سەعید کردو لەسەر گڵکۆی شەهیدی قەڵەم سۆرانی مامە حەمە رێورەسمێک سازکراو گڵکۆی سۆرانی مامەحەمە کە تائێستا بکوژانی نەدۆزراونەتەوە، گوڵباران کرا.

## سەیدسادق، داوای بەسزاگەیاندنی بکوژانی سەردەشت کرا

لە درێژەی چالاکییەکانی هەفتەی بێدەنگ نابین لەبەرامبەر تیرۆری سەردەشت عوسمانو هەموو هەرەشەکانی سەر رۆژنامەنووسان، یەکشەممە ٥/١٦، خۆپیشاندانێکی نارەزایی لەقەزای سەیدسادق ئەنجامدرا.

لەو خۆپیشاندانەدا کە رۆژنامەنووسانو رۆشنبیرانو خەڵکی ئازادیخوازی ناوچەکە بەشدارییان تێدا کرد، لەنزیک گۆرستانی سەیدسادقەوە بۆ بـەردەم قایمقامیەت دەستپێکرد، خۆپیشاندەران داوای بە سزاگەیاندنی بکوژانی سەردەشتیان کرد لە دەسەڵات.

## کەرکوک، ئەم کردەوەیە نەنگی و جێگای پرسیارە بۆ حکومەتی هەرێم

رۆژی یـەکـشـەمـە ٩ی ئـەم مانگە خوێندکارانی زانکۆی کەرکوک لە هۆڵەکانی خوێندن هاتنە دەرەوەو خۆپیشاندانێکیان رێکخستو کوشتنی سەردەشتیان ئیدانەکردو پێیانوابوو کە شەرمەزارییە بۆ حکومەتی هەرێم کە لە هەولێری پایتەخت و بەبەرچاوی هێزەکانی زێرەڤانیو پاسەوانانی کۆلێژی زمانەوە خوێندکارێک برفێندرێتو دواتر تیرۆربکرێت.

هەر لە شاری کەرکوک رۆژی پێنجشەممە ١٣ی ئەم مانگە رێکخراوەکانی گەنجانو کۆمەڵگەی مەدەنی نارەزایی خۆیان دەربریو خۆپیشاندانێکی نارەزاییان لە بەرامبەر تیرۆرکردنو کوشتنی خوێندکار سەردەشت عوسمان سازکرد.

لەژێر دروشمی وەک خەڵکی شاری سلێمانی ئێمەش لە ئاست تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان بێدەنگ نابینو پێمانوایە ئەم کردەوەیە نەنگیو جێگای پرسیارە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، جەختیشیان دەکـردەوە کە لە خۆپیشاندانو نارەزایی دەربرین بەردەوام دەبن تا ئەوکاتەی بکوژانی سەردەشت دەدۆزرێنەوەو ئاشکرادەکرێن کە چ حیزبو لایەنێک لەپشتیانەوەیە.

## هەولێر، هەرەشەو کوشتن نامانترسێنێت

رۆژی شەممە ٥/٨ کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین وەک ماتەمینیەکو نیگەرانیو نارەزاییەک بەرامبەر بە کوشتنی خوێندکاری هاورێیان سەردەشت عوسمان، مـاوەی دوو رۆژ پـرسـەی ماتەمینیان راگەیاند، خوێندکارەکان جەختیان کردەوە کە بەردەوام دەبن لە خۆپیشاندان تا ئەو رۆژەی بکوژانی سەردەشتو ئەوانەی لەپشتیانەوەن ئاشکرادەکرێن.

ئەو خوێندکارانە پێیانوابوو، کە هەریەکەیان سەردەشتێکن و ناتوانرێت هەموویان لەناوببرێن، هەربۆیە هەرەشەو کوشتن نایانترسێنێتو لە وتنی حەقو نووسینەکانیان بـەردەوام دەبن لەپێناو پاراستنی قەڵەمو وشەی ئازاد.

هەر لەم رۆژەدا کۆبوونەوەیەکی فراوانی رۆژنامەنووسانی هەولێرو بەشێک لە پەرلەمانتاران بەرێوەچووو تیایدا جەخت لەسەر دۆزینـەوەی بکوژانی سەردەشت کرایەوەو بە ئەرکی حکومەت زانرا کە ئەو تاوانبارانە بۆ رای گشتی ئاشکرا بکات، پەرلەمانتارانیش بە ئەرکی پەرلەمانیان دانا بەدواداچوونو لێکۆڵینەوەی هەبێت بۆ ئەو تاوانە قێزەونەی بەرامبەر بە خوێندکارو رۆژنامەنووس سەردەشت کراوە.

رۆژی ١٠ی ئەم مانگەش هەر لە شاری هەولێر خۆپیشاندانێکی جەماوەریی بۆ بەردەم پەرلەمانی کوردستان سازکرا، بۆ ئیدانەکردنی کوشتنی سەردەشت.

بەڵام لەکاتی گەیشتنی خۆپیشاندەران بۆ بەردەم پەرلەمان، یەکێتی قوتابیان و لاوان کە تەنیا بەیەک لافیتە بەشداری خۆپیشاندانەکەیان کردبوو رێگەیان نەدا، جگە لە خۆیان هیچ کەس و لایەنێک وتار بخوێنێتەوە.

## قەڵادزێ، نەمریی بۆ شەهیدانی قەڵەم

رۆژی یەکشەمەی رابـردوو ، ٩ی ئەم مانگەش لە شاری قەڵادزێ ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکارانی کۆلێژی زمانو رۆشنبیرانو رۆژنامەنووسانو هونەرمەندان لەبەرامبەر تیرۆرکردنی خوێندکارو رۆژنامەنووس سـەردەشـت عوسمان خۆپیشاندانێکی نارەزایی جەماوەریی فراوانیان، لەبەردەم ئامادەیی قەڵادزێوە بۆ قایمقامیەتی قەزای پشدەر سازکرد.

خۆپیشاندانەکەش لەژێر دروشمی «ئەم کارە قێزەونو نامرۆڤانەیە قابیلی قبووڵ نییە، نەمری بۆ شەهیدان سەردەشت عوسمانو سۆران مامەحەمەو عەبدولستار تاهر شەریفو سەرجەم شەهیدانی قەڵەم» بەرێوەچوو.

لە خۆپیشاندانەکەیاندا بەیاننامەیەکیان راگەیاند کە تیایدا ئاماژە بەوەکرابوو، لەو کاتەی دەسـەڵات بە بـەردەوامـی باسی سـەروەری یاساو پاراستنی ئاسایشی هاوڵاتییانو مافی مرۆڤ دەکرێت، بە رۆژی رووناک خوێندکارێکی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین بەبەرچاوی دەزگا ئەمنییەکانی هەولێر دەرفێنرێتو تیرۆر دەکرێت.

## کۆیە، بێدەنگ نابین لەئاست کوشتنی مرۆڤەکانو وشە

رۆژی یەکشەممە ٩ی ئـەم مانگە، خوێندکارانو مامۆستایانی زانکۆی کۆیە خۆپیشاندانێکی فراوانیان لەبەردەم کۆلێژی زانستە کۆمەڵایەتیەکان ئەنجامداو داوایان لەلایەنە پەیوەندیدارەکان دەکرد بە زووترین کات بکوژانی سەردەشت ئاشکرابکرێنو بەپێی یاسا مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.

هاوکات، خۆپیشاندانی خوێندکارانی زانـکـۆی کـۆیـە بـەردەوام بـوو، رۆژی چوارشەمە ١٢ی ئـەم مانگە مامۆستاو خوێندکارانی کۆلێجی زمانی زانکۆی کۆیە، لە ژێر دروشمی (کوشتنی دەنگە ئازادەکان بۆ؟) رێورەسمێکیان بۆ ئیدانەکردنی کوشتنی سـەردەشـت رێکخستو لـەو رێورەسمە هێمنانەیەدا جەختیان لەسەر بێدەنگ نەبوونیان کردەوە بەرامبەر بەو کردەوە تیرۆریستییەو بە بەرپرسانیان دەوت بێدەنگ نابین لە ئاست کوشتنی مرۆڤەکانو وشە.

## رانیە، کوژرانی سەردەشت دەسەڵات دەخاتە ژێر پرسیارەوە

رۆژی سێشەممە ٥/١٢، رۆژنامەنووسانو رۆشنبیرانی رانیە بە بەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لە هاوڵاتییانی خۆپیشاندانێکیان رێکخستو ئیدانەی تیرۆرکردنی سەردەشتی رۆژنامەنووسو خوێندکاریان کرد.

لە خۆپیشاندانەکەدا ئاماژەیان بۆئەوە کرد کە پاراستنی گیانی هاوڵاتیانو رۆژنامەنووسان ئەرکی دەسەڵاتە، تیرۆرکردنی سەردەشتیش بەوشێوەیە دەسەڵاتو هێزە ئەمنیەکان دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

هـەروەهـا داواش کـراوە بەزووترین کات بکوژانی سەردەشت ئاشکرابکرێنو بەسزا بگەیەندرێن، هاوکات یاداشتێکیشیان لەرێی قایمقامی رانیەوە ئاراستەی هەرسێ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کرد، کە تێیدا داوایان کرد لێپێچینەوە لە دەزگا پەیوەندیدارو کەمتەرخەمەکان بکرێتو وەڵامی نارەزایی هاوڵاتیان بدرێتەوە.

## کوژرانی سەردەشت وڵاتانی ئەوروپاشی هەژاند

لە وڵاتانی دەرەوەش، رەوەنـدی کورد بەمەبەستی پشگیری کردن لە جەماوەری بە دەنگ هاتووی هەرێمی کوردستانو بۆ ئیدانەکردنی ئەو کوشتنە ترسنۆکانەیەی خوێندکارو رۆژنـامـەنـووس سەردەشت عوسمانی پێ شەهیدکرا، چەندین خۆپیشاندان سازکرد، لەژێر دروشمی بکوژانی سەردەشت عوسمان دەبێت بێسزا دەرنەچن، ناهێڵین ئازادی و مافەکانمان پامال بکەن، بەڵگەکانی تیرۆرکردنی سەردەشت گومانی ئەوەیان لەلا پەیدا دەکەن کە بکەرانی ئەم پیلانە نەگریسە بەشێکن لە خودی دەسەڵاتو لەنێوبازنەی دەسەڵاتدان.

## فنلەندا، هێرشکردنە سەر رۆژنامەنووسان شەرمەزارکرا

لە وڵاتی فنلەندا، رۆژی چوارشەمەی رابردوو ٥/١٣ بەبەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لە رۆژنامەنووسانو رۆشنبیرانو نوێنەرانی چەند پارتو رێکخراوێک، خۆپیشاندانێک بۆ ئیدانەکردنی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان، بۆ بەردەم باڵیۆزخانەی عێراق لە شاری هێلسینکی سازکرا. خۆپیشاندەران چەندین دروشمی جیاجیایان بەرزکردبووەوەو تیایدا هێرشکردنە سەر رۆژنامەنووسان لە هەرێمی کوردستان رسواو شەرمەزارکراو یاداشتێکیشیان دایە باڵیۆزی عێراق لە فنلەندا.

## هۆڵەندا، ناهێڵین ئازادیو مافەکانمان پامال بکەن

هاوکات، لە وڵاتی هۆڵەنداش، کۆمیتەی سـەردەشـت عـوسـمـان بۆ بـەرگـری لە ئازادیی، بەبەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لە رۆشنبیرانو هەڵسوراوانی سیاسی و مافی مەدەنیو ژنو منداڵ کە لەشوێنە دوورەکانی هۆڵەنداوە هاتبوون، خۆپیشاندانێکیان لەژێر دروشمی (بکوژانی سەردەشت عوسمان دەبێت بێسزا دەرنەچن، ناهێڵین ئازادیو مافەکانمان پامال بکەن)، بۆ بەردەم باڵیۆزخانەی عێراق لە دینهاخ سازکرد.

خۆپیشاندەران چوونە ناو باڵیۆزخانە، لەگەڵ نوێنەری باڵیۆزخانەی عێراقی گفتوگۆیان کـردو تەئکیدیان کـردەوە کە بەرپرسانی هـەرێـمو بەتایبەتیش پارتی دیموکراتی کوردستان بە کەمتەرخەمو تۆمەتبار ئەزانن‌و داخوازییەکانی خۆپیشاندەرانیان بە نووسراو پێدان کە پێکهاتبوون لە (ئاشکراکردنو سزادانی تاوانبارانو کاری جدیی لەلایەن بەرپرسانی هەولێرو پارتییەوە).

وەفدەکە نارەزایەتی خۆشیان پیشاندا بۆ باڵیۆزی عێراق (سیامەند بەنا) کە کوردەو لەسەر لیستی پارتییە پێشوازی لێنەکردوونو خۆپیشاندەران بۆ ماوەیەکی درێژ کەوتنە هوتافکێشانو هاواریان دەکـرد (مـردن بۆ تیرۆریستان، رووڕەشی بۆ تیرۆریستان.... ئـــازادی بـۆ کـــوردســـتــــان....ئـــازادی بۆ رۆژنامەنووسان)

## سوید، ئازادی بیرورا سنووردار نەکرێت

١٦ی ئەم مانگەش ٦ پارتو رێکخراوی کوردی لە شاری ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید، خۆپیشاندانێکیان رێکخست، وەک نارەزاییەک بەرامبەر بە تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمانی خوێندکارو رۆژنامەنووس، داوایانکرد کە ئازادی بیرورا سنووردار نەکرێتو بکوژانی سەردەشت ئاشکرابکرێن.

## سویسرا، ئەنجامدەرانی ئەم پیلانە نەگریسە لەنێو بازنەی دەسەڵاتدان

ئەمرۆش لەوڵاتی سویسرا بۆگوشارخستنە سەر حکومەت تا بکوژانی سەردەشت ئاشکرا بکات، خۆپیشاندانێکی فـراوان لە شاری بیرن لەبەردەم بنکەی رێکخراوی ئەمەنستی ئەنتەرناسیۆنال سازدەکرێت.

خۆپیشاندانەکەش بریارە لەژێر دروشمی «دابینکردنی ئازادی سیاسی، ئازادی بیروراو رۆژنامەگەریو لەپێناو ئاشکراکردنو بە سزاگەیاندنی بکوژانی سەردەشت عوسمانو پیلانی پشت ئەو کوشتنە، چونکە هەموو بەڵگەکانی تیرۆرکردنی گومانی ئەوەمان لەلا پەیدادەکەن کە ئەنجامدەرانی ئەم پیلانە نەگریسە بەشێکن لە خـودی دەسـەڵاتو لەنێوبازنەی دەسەڵاتدان» بەرێوەبچێت.

## دانیمارک، دەسەڵات لە هەرێم بەرپرسیارە لە لێکۆڵینەوە لەو تاوانە

یەکشەمە، ٥/١٦ لە وڵاتـی دانیمارک کەمپەینی بەرگری لە ئازادی، خۆپیشاندانێکیان بۆ دەربرینی نارەزایی بەرامبەر بە تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان سازکرد.

چالاکیەکە بە دروشمی «وەستانەوە بـەرووی پێشێلکاری تیرۆرکردنی ئازادی بیروراو ئـازادی رۆژنامەگەریو هەموو دەنگێکی ئازادیخواز لە هەرێمی کوردستان، هەروەها بۆ بەرپرسکردنی حکومەتی هەرێم بۆ بەدواداچوونو پەردەلادان لەسەر دەستی تیرۆرو کێشکردنی تاوانباران بۆ دادگـا»، هاوکات ئامادەبووان ئەوەشیان خستەروو، کە ئەو دەسەڵاتەی ئێستای هەرێم بەرپرسیارە لـەو تاوانە لە لێکۆڵینەوەو دەرخستنی دەرەنجامەکانی بەشێوازێکی روونو ئاشکرا کە رێگربێت لە دووبارەبوونەوەی ئەم شێوە تاوانانە، چونکە تاوانەکانی پێشووی دژ بە رۆژنامەنووسانو دەنگە ئازادەکان، بوون بە رێگا خۆشکەرێک بۆ تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان، بۆیە دەمانەوێت ئەم کارەساتە ببێتە وەستانو بنبڕکردنی تیرۆری دەنگی ئازاد، بۆ ئەم مەبەستەش دەسەڵات بەرپرسیار دەکەین لە ئێستاو داهاتوودا.

ئەنجامدانی دەیـــان خۆپیشاندانو دەرکردنی سـەدان بەیاننامەی نارەزایی بەردەوامی هەیەو چاوەروانی هاوڵاتییان بۆ ئاشکراکردنی بکوژانی رۆژنامەنووسو خوێندکار سەردەشت عوسمان، پێویستی بە وەڵامی حکومەتی هەرێمو هێزە ئەمنییەکان هەیە.



جەماوەر بە گڕوتینێکی زۆرەوە دژی تیرۆرکردنی رۆژنامەنووسان دەوەستنەوە

# قایمقامی قەزای چۆمان: ناکرێت بۆ گوندێکی (٢٠) ماڵیی، خوێندنگەو بنکەی تەندروستی دروستبکرێت

سازدانی: ئەحمەد باڵەکی

**عەبدولواحید گوانی، قایمقامی قەزای چۆمان پێیوایە: ناکرێت حکومەتی هەریمی کوردستان بۆ گوندێکی (٢٠)یان (٣٠)ماڵیی، خوێندنگەو بنکەی تەندروستیو رێگاوبان و پرۆژەی ئاودێریی دروست بکات، لەم دیدارەی رۆژنامەشدا جەخت لە چۆڵبوونی هەندێک گوند دەکاتەوەو کەموکورتییەکانی قەزاکەشیان دەخاتەڕوو.**



عەبدولواحید گوانی، قایمقامی چۆمان

**رۆژنامە: ئەگەرچی لە رووی ئیدارییەوە مەرزی نێودەوڵەتیی حاجی ئۆمەران سەر بە قەزای چۆمانەو ساڵانەش داهاتێکی باشی هەیە، بەڵام بۆچی سنوورەکەتان وەک پێویست پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ جێبەجێ نەکراوە؟**

* مـەرج نییە هەرشوێنێک مـەرزی لـێ بـوو، داهـاتـەکـەی بۆ ئـەو شوێنە بەکاربێت، چونکە ئەمانە مەرزی عێراقو هەرێمن، دەبێت سوودەکەیان بۆ هەموو ناوچەکانی عێراق بێت بەبێ جیاوازی، بۆ نموونە پێشتر تەنیا مـەرزی برایم خەلیلمان هەبوو، داهاتەکەشی بۆ هەموو ناوچەکانی کوردستان بەکاردەهات، نەک تەنیا بۆ زاخـۆ. لەلایەکی دیکەوە، ئێمە فشاری زۆرمـان خستووەتە سەر حکومەت کە لەبری ئەوە، کێشە سەرەکییە خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانمان بۆ جێبەجێ بکرێن. داواشمان لە سەرووی خـۆمـان کـردووە کـە مـادام مـەرزی حاجی ئۆمەران لەو سنوورەیە، دەبێت دانیشتووانەکەی سوودمەندبن لێی، ئێمە دەستکەوتی زۆرمان بەدەستهێناوە، چونکە پێشتر چۆمانێکی وێرانمان هەبووەو دوو ناحیەشمان هەبووە، ئێستا بووینەتە چوار ناحیە، ئەو ناحیانەش کە زیادمان کردوون، بە چەندین ملیۆن دینارمان تیا سەرفکردوون، تا وامانلێکردوون کە لە ناحیە بچن، لەماوەی چوارساڵی رابردوودا بەهۆی بوونی ئەو مەرزەوە لەم سنوورەدا، توانیومانە بودجەیەکی زۆرباش رابکێشین بۆ پرۆژە خزمەتگوزارییەکان.

**رۆژنـامـە: ماوەیەکی زۆرە لەلایەن ئێرانەوە سنوورەکەتان تۆپباران دەکرێت، زیانی مادیی زۆریشی بە هاوڵاتییان گەیاندووە، بەتایبەت جوتیاران، ئێوە بۆچی هەوڵتان نـەداوە بۆ وەستاندنی تۆپبارانەکان؟**

* سـەبـارەت بـە تـۆپـبـارانـەکـان، لەساڵی (١٩٩١)ەوە ئـەم تۆپبارانانە بەشێوەیەکی پچڕپچڕ هەر بەردەوامن، ئێمە لای خۆشمانەوە پێمانوایە، ئامانجێکی سیاسییەو دروستبوونی کەشوهەوایەکی نائارامە لەناوچەکەدا، ئەو جوتیارانەش، لەلایەن حکومەتەوە زیاتر لە زیانەکەی خۆیان قەربوو کراونەتەوە.

وەکـو کارکردنیش بۆ وەستاندنی ئەم تۆپبارانانە، ئێمە لە سێ ئاستەوە کارمان کـردووە، لە ئاستی ئەنجومەنی وەزیـران، لە سەردەمی کابینەی پێنجو شـەش کـە هـەولـێـکـی زۆردراوە بۆ وەستاندنی ئەم تۆپبارانانەو لەهەموو کۆبوونەوەکانی پارێزگاری هەولێرو نوێنەری ئازربایجانی غەربیدا مەوزوعی تۆپباران خـراوەتـەڕوو، بەهەمانشێوە لەچۆمانیش لەگەڵ فەرمانداری پیرانشار ئەو خاڵەمان کردووەتە خاڵێکی سەرەکیی کۆبوونەوەکان کە مانگانە ئەنجامی دەدەین، ئێمە بە ئێرانمان راگەیاندووە، ئەگەر بێتو لەم تۆپبارانانە بەردەوام بن، ئـەوا لەناو میللەتی کـورددا بەچاوێکی دوژمنکارانەوە سەیری ئێران دەکرێت. ئەوانیش چەندینجار بەڵێنیان پێداوین کە تۆپبارانەکان بوەستێنن، بەڵام جارجارە هەر بەردەوامە.

**رۆژنامە: ماوەیەک لەمەوبەر کەمپەینێک پێکهات بۆ تەرخانکردنی بەشێک لە داهاتی حاجی ئۆمەران بۆ سنوورەکە، ئێوە تاچەند پشتگیریی ئەم کەمپەینەتان کردووە؟**

* کەمپەین بۆ شتی گەورە دەکرێت، بۆ نموونە، بارێکی ترسناک لەهەرێمدا رووبدات، یان بۆ لادانی سەرۆکێک، یان بۆ شتە سیاسییە گەورەکان، ئێمەش بەهەموو شێوەیەک پاڵپشتی ئەم کەمپەینەمان کردووە، ئەو هەوڵەی کە باسی دەکەیت، بۆئەوەی کە بەشێک لە داهاتی گومرگی حاجی ئۆمەران بۆ چۆمان سەرف بکرێت، ئەمە بابەتێک بوو کە ئێمە پشتیوانییەکی زۆرگەورەمان لێکرد، چونکە لە قازانجی حکومەتی هەرێمو لە قازانجی ئیدارەی چۆمان بوو، بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارەش، دەبێت حکومەتی بەغدا رەزامەندیی لەسەر دەرببڕێت.

**رۆژنـامـە: ساڵی رابـردوو، بەشێک لەگوندەکانی سنووری ئێوە چۆڵکران، ئەمەش لەبەر نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان بووە، چیتان لەبەردەستدایە، چۆن رووبەڕووی ئەم گرفتە دەبنەوە؟**

* کۆمەڵێک گوند چۆڵ نەکراون، بەڵکو کۆمەڵێک خێزان باریانکردووە، ئەوەی چۆڵکراوە بەڕاستی تەنیا دوو گوند بوو، ئەویش گوندی کویلانو گوندی سەرکان بوون، کاتی خۆی چەند ماڵێکیان تێدامابوو، بەڵام ئەمساڵ ئەم دووگوندە بەتەواوی چوڵکراون، لەهەندێک گوندیش چەند ماڵێک باریانکردبوو بۆ شارەکان، لە سنوورەکەی ئێمەدا هەندێک لە گوندەکان لە زستاندا کەم دەبنەوە، ئەم گوندانەش بەهۆی ئەوەی کە زۆر دوورنو لەناو شاخەکاندانو رێگاوبانیشیان وەک پێویست نییە، بۆیە چۆڵ دەبن، زۆریش دوورن لەشارەکانەوەو ناشکرێت حکومەتی هەریمی کوردستان بۆ گوندێکی (١٠ماڵ یان ١٥ ماڵیی، یان ٢٠ یان ٣٠ ماڵیی) خوێندنگەو بنکەی تەندروستیو رێگاوبانو پرۆژەی ئاودێریی دروست بکات، وەکو گوندی کۆیلە.

هەوڵمانداوەو چەند مانگێک لەمەوبەر داوامـان لە سەرۆکی هەرێم کـردووە کە گوندنشینانی ئێمە رۆژبـەڕۆژ روو لەشارەکان دەکەن، ئەمەش مەترسییەکی زۆرگەورەیە لەسەر ئابووریی کوردستانو کلتوورو چەند شتێکی تر، شارەکانیشمان خراب دەبنو گوندەکانیشمان چۆڵ دەبن، داواشمانکرد، ئەو سلفەیەی کە لەشار دەدرێت، پێچەوانە بکرێتەوەو بدرێت بە گوندەکان، چونکە ئەگەر حکومەت لەشاردا سلفەو زەوی بدات بە هاوڵاتییانو نەیدات بە گوندنشینەکان، ئەوکات حکومەت هاندەرێک دەبێت بۆ چۆڵکردنی گوندەکان.

**رۆژنامە: بەرنامەتان چییە بۆ دانانی ماستەرپلان بۆ قەزای چۆمان؟**

* بە راستی کێشەیەکی گەورەمان هـەیـە لـە رووی نـەخـشـەو چەند کەموکورتییەکی دیکەوە، لە سنووری ئێمەدا هەموو زەوییەکان بوونەتە موڵکی میری، بە بڕیاری (٩٠)ی چاکسازیی کشتوکاڵی، بەناو چاکسازی کشتوکاڵیی رژێمی بەعس کە وایـکـردووە، خاکو گەل لەیەکتر جیابکاتەوە، بـەڵام ئێمە راپۆرتێکمان ئاڕاستەی سەرۆکایەتی هەرێمو پەرلەمانو ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان کرد کە روونمانکردەوە، ئەم بڕیارە بڕیارێکی شۆڤێنییانەیە کە دژ بە هەرێمی کوردستانو گەلەکەی دەرچووە، پێویستە هەموار بکرێت بۆئەوەی زەویی هاوڵاتییان بگەڕێنرێنەتەوە بۆ هاوڵاتییان، چونکە بەبێ رەزامەندییان ئەم زەوییانە بوونەتە موڵکی میریی، بۆیە پەرلەمانی کوردستان ئەم یاسایەی هەمواركردو گۆڕانکاریی تێداکردووە کە ئێستا وای لێکردووە، ئەم زەوییانەی کە کاتی خۆی کراون بە موڵکی میریی بکرێنەوە بەناوی خاوەنەکانیانەوە، بەبوونی سەنەدو تاپۆ، یان دوو شاهید، بۆیە وەزارەتی کشتوکاڵ لیژنە پێکدەهێنێت بۆئەوەی ئەم بڕایارە جێبەجێبکاتو زەوییەکان بکرێنەوە بەناوی هاوڵاتییانەوە، ئینجا ئێمە بەرنامە دادەنێین بۆ ماستەرپلان.

**رۆژنـامـە: ئێستا کەموکورتییە ئیدارییەکانی قەزای چۆمان، خۆیان لەچیدا دەبیننەوە؟**

* هەندێک کەموکورتی هەن کە لێیان دڵگرانین، بۆ نموونە مەسەلەی کوشتارگەو شوێنی فرۆشتنی گۆشت، چونکە ئاسوودە نیم لە شێوازی کوشتنەوەی ئـاژەڵو هەوڵێکی زۆرمـانـداوە، بـەڵام بۆمان چارەسەرنەکراوە، هەروەها بەنزینخانەی چۆمان کە بەنزینخانەیەکی کۆنەو لەناو سەنتەری قەزای چۆماندایەو هەوڵێکی زۆرمانداوە لەگەڵ وەزارەتی پەیوەندیداردا کە ئەم بەنزینخانەیە لەناو ماڵاندا لابدەینو لەشوێنێکی دیکە دروستیبکەینەوە بۆ هاوڵاتییان، هەروەها هەوڵێکی زۆرمان داوە کە رێگای حاجی ئۆمەران- چۆمان بکرێت بەدووساید، بەڵام بۆمان نەکراوەو تائێستاش کارەبای نیشتمانی نەگەیشووەتە گوندەکانمان، ئەمەش بەکێشەیەک دەزانین کە ئەمساڵ دوو پرۆژەمان بۆ دەرچووە بۆ گەلاڵەو حاجی ئۆمەران، بەڵام ئێمە بەکەمی دەزانینو پێویستە هەموو گوندەکانی کوردستان کارەبای نیشتمانییان هەبێتو هەروەها لە حاجی ئۆمەران، بنکەیەکی کۆنی تەندروستی هەیە کە لە ئاست داخوازییەکانی هاوڵاتییاندا نییە.

> **سەرۆکی حکومەتمان لە ترسناکیی چۆڵبوونی گوندەکان ئاگادارکردووەتەوە**

# نەبوونی گەراج، خاوەن ئۆتۆمبێلەکان تووشی دڵەڕاوکێ دەکات

ئاری لوقمان: چەمچەماڵ

شۆفێرانی چەمچماڵ حکومەت بە کەمتەرخەمدەزانن لەبەرامبەر دروستنەکردنی پارکی ئۆتۆمبێل لە شارەکەیاندا، چونکە ئەو شۆفێرانە بەهۆی نەبوونی پارکەوە ئۆتۆمبێلەکانیان لە سەرشەقامەکان رادەگرن، ئەمەش تووشی دڵەڕاوکێی کردوون، لەترسی دزینی ئۆتۆمبێلەکانیان.

کامەران سدیق، شۆفێرێکی تاکسییە لە چەمچەماڵ، بۆ رۆژنامە وتی: «لەم شارەدا پلان بوونی نییە، پێویستبوو حکومەت بەرنامەی هەبێت بۆ دابینکردنی شوێن بۆ گەراج، لەبەرئەوەی نەبوونی گەراج کێشەمان بۆ دروستدەکات».

ئەو شۆفێرە پێیوایە؛ وەستاندنی ئۆتۆمبێل لەناو شەقامەکاندا جگە لەوەی سیمایەکی ناشرین دەبەخشێت، لەهەمانکاتدا دڵنیانین لە ئۆتۆمبێلەکانمانو ئەگەری دروستبوونی رووداوی هاتوچۆ زۆرە.

هەڵکەوت محەمەد، شۆفێری هێڵی کەرکوک- چەمچەماڵ، باس لەوە دەکات، کە هێڵەکەیان گرفتی نەبوونی جێگاو شوێنی حەسانەوەیان هەیەو لە زستانو هاویندا تووشی کێشە دەبن، ئاماژە بەوەش دەکات؛ ئەم کێشەیە لە هێڵەکانی دیکەشدا بوونی هەیە.

بـەهـۆی نـەبـوونـی ماستەرپلانێکی زانستیانەوە لە زۆربەی قەزاو ناحیەکانی هەرێمی کوردستان جێگەی تایبەت بە پارکی ئۆتۆمبێلو ناوچەی سەوزاییو پرۆژە خزمەتگوزارییەکان دابیننەکراوە، چەمچەماڵیش یەکێکە لەو قەزایانەی کە پارکی ئۆتۆمبێلی نییە، جگە لەوەی کە سیستمی ترافیکیش بۆ شەقامەکانی دانەنراوە.

نـەوزاد جـەلال، سەرۆکی شارەوانیی چەمچەماڵ، سەبارەت بە کێشەی گەراجو هێڵەکانی دەرەوەی شار بە رۆژنامەی راگەیاند: سەبارەت بەو گەراجانەی ناوەوەو دەرەوەی شار لە رابردوودا وەک پێویست کاری بۆ نەکراوە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە هەندێک شوێن دیاریکراوە بۆ باخچە یاخود قوتابخانەو نەخۆشخانە، ناتوانرێت بکرێت بە گەراج، بەڵام ئێمە گەراجی شۆڕشمان دابینکردووەو چەند پرۆژەیەکی گەورەش دەستپێکراوەو ژێرەکانیان کـراوە بە گـەراج، ئەمەش گرفتی نەبوونی گـەراج کەمدەکاتەوە».

سەرۆکی شارەوانیی چەمچەماڵ ئاماژەی بەوەشکرد؛ گەراجێکی دیکەیان هەیە لە تەنیشت ئاسایشی چەمچەماڵ بە مساتەحە دراوە بە کۆمپانیایەکو گەراجی گەورەی یەکگرتووی چەمچەماڵیش لە قۆناغی جێبەجێکردندایەو بڕی (٢) ملیار دیناری بۆ تەرخانکراوە، کە لە چێشتخانەیەکو ئوتێلێکی بچووک پێکهاتووەو رووبەرەکەی پانزە هەزار مەترە.



## فایەق سەعید، پسپۆڕی پەروەردەیی:

# نەبوونی عەقڵی پەروەردەیی بۆ بێتوانایی حکومەت دەگەڕێتەوە

سازدانی: شارا عەبدولڕەحمان

**فایەق سەعید، پسپۆڕی پەروەردەیی لە وڵاتی سوید، هۆکارەکانی شکستی بڕیارەکانی کۆنگرەی پەروەردەیی وەزارەتی پەروەردەی ساڵی (٢٠٠٧) بۆ ڕۆژنامە ڕووندەکاتەوەو ئاماژەبەوەدەکات؛ گرفتی کوردستان ئەوەیە کە خاوەنی عەقڵی پێشکەوتوو نین لە پەروەردەداو هۆکاری ئەوەش بۆ بێتوانایی حکومەت دەگەڕێتەوە**



فایەق سەعید

**ڕۆژنامە: دوای ئەوەی لە کۆنگرەیەکی پەروەردەیی وەزارەتی پەروەردەی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێم، سیستمی نوێی خوێندن لە کوردستاندا گۆڕا، ژمارەیەک کێشە بۆ خوێندکاران‌و مامۆستایان دروستبوو، هۆکارەکەی باش دیراسەنەکردنی سیستمەکە بوو لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە یان هۆکاری تازەیی بوو بۆ خوێندکاران‌و مامۆستایان؟**

* بەشێک لە هۆکارەکان پەیوەندییان بە تێکەڵەیەکەوە هەیە لە هەردوو هۆکارەکە، بەڵام هۆکاری سەرەکیی لەو کورتهێنانەدایە کە لە عەقڵی ئێمەدا هەیە، ئەگەر ستافێکمان هەبوایە خاوەن عەقڵێکی پەروەردەیی بوایە کارەکان بێ گرفت بەرەو پێشەوە دەچوون، نەبوونی عەقڵی پەروەردەیی بۆ بێتوانایی حکومەت دەگەڕێتەوە، کە لەم بـوارەدا لە وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵادا بەرجەستەبووە، دەرکەوتنی ئەو کەموکوورییانەش کارێکی تا بڵێی ئاساییەو لە هەموو وڵاتێکی هاوچەشندا دێنە کایەوەو من بەشێوەیەک لەشێوەکان لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیشدا بینیومە، بەڵام ئەوەی ئێمە لەوان جیادەکاتەوە، ئەوەیە ستافی پەروەردەییمان تا بڵێی دواکەوتووەو ناتوانێت سیستمێکی پێشکەوتوو بەکاربهێنێت، بێگومان ئەم سیستمە بۆ خوێندکاران‌و مامۆستایانیش تازەبوو، بەڵام ئەو ستافەی لە وەزارەتی پەروەردەدا هەبوو لەوەدا سەرکەوتوونەبوو ئەو سیستمە بە قوتابخانەکان ئاشنا بکات.

**ڕۆژنامە: پێتوایە ئەو سیستمە نوێیە بۆ چەند ساڵێکی دیکە دەتوانرێت وەک خۆی پەیڕەوبکرێت؟**

* بەڵێ دەتوانرێت، بەڵام نابێت ئەوەشمان لەیاد بچێت هەموو سیستمێک پێویستی بە هەڵسەنگاندنی بـەردەوام هەیەو بەو هۆیەشەوە دەکرێت ئێمە لە بەردەوامیی پرۆسەکەدا گۆڕانکاریی زۆر بکەین، ئەوەی من لێی دڵنیام ئەوەیە، کە سیستمەکە زۆر باشەو هاوچەرخە، بەڵام هێشتا بە دڵی من نییە، چونکە کۆمەڵێک هەنگاوی دیکە هەیە دەبێت بنرێن بۆ ئەوەی سیستمەکە کامڵ بێت.

**ڕۆژنامە: لە سیستمی نوێدا خوێندکاران بەشێوەی گروپ وانە دەخوێنن‌و بۆ هەر وانەیەک دوو مامۆستا دەچێتە پۆلەوە، بەڵام پۆلی قوتابخانەکانی کوردستان بچووکن‌و هیچکامیان لە (٣٥) قوتابی کەمتریان تێدا نییە، ئەمە جگە لەوەی کە زۆربەی قوتابخانەکان لە بینای ماڵاندان‌و حەوشەو باخچەشیان نییە بۆ مەشقکردن، ئەمە تاچەند دەتوانرێت سیستمی نوێی تێدا پەسەندبکرێت؟**

* ئێمە دەتوانین ئـەم سیستمە لەو قوتابخانە بێ باخچانەشدا پیادە بکەین، بەڵام گرفتیشمان هەیە، کە گەورەترین گرفتی ئێمە ئەوەیە خاوەنی عەقڵی پێشکەوتوو نین لە پـەروەردەدا، ئەگەر ئەو تێڕوانین‌و جیهانبینییەمان لە پـەروەردەدا هەبوایە، کە من مەبەستمە ئەم سیستەمان لەگەڵ دەرەفەتەکانی خۆماندا بە باشی پیادە دەکرد، لەم بوارەدا دەمەوێت هەندێک خاڵی دیکەش یاداشت بکەم:

یەکەم: ئەم باسە دەچێتە خانەی زانستی دیداکتیکەوە، کە ئێمە شارەزاییەکی ئەوتۆمان تێیدا نییەو یەک دانە کتێبێکیشمان لەو بارەیەوە نییە. دووەم: لەم بوارەدا پەروەردەزانەکان باس لە دوو شت دەکەن، کە بریتین لە فۆرم‌و شێوازەکانی کارکردن، بێگومان کاری گروپ یەکێکە لە فۆرمەکانی کارکردن لە قوتابخانەکاندا، ئەم فۆرمە چەندین شێوازی جۆراوجۆری هەیەو یەکێکیان ئەو شێوازەیە کە تۆ مەبەستتە.

سێیەم: پەروەردەزانی شارەزا ئەوەیە کە لەبەر ڕۆشنایی ژمارەی خوێندکارەکان، پانتایی پۆل یان باخچە یان ئەو شوێنەی وانەی تێدا دەڵێتەوە، کەرەستەکانی خوێندن، بابەتی کتێبەکە یان کەیسەکە... هتد، یەکێک لە شێوازەکانی کارکردنی فۆرمی گروپ هەڵدەبژێرێت.

چوارەم: من لەگەڵتدا هاوڕام پیادەکردنی ئەم فۆرمە ئاسان نییە بۆ هەموو قوتابخانەکان، بەڵام خۆ بۆ هەندێک قوتابخانە ئاسانە، بۆ ئەو مەبەستەش پێویستمان بە کەسانی شارەزا هەیە بۆ ئەوەی لەگەڵ مامۆستاکانداو بە بەرچاویانەوەو لەهەمان ئەو پۆلانەدا کە تۆ باسی دەکەیت ئەو کارە بکەن.

پێنجەم: لەهەر وڵاتێکدا بڕیاری ئەوە بدرێت کە دوو مامۆستا بچنە پۆلێکەوە، ئەوە مامۆستاکان لە خۆشیدا هەڵدەپەڕن، بەڵام کاتێک وەزارەتی پەروەردەی ئێمە بڕیارێکی وای (بەلایەنی کەمەوە بۆ هەندێک قوتابخانەو ناوچە) دەرکـرد، مامۆستاکان نارەزایی دنیایان دەربڕی‌و باسی کۆمەڵێک فاکتەریان کرد، من خەریک بوو سەرم سپی ببێت، دوو مامۆستا لە پۆلێکدا نیعمەتە.

**ڕۆژنـامـە: دوای ئـەوەی کە بڕیاردرا نمرەی پۆلەکانی دەیەم‌و یانزەیەمی ئامادەیی، لەگەڵ نمرەی پۆلی دوانزەیەمدا لە ئەمساڵی خوێندنەوەهەژماربکرێت، خوێندکاران هاتنە سەر شەقامەکان، پیشاندانی نارەزاییەکانیشیان توندوتیژیی تێدا بینرا، بەشێوەیەک کە هێرشیانکردە سەر بینای پەروەردە هۆکاری ئەو توندوتیژییە چییە؟**

* توندوتیژیی لەناخی هەموومانداییەو سیستمی سیاسی ئێمەش لەدوای ڕاپەڕینەوە بەهەمانشێوەی پێش ڕاپەڕین ئەو توندوتیژییە لەناو سیستمی کۆمەڵایەتی کوردستاندا پیادە دەکات، بۆیە تائێستاش ئێمە نەوەکانی خۆمان لەسەر ئەو توندوتیژییە ڕادەهێنین، بۆیە ئەو توندوتیژییە لەناخی خوێندکارە خۆپیشاندەرەکانیشدا ئامادەیە، بەڵام ئەوەی ڕوویدا بریتیبوو لە پەرچەکرداری خوێندکارەکان بەرامبەر بەو توندوتیژییەی هێزەکانی حکومەت پیادەیانکرد، بیریشمان نەچێت ڕۆحێکی یاخیبوون لەناخی ئەو هەرزەکارانەدا هەیەو ئەوان زۆر زووتر هەڵدەچن‌و پەرچەکرداردەنوێنن. مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم تەمەنەدا پێویستی بە شارەزایی هەیەو هێزەکانی ئاسایش‌و پۆلیسیش بەهیچ شێوەیەک توانای ئەوەیان نییە ئەو مامەڵەیە پیادە بکەن، دواتر ئێمە هەموومان ئەوە دەزانین دەسەڵات لە هەموومان زیاتر توندوتیژییەکی سەیر بەکاردەهێنێت، بۆیە بمانەوێت یان نا ئەمەش کاریگەریی لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگە هەیە.

**ڕۆژنامە: بۆ ڕاهێنانی خوێندکاران لەسەر سیستمی نوێی پـەروەردەو فێرکردن چی بکرێت باشە؟**

* کاتێک ئەو پرسیارە دەکـرێـت، کە خوێندکاران گرفتی دنیایان لە بـواری پیادەکردنی ئەم سیستمەدا هەبێت، بەڵام من تێڕوانینێکی پێچەوانەم هەیەو پێموایە ئـەوەی گرفتی هەیە خوێندکاران نین، بەڵکو مامۆستاو بەڕێوەبەرو بەرپرسە هەرە باڵاکانی پەروەردەن، کە ناتوانن ئەم سیستمە بخەنە سەر سکەی خـۆی، ئەو گرفتانەی خوێندکاران هەیانە پەیوەندییان بەم سیستمە تازەیەوە نییەو دەمێکە هەیانە. بەشێوەیەکی دی خوێندکاران چاوەڕوانی ئـەوەن کەی گەورەکانی دەوروپشتیان خۆیان ساغدەکەنەوەو بە زانستێکی نوێوە کاریان لەگەڵ دەکەن‌و بە ڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن.

# ئێوارەی (٥/١٣) چەندین ڕۆژنامەنووس بەرشەق و زللە دران

پ: سلێمانی

چەندین ڕۆژنـامـەنـووس بەهۆی ئەو هەڕەشانەی بە مۆبایل لێیان دەکرێت لەژێر مەترسیدان‌و سەنتەری میترۆ بۆ ڕاوێژو داکۆکیی لە ڕۆژنامەنووسانیش ئاشکرای دەکات، کە (٩) ڕۆژنامەنووس لە هەولێرو سلێمانی پێشێلکارییان بەرامبەر ئەنجامدراوە.

ئـێـوارەی ڕۆژی (٥/١٣) کۆمەڵێک ڕۆژنامەنووس لەکاتی ڕووماڵکردنی هەواڵی کۆبوونەوەیەکی هەندێک ڕێکخراوی سیاسی، کە بۆ ئیدانەکردنی لە سێدارەدانی لاوانی کوردی ئێرانی لە ناوەندی شاری سلێمانی (سـەرا) کۆببوونەوە، لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی سلێمانی هێرشکرایە سەریان‌و دەستگیراکران‌و کامێراکانیان دەستی بەسەرداگیرا.



سـەنـتـەری میترۆ بـۆ داکـۆکـیـی لە ڕۆژنامەنووسان، ئیدانەی دەستگیرکردن‌و هێرشکردنەسەر (٩) ڕۆژنامەنووس لە سلێمانی‌و هەولێر دەکـات، داوادەکـات داواکـاری گشتیی هەرێم بەهەمان گرنگیی هەندێک کەیسی ڕۆژنامەنووسیی، کەیسی پێشێلکردنی یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی بجووڵێنێت.

شکار موعتەسەم، پەیامنێری ڕۆژنامەی ڕۆژنامەو سایتی سبەی، یەکێک بووە لەو ڕۆژنامەنووسانەی لە بـەردەرکـی سـەرا لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە دەستگیرکراوەو ئازاردراوە.

شکار لەو بارەیەوە وتی: «بەشەق‌و زللەو قسەی ناشرین کرامە ناو سەیارەی ئاسایش‌و زیاتر لە کاتژمێرێک لەو بەڕێوەبەرێتییە دەستبەسەربووم پاشان ئازادکرام».

لەلایەکی دیکەوە سیروان ئەحمەد، فـۆتـۆگـرافـەر، بـە سـەنـتـەری میترۆی ڕاگـەیـانـدووە: لـەژێـر وێـنـەکـەی شێخ مەحمودەوە تا سەرجادەکە بەشەق‌و قسەی ناشرین بردمیان بۆ ناو سەیارەکەی ئاسایش، وتیشی: «سووکایەتی زۆرم پێکراو بردمیان بۆ یاریدەدەرێتی ئاسایشی سلێمانی‌و لەوێ بە کەفالەتی سەرنووسەرەکەم ئازادکرام».

هەر دوای ئەو ڕووداوە نارەزایی دژی ئەو کردارەی هێزەکانی ئاسایشی سلێمانی بەرزبووەوەو لەبەیاننامەیەکدا ڕۆژنامەی چەتر، کە کۆپیەکی لای ڕۆژنامە پارێزراوە ئیدانەی ئەو کردەوەیە دەکەن‌و باس لەوە دەکەن، کە سێ لە پەیامنێرەکانیان بە ناوەکانی (فەریق هەڵەبجەیی‌و سیروان ئەحمەدی‌و هاوژین غەریب) پاش ئیهانەو جنێودان‌و سووکایەتییەکی زۆر، کامێراکانیشیان بەر لێشاوی ئەو پەلامارەی ئاسایشی سلێمانی کەوتووەو ئاسایش ڕەفتارێکی تا دوا ڕادە نایاساییانەی بەرامبەر بە ڕۆژنامەوانان‌و خـەڵـکـە خـۆپـیـشـانـدەرەکـە کـــردووەو دەستبەسەری کردوون.

ئەم ڕووداوانــە لەکاتێکدایە، کە بەپێی یاسای ڕۆژنامەگەریی هەرێمی کوردستان، ڕۆژنامەنووسان مافی ئامادەبوونیان لە چالاکییە گشتییەکاندا هەیەو هەرکەسێک بـەهـۆی کـارەکـەیـەوە سـووکـایـەتـی بە ڕۆژنامەنووس بکات، یان دەستدرێژیی بکاتەسەر، ئەوا هەمان ئەو سزایە دەیگرێتەوە کە بۆ دەستدرێژیکردنە سەر فەرمانبەرێک لەکاتی یان بەهۆی بەجێهێنانی ئەرکەکانی دانراوە».

لەئێستادا ڕۆژنامەنووسان نازانن کێ پارێزەری ژیانیانە، ئەمەش دوای ئەوەی کە هێزە ئەمنییەکانی هەولێر پشتیوانییان لە ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان نەکرد، کاتێک کە ئاگاداری کردبوونەوە لەو هەڕەشانەی کە لە سەریەتی، بەم هۆیەشەوە چەند ڕۆژنامەنووسێک لە مەترسیدا دەژین‌و بە حەزەرەوە لە شوێنە گشتییەکاندا هاتوچۆ دەکەن.

ڕۆژی دووشەممە (٥/١٠)ی ڕابردووش لەکاتی خۆپیشاندانی ڕۆژنامەنووسان‌و قوتابییان بۆ بەردەم پەرلەمانی کوردستان، کە بۆ ئیدانەی تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان ڕێکخرابوو، لەناو حەرەمی پەرلەمانی کوردستاندا هێرش دەکرێتە سەر کۆمەڵێک ڕۆژنامەنووس، کە لەناویاندا هەریەک لە ڕۆژنامەنووس نیاز عەبدوڵڵاو ڕێبین فەتاح‌و هەڵگورد سەمەد هەبووە.

لەمبارەیەوە ڕۆژنـامـەی ڕۆژنـامـە لە بەیاننامەیەکدا ئیدانەی ئیهانەکردنی بەرپرسی نووسینگەی هەولێری ڕۆژنامەکەیان دەکات‌و دەڵێت: لەلایەن یەکێتی قوتابییانی پارتی دیموکراتی کوردستان‌و ئەو هێزەی پارێزگارییان لە خۆپیشاندانەکە دەکرد سووکایەتی بە ڕۆژنـامـەنـووس ڕێبین فەتاح، بەرپرسی نووسینگەی هەولێری ڕۆژنامەکەمان دەکرێت‌و پاشان لەناو حەرەمی پەرلەماندا لەلایەن ئاسایشی پەرلەمانی کوردستانەوە بە بەرچاوی پەرلەمانتارانەوە ئیهانەدەکرێت‌و لێیدەدرێت.

ڕێبین فەتاح یەکێکە لەو ڕۆژنامەنووسانەی بە مۆبایل هەڕەشەی لێکراوەو ڕۆژنامەکەشی هێزەکانی پۆلیس‌و ئاسایشی هەولێر بە بەرپرس دەزانن لە پاراستنی گیانی ڕۆژنامەنووس ڕێبین فەتاح لەسەر ئەو هەڕەشانەی کە لێیدەکرێت، بۆیە بەپێویستیشی دەزانن ئەو هێزانە هەموو ڕێوشوێنێکی پێویست بۆ پاراستنی ئەو ڕۆژنامەنووسە بگرنەبەر.

لەبارەی ئەو هێرشانەوە کە دەکرێتە سەر ڕۆژنامەنووسان، سەنتەری میترۆ ڕایگەیاند: «ئیدانەی ئەو هەڕەشەو هێرشانە دەکەین‌و پێمانوایە کە هیچ پاساوێک نییە بۆ هێرشکردنەسەر ڕۆژنامەنووسان‌و دەستبەسەرداگرتنی کەرەستەی کاری ڕۆژنامەنووسییان، داواشدەکەین داواکاری گشتیی هەرێم بە هەمان گرنگیی هەندێک کەیسی ڕۆژنامەنووسیی، کەیسی پێشێلکردنی یاسای کاری ڕۆژنامەنووسیی بجووڵێنێت».

## ڕوونکردنەوە

لـەژمـارە (٥٧٩) لـەلاپـەرە (١٧)ی ڕۆژنـامـەدا لە ڕاپـۆرتـێ پرۆژەیەکی جوانکاریی لە چەمچەماڵ، بـەرواری دەسـتـپـێـکـردنـی پـرۆژەکـە بەهۆی هەڵەیەکی چاپەوە ٢٠٠٩/٢/٢٧ نوسرابوو ئەندازیاری پرۆژەکە بۆی ڕاستکردینەوە کە ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٧ دەست بەکارکردن لە پرۆژەکەدا کراوە.

**پەیامنێری ڕۆژنامە**
**لە چەمچەماڵ**

# بۆ سەردەشتی مەزن
# من دەزانم هەموومان دەمرین، بەڵام شکۆمەندانە



نەبەز گۆران

سێ جار بینیم تەنیا سێجار، ئەفسوس ئەو رۆیشت من مامەوە، ئەو گەنج بوو، رۆحی لەمن تازەتر، زمانی لەمن گەشتر، جەسارەتی لەمن باڵاتر، بینینی لەمن فراوانتر، ئەو سەرسام بوو بەمن بەس من سەرسامم بە گەورەیی ئەو، خۆزگە نەمبینیایە تانەبوایەتە برینێک لەسەر گیانم. بەدبەختی من ئەوەیە هەمیشە ئەوکەسە جوانانە دەبینم بەشکۆمەندییەوە دەژین و مەرگیشیان دەبیتە سەرەتایەک بۆ دروستبوونی ژیان، ئێوارەیەک دڵم زۆر تەنگ بوو، من هەمیشەوام ئێواران تاخوا حەزکات دڵم تەنگە، هەست دەکەم لەم نیشتمانە دۆزەخییەدا شوێنێک نییە تیایدا بحەوێمەوە، گوناهی من بەس ئەوەیە خەونی گـەورەم هەیەو تەحەمولی ئەو عەقڵە بچووکانە ناکەم لەوبەرەوە دێن و دەیانەوێت ئەم وڵاتـە بکەنە بتخانە، ئەو ئێوارەیە بەتەنیا بەدڵێکی پڕ لەبرینەوە لـەژووره بچوکەکەی خۆم، ئەو ژوورەی ئەوەندە بەرزبوو خەریکبوو دەستی دەگەیشتە هەتاو، ژوورەکەی من بەهاوینان دڵی گەرم بوو بە زستانانیش رەق هەڵدەگەڕا، ژوورەکەی من زۆر رووت و رەجاڵ بوو، ئاخر هی من بوو بۆیە وابوو، جگەلە کتێب و وشە هیچی تیا نەبوو، ئا بیرمکەوتەوە پڕبـوو لـە بۆنی ئەو ئازادییەی دەسـەڵات بەرگەی نەدەگرت، من لە ژوورەکەی خۆمەوە بتەکانم شکاند، هەرلەوێش دەستکاریی دنیام دەکردو دوژمنەکانم خەونیان بە مردنمەوە دەبینی. بەرلەوەی بەجێی بهێڵم نەوەیەک سەریان هەڵدا. نەوەیەک سەرتاپای ئەم وڵاتە بە قەڵەمەکانیان دەگۆڕن، نە سازش دەکەن و نە دەبنە رەعیەت، پیاوکوژەکانی ئەوبەریش لەترسی ئەم نەوەیە تفەنگەکانیان هەڵدەگرن.

ئەو کاتەی ژوورەکەمم جێدەهێشت ئەوکاتانەبوو بە دەموچاوێکی ماندوو دڵێکی پڕ لەبرینەوە ملی کۆڵانەکانم دەگرت، تا سەر سوچی چاخانەکەی ئیسکان، چاخانەکەی ئیسکان دووەم ماڵی من بوو، هەرگەنجێک بیویستایە من ببینێت، ئـێـواران دەهـاتـە ئەو چاخانەیە، ئیدی تاوای لێهات تا ئەم حاڵەتەی دوورم لـەو چاخانەیەو غەریبی دەکەم دەیانوت: چایخانەکەی نەبەز، هەموو گەنجەکان دەهاتن بـۆئـەوێ، جاسوسەکانی حیزبیش دەهاتن تا وشەیەکیان دەستکەوێت و پاداشتێک وەرگـرن، من یەکبەیەکی جاسوسەکانم دەناسی، برێکیان هەرگیز نەمدەویست سوودم لێببینن، تا پاداشتی راپۆرتەکانیان وەرنەگرن، برێکیشیان هەرکە نزیکم دەبوونـەوە ئەوەندە قسەی بەهێزم دەکرد دڵنیا دەبووم پاداشتی باش وەردەگرێت، ئاخر ئەوان کوناح بوون، حیزب وا فێری کردبوون جاسوسی کارێکی شەرەفمەندانەیە، نـەیـانـدەزانـی بێشەهامەتترین جاسوس ئەو جاسوسەیە چاودێریی هاوڵاتییەکانی خـۆی دەکـات، بۆیە زۆربـەشـیـان بێشەهامەت بـوون، چونکە ئەو کارانەیان دەکرد جێگەی شەرمەزاریی بوون.

کتوپڕ لەیەکێک لەو ئێوارانە لێوان لێوبووم لە بێدەنگیی، گەنجێک هات، بە زەردەخەنەیەکەوە سڵاوێکی کرد، منیش وەک عادەتی هەمیشەیی خۆم سەلامێکم کرد، پێیوتم: دەتوانم کەمێک دانیشم قسەبکەین، وتـم: فەرموو، زۆر بەویقارەوە دانیشت، شانازیی بەجوانییەکەی خۆیەوە دەکرد، هەقی خـۆی بــوو تـا دڵ حـەزکـات جـوان بــوو، ئـەو گەنجە سـەردەشـت بوو، شەرمی لێدەکردم، وەک قوتابییەک هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکردم، پێیوتم: سەرسامم بە نووسینەکانت، ئەو قسەیە بۆمن ئاسایی بـوو، چونکە هەمیشە هەموو ئەوانەی دەیانبینم و مانای کەرامەت و ئازادیی دەزانن وام پێدەڵێن، ئەو ئێوارەیە لەگەڵ ئەو گەنجە قسەی زۆرمان کرد، هەستم دەکرد ئەو گەنجە شەرمنە پڵنگێک لەناخیایەتی، من هەرگیز حەزم نەدەکرد کارێک بکات ئازاری بدەن، وەلێ دڵم خۆشبوو بـەوەی دوای کلاسەکانی خوێندنی شتێک دەکات لەوانی دیکە ناچێت، بەڵام نەیانهێشت، ئەو چەتانە چۆن توانیان دەست بۆ مەرگی ئەو کوڕەببەن؟ ئاخر ئەوەندە گەنج و جوان بوو بەرگەی قسەیەکی رەقی نەدەگرت، کاتێک بیر لەدەموچاوی دەکەمەوە ئارەزوومە نەفرەت لەهەرچی پیاوکوژ هەیە بکەم، بچمە سەر بڵندگۆی مزگەوتەکان و داوا لەخوا بکەم کۆشکی ئەم سەرکردە مێشک بچووکانە تارومار بکات، داوا لەخەڵک ناکەم، چونکە ئەوان بەرگەی مەرگێکی وا دەگرن، ئەگەر بەرگەیان نەگرتایە ئێستا هەولێر جۆرێکی دیکە دەبوو، بۆ هەولێر شانازیی نییە سەیری قـەڵاو منارەکەی بکات، بۆ هەولێر شانازیی دەبوو قبووڵ نەکات حیزبێک بەو سلوکە بەعسییەوە لەپشت کوشتنی گەنجێکی ئەو شارەوە بێت، نەفرەت لەو قەڵایە ئەگەر بێدەنگیی لەپشتەوەبێت، وێران بێت ئەو شارەی شەقامەکانی جوان بکرێت و ئازادییەکانی خەڵک بکوژرێن، بێدەنگی ئەو شارە دەرهەق بە سەردەشت شەرمەزارییەکە من خەجاڵەتەکەی دەکێشم، دەبوا لەوە قورستر بکرایە بۆئەوەی جارێکی دی بەعس لە کۆڵانەکانی ئەو شارەدا تەراتێن نەکات.

### ئێوارەی دووەم

هەمان شـەقـام، هەمان سوچی بێدەنگیی، هەمان کۆبوونەوەی گەنجان، دانیشتن بەدیار خەیاڵەوە، سەرقاڵبوون بەجەنجاڵی دنیاو کێشانی جگەرەکان، کتوپڕ کورەگەنجەکە، سەردەشت هات، ئەمجارە شەرمی کەمتر لەجاری پێشوو، کتێبێک و رۆژنامەیەکی هاوڵاتی بەدەستییەوە، سەرنجی منی بۆ سەر نووسینێکی خۆم راکێشا لەو رۆژنامەیە، برێک گلەیی لێکردم و برێک رەخنە و هەندێک پێکەنین، چایەک و چەند قسەیەک لەبارەی ئازادیی و ستەمی حیزبەوە، لەم کاتانە پێیووتم: ئیمەیلێکم بۆ نـاردووی پێمخۆشە بیبینی، دوای رۆیشتنی ئەو من بەرەو مەیخانەیەک رۆیشتم، نەک بۆئەوەی مەست بـم، بەڵکو بـۆئـەوەی دوور لەم جەنجاڵیی دنیایەوە لەسوچێکدا دانیشم و تەماشای بۆگەنی شارەکان بکەم بەدەست چەمۆڵەی حیزبەوە، ئەو شەوە وەک عادەتی هەمیشەیی خۆم درەنگانێک سەیری ئەو نامانەم کرد بۆم هاتبوون، یەکێک لەنامەکان هی سەردەشت بوو، ئەمە دەقی کەمێک لە نامەکەیە.

### «سڵاو کاک نەبەز»

ئازیزم من تۆم زۆر خۆشدەوێت، ئەو رۆژەش پێموتی، یەکێکم لەخوێنەرە جدییەکانی تۆ، زۆربەی نووسینەکانی تۆم خوێندووەتەوە، بـاوەڕم پێبکە منیش حـەزەکـەم وەک تـۆم لێبێت، نووسینێکم نووسیوە پێمخۆشە بیهێنم بیبینی بزانی چۆنە، ئەم ماوەیە....هتد».

ئەمە بەشێکی کەمی ئەو نامەیەبوو، من وەک عادەتی هەمیشەیی خۆم بەچەند وشەیەکی کـورت وەڵامـم دایەوە، نە ئامۆژگاریم کرد نەشتێک، تەنیا وتم: باشترە بیر لە کلاسەکانی خوێندن بکەیتەوە، پاشان بیر لەشتێکی دی، وەلێ پێدەچوو، ئەو زیاتر بیر لەخەڵک بکاتەوە، نەک خۆی.

### ئێوارەی سێیەم

حـەزم دەکـرد بمایە تا کچەکەی خۆمی بدەمێ، ئەگەر لەدەرگای منی بدایە لەبری گوللە کچەکەمم دەدایە، ئەگەر بە کۆڵانەکەی ئێمەدا تێپەڕیایە بانگم دەکرد دەمەو عەسرانێک پێکەوە چـایـەک بخۆینەوە، زۆر سەختە لەدەستدانی گەنجێک لەسەر نووسین، من نازانم ئەو حیزبە شانازیی بەچییەوە دەکات و بەرگەی خەونێکی سەردەشتی نەگرت، سـەردەشـت خەونێکی بینی گوللەبارانیان کرد، گەنجێک گوێی لە گۆرانییەکانی داریوش و کازم دەگرت، کوڕێک لێوانلێو لە جوامێریی و عەشق، کوڕێک لە ژوورێکی سادەدا دەژیا، ژوورێک بەچەند وتارێک دەسەڵاتێکی خستە لەرزەوە، جاری سێیەم لەسەر یەکێک لە شەقامەکان بینیم، دوای هەواڵپرسین گلەیی ئەوەی کرد من زۆر ساردو سڕم و نامەکانی ئەو بەکورتی وەڵام دەدەمـەوە، راستی دەکرد من کۆڵێک شەرمم بەخۆم هات.

لەنامەیەکیدا بۆی نووسیبووم: «چۆن ئەم وڵاتە بگۆڕین، من وەک هەموو گەنجەکانی دیکە بەرگەی ئەم هەموو شتە بۆگەنانە ناگرم، ئەگەر لەم وڵاتە شتێک نەکرێت هەموومان تووش دەبین، باشە کاک نەبەز ئەم خەڵکە بۆ وایە؟ تۆ بڵێیت نووسین بتوانێت شتێک بکات؟ .......هتد»، ئەم پرسیارانەو چەندین پرسیاری دی لەنامەکەیدا بوو، ئەوەندەی پێمکرا وەڵامـم دایـەوە، دوانامەی کە بۆی نووسیم، ئەو کاتانەبوو هەولێرم بەجێهێشت، ئەو نامەیە جگەلەوەی بۆ منی نارد لە چەند سایتێکیش بڵاوی کردەوە، دێربەدێڕی نامەکەیم لەبیرە چەند نیگەران بوو بە رۆیشتنی من، هەستم دەکرد وەک پایەیەک سەیرم دەکـات، بـەڵام نەیدەزانی چەتەکان لەوێ هەر رۆژەی هەڵدەکوتنە سەر کەسێک و سەر قەڵەمێک.

من ئەو شـارەم بۆچییە، ئەگەر دەنگێکی بەرزی تێدانەبێت؟، چیبکەم لەو کۆڵانانەی تارمایی حیزب دایپۆشیون؟، بەکەڵکی چی دێت دەموچاوی شار ئەگەر ماهیەتی تاڵانکرابێت؟، لەبری سەردەشت بۆ نەوتدزەکان ناکوژرێن؟، لەبری قەڵەمەکان بۆ کۆنەبەعسییەکان فرێنادرێن؟، هەرکات بینیتان ئازادیی بۆنی کردبوو، ئەوە بزانن تارماییەکانی ئـەوان لـەوێـن، هـەرکـات زنجیری زیندانەکان سەدایان گەورەبوو ئەوە پاسەوانەکانی ئەو حیزبە لەوێن، ئەوکاتەی هەناسە نەما، ستەمی حیزب لەدایک بووە. ئەگەر وانییە ئەو هەموو چەتەیە چی بوو لە سەردەمی ئەو حیزبەدا سەریهەڵدا؟

# پارتی، هەڕەشەمان لێدەکات!

سیروان رەشید



رۆژنـامـەنـووس، پـاسـەوانـی سیستمی دیـمـوکـراسـیـە، هەڕەشەکردنی پارتی لـە رۆژنـامـەنـووس و ئـازادیـخـوازان بۆ بێدەنگبوون لە خوێنی شـەهـیـدی قـەڵـەم، سەردەشت عوسمان، لەهیچ شتێک ناچێت جگە لە رەفتاری رژێمە سەرکوتکەرەکان نەبێت.

مـــرۆڤ سـەری سوڕدەمێنێت، کە چەند رۆژێکە پارتی، ماکینەیەکی ئیعلامیی لە دژی ئێمەی رۆژنامەنووس و رەوتێکی سیاسیی بەڕێخستووە، کە سادەترین داواکاری ئێمە بریتییە لە ئازادیی رۆژنامەنووسیی و ئاشکراکردنی بکوژانی شەهید سەردەشت و دیزە بەدەرخۆنە نەکردنی ئەم تاوانە.

پـارتـی، لە جیاتی بەپیرەوەهاتنی داوای رۆژنامەنووسان و رای گشتی بۆ ئاشکراکردنی بکوژان، شمشێر پیشانی ئێمەو هاوڵاتییان دەدات.

بەیاننامەکەی رۆژی پێنجشەممەی رابردووی مەکتەبی سیاسیی پارتی، سەرەڕای ئەوەی کە رەوشەکەی زیاتر ورووژاند، چەند ئاماژەیەکی مەترسیداریش لـەخـۆدەگـرێـت و کۆمەڵێک دەستەواژەی تێدا بەکارهێناوە، کە زیاتر لە وتاری شەڕ دەچێت: «ئەوانەی بوختانیان بە پارتیمان و دەزگا ئەمنییەکان کردووە، راپێچی دادگا دەکرێن»، «تاقمی هەڵتۆقیوی گێرەشێوێن»، «دەستی نەگریستان دەبڕینەوە».

بەیاننامەکەی پـارتـی کـە لـە بەرزترین دامـەزراوەی حیزبییەوە دەرچـووە، سەرەڕای ئەوەی بەهیچ شێوەیەک ناوی شەهید سەردەشت بە رۆژنامەنووس ناهێنێت، فەتوای کوشتن و دەستبڕینی ئێمەی رۆژنامەنووسیش دەردەکات و بێئەندازە مەترسیدارە!

سەیرە، دەبوایە پارتی لەباتی هەڕەشەکردن، جەختی لـەسـەر دۆزیـنـەوەی تـاوانـبـاران بکردایەتەوە!

من گومانم هەیە کە ئەو بەیاننامەیە، گوزارشت بێت لە رەئی هەموو سەرکردایەتی پارتی، کە لێرەدا کەوتووەتە هەڵەی کوشندەوەو ئەگەر کار بەو بەیاننامەیە بکرێت، تەواوی ئەو دیموکراسییە نیسبییەی لە کوردستاندا بەرقەرارە کە بەهەوڵی هەمووان هاتووەتە ئاراوەو سەرلەبەری پرۆسەکە دەخاتە ژێر پرسیارەوە، چونکە ئەم بەیاننامەیە، وا دەخوێنرێتەوە کە مەجالی گفتوگۆی لەگەڵ ئێمەی رۆژنامەنووس و ئەو رەوتەسیاسییەش نەهێشتووەتەوە، کە ئیدانەی ئەم تاوانەی کردووە.

راکێشانی پەنجەی گومان بۆ پارتی، لەو روانگەیەوەیە کە هیچ لۆژیکێکی تەندروست ناتوانێت باوەڕ بەوەبهێنێت، کە کەسانێک بەبێ ئاگاداری دەسەڵات و دامودەزگا ئەمنییەکان، بتوانن بە رۆژی رووناک، رۆژنامەنووسێک لەبەردەم حەرەمی زانکۆدا بڕفێنن و تیرۆری بکەن!

سەغڵەتبوونی پارتی لەم مەسەلەیەدا لەدوو لاوەیە؛ لەلایەک لەسەر ئاستی ناوخۆ، رای گشتیی لێی وروژاوەو کەوتووەتەبەر نارەزایییەکی توند.

لـەلایـەکـی دیـکـەشـەوەو لـەسـەر ئاستی نێودەوڵەتیش رێکخراوەکانی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی و میدیای جیهانیی گرنگییەکی زۆریان بەم مەسەلەیە داوەو کونسوڵخانەی وڵاتانی ئەمریکاو بەریتانیاو وڵاتانی ئەوروپی لە هەولێرو بەغدا رەخنەیان لە پارتی گرتووە.

رەخنەگرتن لە پارتی لەو روانگەیەوەیە، کە پارتی بەرپرسیارێتییەکەی گەورەترە لە کوردستان و سەرۆکی حیزبەکەی کە بارزانییە، سەرۆکی هەموو جیهازی تەنفیزی هەرێمەو تەواوی بەرپرسانی حکومیی و ئەمنیی هەردوو شـاری هـەولـێـرو دهۆکیش پـارتـیـن، بـەڵام بەداخەوە، وادەردەکەوێت کە پارتی لەئاستی ئەو بەرپرسیارێتییە گەورەیەدا نییەو هیچ رەخنەو داواکارییەیەکیش قبووڵ ناکات و هەر رۆژەو گرووپێک بە تۆمەتی «تاقمی گێرەشێوێن»و «دەستی دەرەکی» دەکاتە دوژمن.

کوشتنی سەردەشتی جوانەمەرگ، زەنگێکی مەترسیدارە، بەڵام بێدەنگبوون لە ئاست ئەم تاوانەدا لەوە مەترسیدارترە، چونکە ئەو ئازادییە نیسبییەی لە کوردستان بەرقەرارە، رەنگە بەرەو نەمان بڕوات!

# سەرکەشی سینەکان
# سەوڵی ستەم و سەرەتای سپێدەیەکی سپی

بەرزان شەلال

لێرە حەرفەکانیش وەک باڵندەکان هەمەجۆرو هەمەرەنگن، هەندێکیان هێمن و ئارام، دەخوازن لە سوچێکی دونیاوە بەسەر چلێکی زەمەنەوە هەڵکورمێن و هیچ ئاوازێک نەچڕن. چونکە گەروویان یاخیە لە نۆتەکانی ژیان لە عەرشێکی ئاوادا. هەندێکی تریان وەک پۆلێ چۆلەکە، بەدیار چۆلەکەیەکی ترەوە ئەجریوێنن کە خەریکە بە گەرووی مارێکا ئەچێتە خــوارەوە، کەسێ نایە بەهانایەوە. کۆمەڵێ حەرفی باڵسپیش هەموو سپێدەیەک سـەرکـەش و بێباک، سەمفۆنیایەک تێکەڵ بە باران دەکەن و هێور هێور ئەرژێنە سەر پەڕەی گوڵ و چڵە گیاو درەختەکان، هەموو بەیانیەک مژدەی هەڵاتنی خۆر بە مەملەکەتی ئەوانە ئەگەیەنن کە گیرۆدەی خەوێکی قوڵن. ئێوارانیش بەرلە گەڕانەوە، پێمان دەڵێن وەرزێکی رەنگین بەڕێوەیە، هەمووومان بەیەکەوە لەسەر تێکڕای درەختەکان، چیاکان و سەحراکانیش، سـرودێـک بۆ نیشتیمان ئەچڕین. لێرە وشەکانیش وەک گوڵەکان لە یەکتری ناچن، هەندێکیان ناسک و مات تەمەنیان لە ئێوارەیەکا ئەبەخشن بەمانگ. تەنها سەمای ئەستێرەکان ئارامیان پێ ئەبەخشێ. هەندێکیشیان هێشتا خونچەن بە درەختەکانی ئەم باخچەیە ئەڵێن، ژاکاندنی ئێمە بۆچی؟. ئەوانی تریش بەم دەریا مەندو ئارامە دەڵێن، قبوڵکردنی ئەم هەموو سەوڵی ستەمە بۆچی؟... سـۆران کە مەلێ خەمی نایە کۆڵ و سەردەشتیش دوای خۆی خاڵێکی لە دوا رستەدا دانا. سەردەشت بەرلە کۆچی پەپولەیی پێمان ئەڵێ، جارێ نۆرەی سینەکانە... وەک ئـەوەی سـۆران بانگی بکات تا پەیامی ئێرەی بۆ بباو، هەواڵی دۆسیەکەی بۆ بـەرێ. بۆیە ئەویش دڵی نەشکاند کەشکۆڵی سەفەری نایە کۆڵ و بەرەو ئەوێ هەنگاوی نا. ئەوەی خۆشی چاوەڕێی دەکات، گوزارەی دوای خاڵە جێماوەکەیەتی. کە دڵنیای دەکەین رستەکانی دوای ئەم خاڵە، پڕن لە نیشانەی پرسیار، لە سەرسوڕمان و فاریزەی نێوان دەستەواژەکان. ئیتر بێدەنگ نابین تا شارستەیەک، تێکڕای حەرف و وشەکان لە ئامێز نەگرێ.. تا هەرێمەکەی ئێمەش رێ لە تیرۆری قەڵەمەکان نەگرێ.. رێ لە کۆچی سـوری سـۆران و سەردەشتەکان نەگرێ.. بێدەنگ نابین.

# پەرلەمانیش نەیپاراستین، بۆیە هەولێرمان بەجێهێشت

**ڕێبین فەتاح**

ئەو بەیانییەی هەواڵی تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس‌و خوێندکاری زانکۆی سەلاحەدین (سەردەشت عوسمان)مان بیست، ژمارەیەک ڕۆژنامەنووسی پایتەخت بووین کە بڕیارماندا، بەیاننامەیەک بۆ پڕۆتستۆکردنی ئەو کردە تیرۆرکارییە دەربکەین‌و داوای هەرچی زووە بەدواداچوون لەو دۆسیەیەدا بکەین، هەر زوو دەستمان کرد بە کۆکردنەوەی واژۆی ڕۆژنامەنووس‌و نووسەران لە شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستاندا. لەماوەیەکی کەمدا، زیاتر لە (٨٠) ڕۆژنامەنووس‌و نووسەر ڕەزامەندییان لەسەر بەیاننامەکە نیشانداو ئیمزایان لەسەر کرد.

دواتر، ژمارەیەک لە ڕۆژنامەنووسەکانی هەولێر، بڕیارماندا، کەمپەینێک بەناونیشانی شەهید سەردەشت عوسمان پێکبهێنین، بۆ بەدواداچوونی دۆسیەی تیرۆرکردنەکەو جەختمان لەسەر دوو تەوەری سەرەکی کردەوە. یەکەمیان: لەبەرئەوەی حکومەت‌و دامەزراوە ئەمنییەکان بەرپرسیارن لە پاراستنی ئاسایشی هاوڵاتییان، پێویستە لەبەرامبەر بەجێنەهێنانی ئەرکەکەیاندا لە پاراستنی ئەمنیەتی ئەو ڕۆژنامەنووسەدا، لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکرێت‌و ئەگەر پێویست بکات سزاش بدرێن، دووەمیان: بانگهێشتکردنی ڕۆژنامەنووسان بەگشتیی بۆ بەدواداچوونی دۆسیەکەو پاشان فشارخستنە سەر لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ ئاشکراکردنی تاوانباری کردە تیرۆرکارییەکە.

پاش دەرکردنی بەیاننامەکەو لێکەوتنەوەی سەدایەکی گەورەو بەرفراوان لەئاستی ڕاگەیاندنەکان‌و سەرەتای دروستبوونی ڕای گشتیی لەسەر دۆسیەکە، بڕیارماندا، ڕۆژی شەممە، ڕێککەوتی (٢٠١٠/٥/٨)، لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان کەمپەینەکە ڕابگەیەنین‌و ئەو هەواڵەش لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا بڵاوکرایەوە.

هەریەکەمان لە ڕێگەی پەیوەندیکردنی تەلەفونییەوە، ژمارەیەک لە ڕۆژنامەنووس‌و نووسەرو مامۆستای زانکۆو چالاکوانی کۆمەڵگەی مەدەنیمان بانگهێشتکردو کاتژمێر (٣:٣٠) دەقیقەی ئێوارەمان بۆ گردبوونەوەکە دەستنیشانکرد. ڕێکخەرانی کەمپەینەکە، بەباشمانزانی، ژمارەیەک پەرلەمانتار لە لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان لە گردبوونەوەکە ئامادەبن. بەرپرس‌و ئەندامانی لیژنەکانی کاروباری کۆمەڵی مەدەنی‌و لیژنەی ئاسایش‌و ناوخۆو مافی مرۆڤ‌و ڕۆشنبیریی‌و پەیوەندییەکان ئامادەبوون.

بانگهێشتکردنی پەرلەمانتارەکان لەسەر بنەمای لیژنە پەیوەندیدارەکان‌و بە ئامانجی نزیککردنەوەی خەمخۆرانی کەیسەکەو پەرلەمانتاران بوو، کۆبوونەوەکەش لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا ئەنجامدرا، ئەگەرچی لە کاتژمێر (٢)دا، یەکەمین نامەی هەڕەشەئامێز بۆ هەڵگورد سەمەد، وەک یەکێک لە ڕێکخەرانی کەمپەینەکە هات‌و پاش نیو کاتژمێر نامەی دووەم بۆ من هات، ناوەڕۆکی نامەکان جۆرێک بوون لە ترساندن بۆ دەستبەرداربوونی کەمپەینەکە، بۆ ئەوەی ئامادەبووەکان گومان لەسەر کەمپەینەکە دروست نەکەن، کۆبوونەوەیەکی کراوەمان سازکرد، بە جۆرێک هەر ئامادەبوویەک دەیتوانی قسە بکات‌و بیروڕای خۆی لەسەر کەمپەینەکەو چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ دۆسیەکە دەرببڕێت. هەروەک تەواوی پەرلەمانتارە ئامادەبووەکان، زۆربەی ڕۆژنامەنووسەکان، مامۆستایانی زانکۆو چالاکوانەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، قسەی خۆیان کرد.

هەر لەو گردبوونەوەیەدا ڕامانگەیاند کە وەک کەمپەینی شەهید سەردەشت عوسمان بڕیارمانداوە، نامەیەک ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بکەین‌و ڕۆژی دووشەممەی داهاتوو (٥/١٠) ڕێپێوانێکی هێمنانە لەبەردەم پرسگەی کۆلێژی ئەدەبیاتەوە (شوێنی ڕفاندنی سەردەشت)، بۆ بەردەم پەرلەمانی کوردستان سازبکەین، ئەو هەواڵەش لە زۆربەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بڵاوکرایەوە.

سەعات یەکی ڕۆژی یەکشەممە، بە هەمان ژمارە مۆبایل، نامەیەکی توندتر لەوانی پێشوو بۆ من نێردرا، بەڵام دیسان پشتگوێمانخست‌و دەستبەرداری چالاکییەکە نەبووین.

## دەستنیشانکردنی شوێنی کۆبوونەوەکە

کاتێک بڕیارمان لەسەر گردبوونەوەکەدا، ژمارەیەک لە ڕێکخەرانی کەمپەینەکەو ڕۆژنامەنووسە بانگهێشتکراوەکان، تێبینییان لەسەر شوێنی کۆبوونەوەکە هەبوو، پێشنیازی ئەوەم کرد، کۆبوونەوەکە لەبەردەم نووسینگەی هەولێری ڕۆژنامەی ڕۆژنامە بێت، بەڵام ژمارەیەک لە ڕێکخەرانی کەمپەینەکە، بە باشتریان زانی، لەو شوێنە نەبێت، بە پاساوی ئەوەی نەوەک وا لێکدانەوە بۆ چالاکییەکە بکرێت کە کۆمپانیای وشەو پاشان بزووتنەوەی گۆڕان لە پشتیەوەیەتی، تاڕادەیەک خوێندنەوەکەیان لە جێگەی خۆیدا بوو، چونکە لە بنەڕەتدا چالاکییەکەی ئێمە، پەیوەندی بە هیچ لایەنێکی سیاسیی‌و تەنانەت دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندنەوە نەبوو، بەڵکو ژمارەیەک ڕۆژنامەنووسی شارەکە بووین، کە هەر یەکەمان لە کەناڵێکی ڕاگەیاندن ئیش دەکەین.

وەک ڕێکخەرانی کەمپەینکە، ڕێککەوتین لەسەر ئەوەی کە شوێنی کەمپەینەکە خوار بازاڕە قەرەباڵغەکەی ئیسکان بێت، چونکە شوێنێکی بەرچاوە، ئەوەی نیگەرانی کردین پاش چالاکییەکە، ژمارەیەک لە ڕۆژنامەنووسەکانی سەر بە دەسەڵات‌و ڕێکخراوەکانی دەسەڵات، لە کەناڵە ڕاگەیاندنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە تۆمەتباریان کردین بەوەی کە ئێمە لەلایەن گۆڕانەوە هاندراوین‌و چالاکییەکەمان لە چالاکییەکی ڕۆژنامەنووسانەوە وەرگێڕدرایە سەر چالاکییەکی سیاسیی‌و هەموو ئەوەش بە ئامانجی بە لاڕێدا بردنی مەبەستی سەرەکی کەمپەینی شەهید سەردەشت عوسمان، یان بەمەبەستی چەواشەکردنی خەڵک بوو، بەوەی کە ئامانجی کەمپەینەکە، ئیشکردن نییە لەسەر دۆسیەی سەردەشت عوسمان وەک ڕۆژنامەنووسێکی تیرۆرکراو، بەڵکو ئامانجی کەمپەینەکە، ئامانجێکی سیاسییە لەنێوان هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن‌و دەسەڵاتدا، کە لەو نێوەندەدا دەکرا خوێنی شەهید سەردەشت ون بکرێت.

دەسەڵاتی سیاسیی، دەیویست لە ڕێگەی ئەو چەواشەکارییەوە کەیسی تیرۆرکردنی شەهید سەردەشت عوسمان لەبیر خەڵک بباتەوەو لە بەرامبەردا شەڕێکی ئیعلامی لەنێوان حیزبی دەسەڵات‌و ئۆپۆزسیۆندا دروست بکات.

## جیاواز لە هەموو خۆپیشاندانەکانی دی

هەروەک بڕیاربوو لە کاتژمێر (٨:٣٠)ی بەیانی ڕۆژی (٥/١٠)، لەبەردەم پرسگەی کۆلێژی ئەدەبیات کۆببینەوە، کۆبووینەوە. ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە خوێندکارو خەڵکی ئاسایی‌و ڕۆژنامەنووس‌و چالاکوان ئامادەبوون‌و ژمارەی خۆپیشاندەران بە زیاتر لە (٣)هەزار کەس دەخەمڵێنرا.

لە دوای سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆو بەدیاریکراویش دابەشبوونی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان بۆ دوو نیمچە هەرێمی ژێر دەسەڵاتی پارتی‌و یەکێتی لە ساڵی (١٩٩٦)دا، بە درێژایی (١٤) ساڵ، یەکەمجاربوو لە پایتەختی هەرێمی کوردستاندا خۆپیشاندانێک ئەنجام بدرێت بە ئامانجی ئەوەی کە دەبێت دەسەڵاتی سیاسیی ئاکامی کردە تیرۆرکارییەکە لەئەستۆ بگرێت‌و لێپێچینەوە لە کەمتەرخەمییەکان بکرێت. ئەگەرچی لەو ساڵانەدا دەیان‌و سەدان خۆپیشاندان ئەنجامدراون، وەک خۆپیشاندانەکانی خوێندکاران‌و پیشەگەران‌و هەندێک توێژی بچووک لەپێناو ئامانج‌و داواکارییەکی سنوورداردا، بەڵام هیچکام لەو خۆپیشاندانانە، ڕووبەڕووبوونەوە نەبووە لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسیدا، بەڵام خۆپیشاندانەکەی (٥/١٠)، ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵاتی سیاسیی بوو، بەتایبەت ئەو حیزبەی (١٤) ساڵە لەو شارەدا حاکمە، هەستی دەکرد بەهۆی هەیمەنەکەیەوە لە شارەکەدا، ڕووبەڕووبوونەوەو بەرپرسیارێتییەکان ئاڕاستەی ئەو دەکرێن.

هەر لە سەرەتاوە هەستمان بە دڕدۆنگی پارتی دیموکراتی کوردستان بەرامبەر چالاکییەکە کرد، بەتایبەت کاتێک بینیمان لە ڕێگەی ژمارەیەک لە ئەندامانی یەکێتیی قوتابییانی سەر بە پارتی‌و چەند بەشداربوویەکی خۆپیشاندانەکەوە، بە پاڵپشتی ئەو هێزە ئەمنییەی کە بەناوی پاراستنی ئاسایشی خۆپیشاندەران ئامادەبوون، دەیانویست ڕۆژنامەنووسان لە خۆپیشاندانەکە بکەنە دەرەوەو هەستمان بە پیلانێک کرد کە ژمارەیەک لە ئەندامانی قوتابییان‌و هێزی پارێزگاری خۆپیشاندانەکەو ژمارەیەکی دیکە لە بەشداربووان لە جێبەجێکردنیدا بەشدارن. ئامانجی ئەوان لە کردنە دەرەوەی ڕۆژنامەنووسەکان، ئەوە بوو کە بە ڕای گشتیی بڵێن: «سەردەشت عوسمان، ڕۆژنامەنووسێک نییە لەسەر نووسین تیرۆرکرابێت، بەڵکو قوتابییەکی زانکۆیەو دەشێت لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی کوژرابێت». هەروەک ڕاگەیاندنەکانی پارتی لە سەرەتاوە تائێستا کەم‌و زۆر وەک ڕۆژنامەنووس مامەڵە لەگەڵ کەیسی شەهید سەردەشتدا ناکەن.

هەرزوو زانیمان، ژمارەیەک لە بەرپرسانی هێزە ئەمنییەکان بە جل‌و بەرگی مەدەنییەوە هاتوونەتە ناو خۆپیشاندانەکەوە، تەنانەت بەرپرسێکی پلەبەرزی ئەمنیی هەولێر، بە جل‌و بەرگی مەدەنییەوە ئامادەبوو، بەشێوەیەکی زۆر توند هێرشی کردە سەر ئێمەی ڕۆژنامەنووسان‌و بە ئاژاوەگێڕو گێرەشێوێن تۆمەتباری کردین. هەستمانکرد، دەیانەوێت بە هەر نرخێک بێت لە خۆپیشاندانەکە بمانهێننەدەرەوە، ئەویش لە ڕێگەی وروژاندنی ئێمەو پاشان دروستبوونی پەرچەکردار لەلایەن ڕۆژنامەنووسەکانەوە، بەرامبەر بە ئیهانەو هەڕەشەکانیان، بۆئەوەی ئەوە بکەن بە پاساو بۆ دەستگیرکردن یان دوورخستنەوەیەکی شەرعییانە لە خۆپیشاندانەکە، بەڵام پیلانەکە تاڕادەیەکی باش بۆ ئێمە ئاشکرابوو، بەرامبەر تۆمەتبارکردن‌و هەڕەشەو هوتافکێشانەکانیان، پەرچەکردارمان نەنواند.

دەسەڵاتی سیاسیی، دەیویست لە ڕێگەی ئەو چەواشەکارییەوە کەیسی تیرۆرکردنی شەهید سەردەشت عوسمان لەبیر خەڵک بباتەوە

بۆ ئەوەی پەرچەکردار ڕوونەدا، بڕیارماندا، خۆپیشاندانەکە جێبهێڵین‌و خۆمان بگەیەنینە ناو حەرەمی پەرلەمانی کوردستان، پێمانوابوو، لەناو حەرەمی پەرلەماندا پارێزراو دەبین، لە هەر هەوڵێک بۆ دەستدرێژیکردنە سەر ڕۆژنامەنووسانی ئامادەکاری خۆپیشاندانەکە.

## لەناو حەرەمی پەرلەماندا

لە پرسگەی یەکەمی پەرلەمانی کوردستاندا، ئەوکاتەی خۆپیشاندەران گەیشتن، دیسانەوە ئەندامانی یەکێتیی قوبییانی سەر بە پارتی، ڕێگرییان کرد لەوەی ڕێکخەرانی کەمپەینەکە یاداشتنامەی ڕۆژنامەنووسان بخوێننەوە. هاواریان دەکرد بەسەرمانداو هوتافیان دژ بە ئێمە دەکێشا، هێزە ئەمنییەکان ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پاڵپشتیان دەکردن.

بە هەر شێوەیەک بێت، نیاز عەبدوڵڵا، یەکێک لەو کچە ڕۆژنامەنووسانەی لە کەمپەینی ڕۆژنامەنووسەکاندا بەشداربوو، یاداشتنامەکەی خوێندەوە.

پاشان بڕیاردرا، نوێنەرانی خۆپیشاندەران یاداشتنامەکە بگەیەنن بە سەرۆکی پەرلەمان‌و لەگەڵیدا کۆببنەوە، بەڵام بە زوویی ئەندامانی یەکێتیی قوتابییانی سەر بە پارتی ڕەوانەی ژوورەوە کران، ڕۆژنامەنووسەکان بە کۆڵنەدانی خۆیان‌و زەحمەتێکی زۆرەوە ڕێگەیان درا بچنە ژوورەوە.

لە پرسگەی دووەمی پەرلەماندا، کە ڕاستەوخۆ دەچێتە ناو باڵەخانەی پەرلەمانی کوردستان، دیسانەوە ئەندامانی قوتابییانی پارتی کرانە ژوورەوەو ڕۆژنامەنووسەکان ڕێگرییان لێکرا، ژمارەیەک لە پەرلەمانتارەکانی یەکێتی، چەند ڕۆژنامەنووسێکیان بەناو دەستی پاسەوان‌و ئاسایشەکانی پەرلەمان ڕاکێشایە ژوورەوە.

بەرپرسێکی ئاسایشی پەرلەمان، بەچاو ئیشارەتی بە یەکێک لە پاسەوانەکان کرد، ڕێگە لە چوونە ژوورەم بگرێت، پاسەوانەکە دەستێکی خستە سەر شانم‌و ڕایگرتم، پاشان بە هەموو پاسەوانەکان پەلاماریاندام‌و بۆ دەرەوە پاڵیان پێوەنام، بەرگریم لە خۆم کرد، بە پاسەوانەکانم وت: «من ڕێکخەری کەمپەینەکەم‌و دەبێت بچمە ژوورەوە»، یەکێک لە پاسەوانەکان چەند مشتەکۆڵەیەکی لە سنگم دا، بەڵام خۆم تەسلیمیان نەکرد، گومانم هەبوو لەوەی بۆچی دەیانەوێت بۆ دەرەوەم ببەن.

هەڵگورد سەمەد، یەکێک لە ڕێکخەرانی کەمپەینەکە، پەرلەمانتارو ڕۆژنامەنووسەکانی ئاگادارکردەوە لەوەی کە پاسەوان‌و ئاسایشەکانی پەرلەمان گەمارۆیان داوم‌و بۆ دواوە پەلکێشیان دەکردم. ژمارەیەک پەرلەمانتاری یەکێتی، لەناو هۆڵەکە بوون، ڕاستەوخۆ بە هانامەوە هاتن، پەرلەمانتارەکان بۆ ژوورەوەو پاسەوانەکان بۆ دەرەوە ڕایاندەکێشام، هەر لایەک، قۆڵێکیان گرتم، هەر یەکەیان شەڕیان لەسەر ئەوە دەکرد، بەلای خۆیاندا ڕامکێشن، بە هەر شێوەیەک بێت پەرلەمانتارەکان، توانییان لەدەست ئاسایش‌و پاسەوانەکانی پەرلەمان دەربازم بکەن، بەڵام پاش تێهەڵدان‌و ئیهانەکردنێکی زۆر، دوای هەڕەشەو چاوسوورکردنەوەیەکی زۆر، تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی کاتێک پەرلەمانتار، عەدنان عوسمان داوای ئاسایکردنەوەی دۆخەکەی کرد، یەکێک لە بەرپرسەکانی ئاسایش هەڕەشەی ئەوەی لێکرد کە دەسەڵاتی ئەوەی هەیە نەک ڕۆژنامەنووسێک، بەڵکو پەرلەمانتاریش بکاتە دەرەوەو تێیهەڵبدات.

پاش ئەوەی لە شەڕی ئاسایش‌و پاسەوانەکانی پەرلەمان دەربازبووین، لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان کۆبووینەوە، نوێنەرانی قوتابییان یاداشتنامەیەک‌و نوێنەرانی ڕۆژنامەنووسان یاداشتنامەیەکمان دایە دەست سەرۆکی پەرلەمان.

کاتێک لە کۆبوونەوەکە تەواوبووین، یەکێک لە پەرلەمانتارەکانی یەکێتی، لە بەردەرگا چاوەڕوانی دەکردین، بە چرپەوە وتی «دۆخەکە ئاسایی نییە»و پێشنیازی ئەوەی کرد، ڕۆژنامەنووسەکان بە ئۆتۆمبێلەکانی چەند پەرلەمانتارێک لە پەرلەمان بچینە دەرەوە، لە دەرگای پشتەوەی پەرلەمان دەربازبووین.

پێشتر دوو لە ڕۆژنامەنووسەکانی هەولێر، بەهۆی پەلاماردان‌و مەترسییەوە لەسەر ژیانیان، هەولێریان جێهێشت، ئێمەش بەهەمانشێوە جێمانهێشت، تا ئاساییبوونەوەی دۆخەکەو دڵنیابوون لەوەی ژیانی ئێمە بە جدیی لەژێر هەڕەشەدا نییەو دەسەڵات دەتوانێت گرەنتی پاراستنی گیانی ڕۆژنامەنووسان بدات.

خۆشحاڵبووین، بەوەی کە ژمارەیەک لە پەرلەمانتارەکانی یەکێتی، پارێزگارییان لێکردین. بەتایبەت کاتێک لە دووری پایتەختەوە، هەواڵی ئەوەمان بیست کە پەرلەمانتارانی یەکێتی‌و ئۆپۆزسیۆن، لەبەرامبەر ڕەفتاری نابەرپرسانەی ئاسایشی پەرلەمان یاداشتنامەیەکیان ئیمزاکردووەو بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی بەرزدەکەنەوە. ئێمە کاتێک نامە هەڕەشەئامێزەکانمان بۆ هات، بڕیارمان دا سکاڵا تۆماربکەین، بەڵام کاتێک بە ئاشکراو بە بەرچاوی دەیان پەرلەمانتارو ڕۆژنامەنووس‌و خوێندکارەوەو لەناو حەرەمی پەرلەماندا، لەلایەن ئاسایش‌و پاسەوانەکانی پەرلەمانەوە، توندتر هەڕەشەمان لێکراو دەستدرێژیمان کرایە سەر، چیتر سکاڵا تۆمارکردنمان لە خەیاڵی خۆمان دەرکردە دەرەوە.



هەولێر، دیمەنێک لە خۆپیشاندانە جەماوەرییەکەی ڕۆژی (٥/١٠)

# عابیدەکانی دەسەڵات



فرمان عەبدولڕەحمان

دوای دەستپێکردنی کەمپەینی «بێدەنگ نابین» وەکو کاردانەوەیەکی مەدەنیانەو جەماوەریی لەلایەن ڕۆژنامەنووسان‌و ڕۆشنبیران‌و سەرجەم ئازادیخوزانەوە بۆ ئیدانەکردنی کارەساتی تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان، هەموو لایەک چاوەڕوانی ئەوە بووین، کە دەسەڵاتداران لە شاری هەولێر بەدەم داخوازیی هاوڵاتییانەوە بهاتنایەو بکوژانیان دەستگیر بکردایەو ڕادەستی دادگایان بکردنایە، بەڵام بە پێچەوانەوە پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەیاننامەکەی (١٣)ی ئەم مانگەدا بە زمانی هەڕەشەو «دەستبڕین»و تەمبێکردن، دۆخێکی ترسناکی دروستکرد، هەر دوا بەدوای ئەوەش ژمارەیەک لە عابیدەکانی دەسەڵات هاتنە سەر سەحنەو بەو زمانەی کە هەمیشە پێی دەناسرێنەوە کەوتنە تۆمەت هەڵبەستن بۆ ڕۆژنامەنووسانی سەربەخۆو تێکەڵکردنی کەیسەکان.

ئاخر کاتێک ڕۆژنامەنووسانی ئازاد لە کەمپەینەکەیاندا دەڵێن، سەرۆکی هەرێم بەرپرسیارە لە کوشتنی سەردەشت، مانای وانییە سەرۆکی هەرێم ئەو کارە تاوانکارییەی ئەنجامدابێت، ئەمە چ کاڵفامیەکە یاران، بەڵکو هەموو دەنگە جیاوازەکانی ئەم کەمپەینە لەسەر یەک ڕیتم ئەو ڕاستییەیان دووپاتکردووەتەوە، کە سەرۆکی هەرێم وەکو باڵاترین دەسەڵات لە هەرێمدا پاراستنی ماڵ‌و ژیانی هەموو هاوڵاتییەکی لە ئەستۆدایەو کوشتنی زەردەشتیش مانای کوشتنی ئازادیی ڕادەربڕینە، ئیتر بۆ کفرە بڵێین؛ جەنابی سەرۆک بەرپرسیارە لە دۆزینەوەی تاوانباران، چونکە ئازادیی ڕادەربڕین لەم هەرێمەدا لەژێر هەڕەشەی کوشتندایە.

بەیاننامەکەی مەکتەبی سیاسیی پارتی بۆنی خوێنی لێدێت، تەنیا بەرجەستەبوونی چەند دێرێکی کەم لەو بەیاننامەیە لە واقیعدا هێمایە بۆ وێرانکردن‌و تێکدانی ئەو پەراوێزە ئازادییەی، کە زۆرجار دەسەڵاتدارانیش هەموو چرکەساتێک پێمانی دەفرۆشنەوە!

سەیرە لە وڵاتێکدا دەریایەک خوێن بۆ ڕووخانی بتە سیاسییەکان درابێت، کەچی ئێستا کۆمەڵێ عابیدی ناحاڵی داوامان لێبکەن، بێدەنگ بین لە ئاست کوشتنی هاوڕێکانمان نەبادا لە ڕووبەری ئیهانەکردن بە عیشقی سەرۆک نزیک بینەوە، ئیدی دەبێت عابیدەکانی دەسەڵات تێبگەن ژیان لەم هەرێمەدا یەکسان نییە بە سەرۆک، هەموو ڕەخنەگرتنێکیش لەم هەرێمەدا مانای ڕەخنەگرتن نییە لە سەرۆک، ئەگەرچی ڕەخنەگرتنیش لە سەرۆک هێڵی سوور نییەو ئەویش وەکو هەموو مرۆڤێکی ئەم کۆمەڵگەیە خاوەنی کاری باش‌و خراپە، بەڵام خەڵکی بە دەنگیان بەرپرسیاری سەرۆکایەتیان خستووەتە ئەستۆ.

بە بڕوای من ئەو دەفەی عابیدەکانی دەسەڵات لێیدەدەن، پێچەوانەی ئەو نەغمەیەشە کە گوێکانی سەرۆک، ئاشنایەتی، چونکە ئەگەر شتێک هەبێت سەرۆکی هەرێم شانازیی پێوە بکات، دەبێت ئەوە بێت کە ئازادیی بۆ هەموو لایەک فەراهەم بکات.

عابیدەکانی دەسەڵات، شەرم نایانگرێت لە هێنانەوەی پاساو بۆ کوشتنی ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان، کە لەسەر وتنی ڕاستی شەهید کرا، ئیدی ناکرێت چارەنووسی سیاسیی وڵاتێک بخرێتە دەست‌و دەمی چەند عابیدێک، کە کوێرانەو لەبەر ئافەرینێک ئامادەن هەموو جوانییەکانی ئازادیی وتن لەم هەرێمەدا بکەنە بیابانی چەپاندن‌و بێدەنگبوون.

لە عابیدەکانی دەسەڵات دەپرسم؛ بۆچی کاتێک بەرپرسیارێتی بخرێتە ئەستۆی دەزگایەک، کە لە بنەڕەتدا دەبێت ئاسایشی هەرێم بپارێزێت، ئەمە ئیهانەکردن بێت بە سەرۆک؟!

لێرەوە جارێکی دی دووپاتی دەکەمەوە؛ کە سەرۆکی هەرێم ئەرکێکی گرنگی لە ئەستۆدایەو دەبێت بەر بەم عابیدە ناحاڵیانەی نێو حیزب بگرێت، کە هێندەی نەماوە ناو و ناوبانگی هەرێمەکەمان پیس‌و لەکەدار بکەن، ئەگەر بڕیار بێت ئازادیی هەبێت، ئازادیی بەبێ ڕۆژنامەگەریی ئازاد بوونی نابێت.

عابیدەکانی دەسەڵات.. دڵنیا دەکەمەوە ئەگەر ئەو نارەزایی‌و ئیدانەکردنە جەماوەرییە توندانە نەبوونایە کوشتنی سەردەشت عوسمانیش وەکو کۆی کەیسەکانی دی ئەم کۆمەڵگەیە دیزەبەدەرخۆنە دەکران‌و ڕۆژانی نەهامەتی هەرێمەکەشمان هەر بەردەوام دەبوو.

# سەرۆکی هەرێم، ئێستا کەشی کۆبوونەوەیە

هیوا جەمال



هەرکاتێک بەرپرسەکان ئیشیان بە خەڵک، بەتایبەت بە ڕۆژنامەنووسان بێت، بەئاسانی کۆبوونەوە ڕێکدەخەن، بەڵام هەرکاتێک خەڵک ئیشی پێیان بێت، ئەوا خۆیان نەدیو دەکەن.

ئێستا خەڵک‌و ڕۆژنامەنووسان پێویستیان بەوەیە، کە مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بانگیان بکات‌و کۆبوونەیان لەگەڵدا بکات.

کۆبوونەوەی مەسعود بارزانی، لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان پێویستییەکەی لەوەدایە، کە لەدوای کوشتنی سەردەشتی ڕۆژنامەنووسەوە پەنجەی تۆمەت بۆ پارتی درێژکراوە، ئەو حیزبە وەک دەسەڵاتی یەکەم لەو ناوچەیەدا بە بەرپرس دەزانرێت لە پاراستنی گیانی ڕۆژنامەنووسان.

دەکرێت پارتی وەک خۆیان دەڵێن: «بۆئەوەی ڕەوتی لێکۆڵینەوەکەیان لێ تێک نەچێت» لە ڕاگەیاندنەکانەوە ئاماژە بە چۆنێتی بەدواداچوونی کێشەکە نەدەن، بەڵام ناشکرێت بێ بیرکردنەوە بەیاننامەیەکی هەڵەشانە دەربکەن‌و ڕاست‌و چەپ دەستی خەڵک ببڕن‌و بە «بێ ئەخلاق» تۆمەتباریان بکەن.

«سەرۆک» دەتوانێت ڕۆژنامەنووسان وەک هاوڕێ‌و هاوکاریی سەردەشت بانگ بکات‌و سەرەخۆشی ئەو کۆستە گەورەیەیان لێبکات‌و هەندێک لەلایەنە تاریکەکانی ئەو ڕووداوەیان بۆ ڕۆشن بکاتەوە.

کەس باوەڕ بەو قسەیە ناکات بوترێت «سەرۆک ئاگاداری سەرەداوەکانی ئەو مسەلەیە نییە»، چونکە ئەوان ئاگاداری زۆربەی جموجۆڵەکانی خەڵکی ئاسایی ئەم وڵاتەشن، بەتایبەت لەڕێگەی دەزگا نهێنییەکانیانەوە.

کەواتە ئێستا پێویستە سەرۆک خۆی نیشان بدات‌و کۆبوونەوەیەکی هاوڕێیانە لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان بکات‌و «دەتوانێت داوای ئەوەش بکات، کە ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە بۆ بڵاوکردنەوە نەبێت» لەنزیکەوە وەک «سەرۆک» نیگەرانییەکان بڕەوێنێتەوەو باس لە هەوڵەکەیان بۆ ئەو مەسەلەیە بکات.

ئێستا ئەو کاتانەیە، کە «سەرۆک» لەگەڵ میللەتەکەیدا بێت‌و لە نزیکەوە لەگەڵیاندا بژی، نەک لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردن‌و لەو کاتانەدا، کە سەرۆک خۆی هەڵیدەبژێرێت چاوی بەخەڵک بکەوێت.

مەسعود بارزانی، ئێستا خەڵک پێویستیی بەوەیە چاوی پێت بکەوێت، دەتوانیت ئەمەش وەک هەلێک بۆ سەلماندنی پەرۆشی‌و بەتەنگەوەهاتنتان بۆ هەموو کێشەکان بقۆزیتەوە.

# شەوباش سەرۆک



فەیسەڵ محەمەد

تۆ پێتخۆشە لێتبپرسین.. یان لێتبترسین؟!!!

بەڕێزت لەکوێ بوویت؟ وەختێک کوڕەلاوێکی خۆتیان لە شارەکەت‌و لە زانکۆکەی خۆت‌و لە پایەتەخت‌و هەرێمەکەی خۆتدا بەڕۆژی نیوەڕۆ ڕفاندو ناودەمیان پڕکرد لە فیشەک، ئەدی سەرۆک باوکی ئەم میللەتە نییە؟، پێتخۆش نییە لێتبپرسین کوڕەکەت کێ کوشتوویەتی؟ ئەدی خەمی هاوڵاتیبوون، ئەدی خەمی هاوشارییبوون لەکوێدایە، گەر ئێمە کڕو بێدەنگبین؟.. دڵنیابە کە بێدەنگیی سەرمان دەخوات، تۆ پێمبڵێ؛ ئەو ڕۆژەی سەردەشتی کوڕت گوللە نرا بەدەمیەوە، ئەو لەشکرەی زێرەڤانی‌و یاساوڵ‌و پاسەوان‌و پۆلیس‌و ئاسایشەکان لەکوێ بوون، لە گوێی کام گادا نوستبوون؟! ئاخر گەورەم تۆ لەکوێ بوویت؟ ئەم پرسیارانە ڕەوایە لەتۆی دەکەم، دەزانی بۆ؛ چونکە ئەمە مافی خۆم‌و دەنگی خۆم‌و ئەرکی خۆم‌و کەرامەتی هاونیشتمانیبوونمە، ئایا ئەمەی ئێستا دەیڵێم، دروستە، یان نادروستە، هەڵوێستە، یان بێ هەڵوێستیی‌و بێ ئەخلاقیی؟ شار هی خۆت‌و حکومەت خۆت‌و حیزب خۆت‌و سەرۆک خۆتیت.. ئەدی ئێمە لەکێ پرسین: «دڵی بۆ پڕ لە حەسرەتی خوێنە یاقووت»؟* ئایا بێدەنگیی هەڵوێستە، یا هەڵوێست بەدەنگەوەهاتن‌و دەنگ هەڵبڕینە؟! نازانم گەر بە بڕوای بەرپرسانی ئەم وڵاتە، (هەڵوێست‌و لێپرسینەوەو بەدەنگەوەهاتن)، (گێرەشێوێنی‌و ئاژاوەنانەوەو تێکدانی ئاسایشی هەرێم‌و دەستی دەرەکیی‌و بەزاندنی هێڵی سوورو بێشەرمی بێت بەرامبەر بە پیرۆزییەکان)، ئەوکات دەبێت بێدەنگی چی بێت، لە ئاست مرۆڤ کڕین‌و دەستبڕین‌و نانبڕین‌و زمانبڕین؟!، من دەمەوێ لێت بپرسم: تۆ میللەتێکی بێدەنگ‌و گوێلەمست‌و گوێڕایەڵت خۆشتر دەوێ، لە میللەتێکی هۆشیارو ئازادیخواز؟!، ئاخر بەڕێزتان بەرپرسی یەکەمن، لە هەر ڕووداوو پێشهات‌و کارەساتێک لەم هەرێمەدا ڕوودبدات، لە چاڵ‌و چۆڵی‌و تاسەی سەر شەقامێکەوە، تا خوێنی بەناهەق ڕژاوی هەر مرۆڤێک، ئاخر سەرۆک خۆپیشاندان‌و مانگرتن‌و نارەزایی‌و داواکاریی، بنەمایەکی سەرەکیی‌و خەسڵەتێکی هەرەبەرزی کۆمەڵگەی مەدەنییە، بۆیە چالاکی مەدەنییانەو خۆپیشاندانی هێمنانەو یاسایی‌و دوور لە توندوتیژیی، زۆرباشترە لە نیو سەدە شەڕی ناوخۆو خەڵک کوشتن، کەواتە بۆ ئەوەی خوێن نەڕژێت‌و توندوتیژیی بەرقەرار نەبێت، پێویستە وەدەنگ بێین، نووسەری عێراقی (کەنعان مەکیە)، لە کتێبی (قسوة والصمت)دا، دەڵێت: «ئەوە سەدام نەبوو کە بێدەنگیی دروستکرد، بەڵکو ئەوە بێدەنگیی بوو، کە سەدامی دروستکرد»، کەواتە، خەمساردیی‌و بێباکی‌و بێدەنگیی، جاڕی مەرگی کۆمەڵگەیەو زیندوویی هەر کۆمەڵگەیەکیش لەدنیادا پەیوەستە بە هەڵوێستەکانییەوە، پەیوەستە بە وەدەنگەوەهاتنی لەئاست هەر ڕووداوێکی مەترسیداردا، کە زیان بە بەرژەوەندیی گشتیی‌و ئاسایشی نەتەوەیی بگەیەنێت، بۆیە دەنگی ئێمە لەئاست ئەم کارەساتە مرۆییەدا، ئەرکێکی نیشتمانی‌و هەڵوێست‌و ئەخلاقمانە، نەک پێچەوانەکەی، ئەم ئەرکەش بەتەنیا لەسەرشانی ڕۆژنامەنووسان‌و ڕۆشنبیران‌و پارێزەران‌و ڕەوتێکی سیاسیی نییە، بەڵکو بە پلەی یەکەم، ئەرکی خودی سەرۆک‌و حکومەت‌و دەزگا پەیوەندیدارەکان‌و شەقامی کوردییە، هەنووکە زۆربەی شارەکان بە خۆپیشاندانی هێمنانە داوای دەستگیرکردنی بکوژانی سەردەشت عوسمان دەکەن، کەواتە کەیسەکە گەورەبووەو بووەتە ڕای گشتیی خەڵک، هەر کەسێکیش گەر ڕووبەڕووی ڕای گشتیی‌و شەقام ببێتەوە، ئەوا هەڵەی گەورە دەکات.

• کۆپلە شیعرێکی مەحوی

faesalmedia@yaoo.com

# ئەفسانەی نان‌و ئازادیی

بەختیار مەلا عزت

دیاری بە هاوڕێی هەرە ئازیزم کاک عومەر غەریب

تاقە خونچەکەی ژیانم(١) مەبەست، لەناکاو باڵی پەپوولەئاسای تۆ وەری، منت لەپایزی تەمەنما با باوەشی لە زنجیرە یادەوەرییە تاڵەکانی ڕۆژگار سپارد، کوڕم مەبەست من نازانم ڕۆژگار سپلەیە، یاخود ئەوانەی یادەوەرییەکانی هاوڕێییەتی تێکۆشان‌و ژیان دەسڕنەوە.

مەبەستەکەم لای من تۆو یادەوەرییەکانی ژیان تێکەڵ بەخوێنم بوون‌و هیچ گەردەلولێکی ڕۆژگار ناتوانێت کاڵیان بکاتەوە، تەنانەت مردنیش ناتوانێت سیحری ژیانی پڕ لە ڕۆمانسیەتی پێشمەرگایەتی‌و شۆڕش‌و سروشتی گوندو چیاکانم لێ لێڵ بکات.

چاوە ڕەشەکانی تۆی منداڵ لەگەڵ دنیای گەورەی بارەگای مەڵبەندی یەکدا کرایەوە، تۆ لەگەڵ دەنگی تەقینەوەی ڕەتڵی تۆپباران‌و ژەهری کیمیابارنی فڕۆکە جەنگییەکاندا باڵات کرد.. بە ڕێکەوت لەگەڵ دایکتدا لە ئەنفالی دووی قەراغ، لە بەڵەکجارەوە بەنهێنی گەیشتنە شار.

من بە ڕێکەوت لە ئەنفالی سێی گەرمیاندا بە برینداری لە ئەڵقەی مەرگی ئەنفالچییەکان دەرباز بووم.

ئەمە چ چارەنووسێکە، هەموو یادەوەرییەکانی ئێمە ڕۆمانێکی تۆمارنەکراوی پڕ لە ڕێکەوتە، ژیانی ئێرە.. پڕە لە ڕێکەوتی مەرگ.. پڕە لە ڕێکەوتی میزاج.. پڕە لە ڕێکەوتی سڕینەوە.. پڕە لە ڕێکەوتی مەرگێکی بەردەوام...

جگەر گۆشەکەم ئەو شەوەی جوجە سازیت لەیادە.. شەوی ژان‌و ئازاری توندی بەرەژانی دایکت.. شەوی نامۆیی‌و تەنیایی ئەستێرەکانی ئاسمان ئاگایان لە فرمێسکە وشکەکانی تۆو من‌و دایکت بوو.. شەوی ژان‌و ئازاری ژانی لەدایکبوونێکی نوێ(٢).

جگەر گۆشەکەم

ئەو شەوە لەگەڵ دکتۆر گۆران‌و کاک محەمەد حاجی ئەحمەددا لەچەند دەرگایەکمان دا، بۆ ئەوەی بە ئۆتۆمبیلێک دایکت بگەیەنینە نەخۆشخانەی منداڵبوونی مەریوان.

لەو شەوە کپ‌و مەنگەدا دەنگی ئازاری ژانی دایکت قوڵپی گریانی کپکراوی ناخی من‌و تۆ لە کوخە ساردو سڕەکەی جوجە سازیدا لە خامۆشی کەوت، لەگەڵ گوڵاڵە خاندا بە گوێزانێک ناوکی بەرزەی براتمان بڕی.

ڕۆڵە لای لایە ڕۆڵە لای لایە، خۆزگە لای لایەی گشت کەس وا بوایە.

دوای ئەنفال‌و ڕاپەڕین.. کزەی جەرگەکەم لە چیرۆکێکی پڕ لە تراژیدیادا، مەبەستی مەبەستەکەم ماڵئاوایی یەکجاریت لێ کردین.

ئێستا ژیان پڕە لە فەنتازیای کۆمەڵێ نمایشی پڕ لە درۆو فڕوفێڵ.. لە ئاپۆرەی سزای سیاسییدا بەچەند ڕاپۆرتێکی پڕ لە درۆی بێ فاریزە نانی براکەشتیان بڕی.

ئەفسانەی سەردەمانی شاخ پڕ بوو لە سرودو گۆرانی نان‌و ئازادی‌و دیموکراسی نوێ، هەموومان هیوامان بەوە بوو چرایەکی نوێ بۆ ئایندەیەکی نوێ لە باوەشی شادو دیموکراسیدا داگیرسێ، بەڵام ئەم سروودە لەم ڕۆژگارەدا بووە بە

ئیسمی ویجدان‌و عەدالەت بێ موسەممایەو درۆ

بۆ سیاسەت ئەم قسەیە کەوتۆتە سەر لێوانەوە(٣).

(١) لەنیوە دێڕێکی مامۆستای گەورە ئەحمە هەردی دا هەیە بەم شێوەیە تاقە خونچەکەی باخی ژیانم.

(٢) لە ناونیشانی کتێبەکەی کاک هەڤاڵ کوێستانی‌یە بەناوی ئافرەت‌و ژانی لەدایکبوونێکی نوێ.

(٣) هۆنراوەیەکی مامۆستای گەورە ئەحمەد موختار جافە.

خاوەنی ئیمتیاز:
کۆمپانیای وشە

سەرنووسەر:
ئازاد چالاک

بەڕێوەبەری نووسین
سیروان ڕەشید – هیوا جەمال
07501522528 07701576906
serwan_rm@yahoo.com hiwa.jamal@yahoo.com

کارگێڕی‌و ریکلام‌و ئاگاداری
07701203949 - 07480121144
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

دابەشکردن:
کۆمپانیای نێوەند 07701517533 - 07701544780

ئۆفیسی سەرەکیی:
سلێمانی – زەرگەتە – گردی زەرگەتە – کۆمپانیای وشە

ئۆفیسی هەولێر:
شەقامی ئیسکان – تەنیشت ساردەمەنی من و تۆ
07504566276

# مالیزیا، چۆن لەسەر پێی خۆی وەستا...

# پەیامێک بۆ سیاسییەکانی کوردستان!



دڵشاد حافز – لەندەن

> مەهاتیر محەمەد، سەرەڕای ئەم دەستکەوتو سەرکەوتنانە بۆ وڵاتەکەی، هەرگیز لە زاری دەرنەچووە کە منەت بەسەر خەڵکەکەیدا بکاتو هەرگیز بە نیاز نەبووە، کورسی دەسەڵات داگیربکاتو دوای خۆیشی ئەو کورسییە بداتە منداڵەکانی

وڵاتێک، پانتاییەکەی (٣٢٠) کیلۆمەتر دووجایەو ژمـارەی دانیشتووانەکەی (٢٧)ملیۆن مرۆڤەو تا ساڵی(١٩٨١) لە جەنگەڵدا دەژیانو بۆ بژێویی ژیانیان، خەریکی کشتوکاڵ دەبـوون (مەتات، مۆز، ئەناناس)، هەروەها راوە ماسی...، لەوکاتەدا داهاتی تاکەکەس تەنیا (١٠٠٠) دۆلار بـوو لە ساڵێکدا، جگەلەوەی ململانێی (١٨)لایەنی ئایینیو مەزهەبی لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا لە ئارادا بوو.

خوای مەزن کەسێکی بەخشییە ئەم گەلە بە نـاوی (مەهاتیر محەمەد) کە نۆیەمینو بچووکترین کوڕی ماڵەکەی بوو، باوکی مامۆستای سەرەتایی بوو، ئەو مووچەیەی وەریدەگرت کەمبوو، بە جۆرێک نەیدەتوانی پاسکیلێک بۆ مەهاتیری کوڕی بکرێت کە پێی بچێتە قوتابخانە، مەهاتیر دوای قوتابخانە لە بازاڕدا (مۆز)ی دەفرۆشت، تا توانی بە سەرکەوتوویی قۆناغی ناوەندیی تەواو بکاتو بچێتە زانکۆو لە کۆلێژی پزیشکی لە سەنگاپور بەردەوام بێت، مەهاتیر دەبێتە سەرۆکی یەکێتیی خوێندکارانی ئیسلام لە زانکۆ تا ساڵی (١٩٥٣)، واتە پێش تەواوکردنی زانکۆ، پاشان وەکو دکتۆر لە حکومەتی داگیرکەری ئینگلیزی لە وڵاتەکەیدا دادەمەزرێت هەتا سەربەخۆیی مالیزیا لە ساڵی (١٩٥٧)، مەهاتیر بۆ یارمەتیدانی هـەژارانـی وڵاتـەکـەی ئۆفیسێکی پزیشکیو نەشتەرگەریی کـردەوە، کە نیوەی کاتەکەی خۆی تەرخانکرد بەبێ بەرامبەر بۆیان، لە ساڵی (١٩٦٤) هەڵبژێردرا بە ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ ماوەی پێنج ساڵ، پاش لەدەستدانی ئەندامێتی ئەنجومەن، خـۆی تەرخانکرد بۆ نووسینەوەی پەرتوکێک بە ناوی (ئایندەی ئابووریی مالیزیا) لە ساڵی(١٩٧٠) دەستی ئاوەڵا بوو بۆ بەشداری پرۆسەی سیاسی لە وڵاتداو ساڵی(١٩٧٤) هەڵبژێردرایەوە بە سیناتۆرو لە سـاڵـی(١٩٧٥) وەکو وەزیری پەروەردە دەستبەکار بوو، لە ساڵی(١٩٧٨) کرا بە جێگری سەرۆک وەزیـران، دواتـر لـە سـاڵـی(١٩٨١) کـرا بە سـەرۆک وەزیـرانـی مالیزیا، دووبارەی ئەکەمەوە ساڵی(١٩٨١)، کە لەو ساڵەدا راپەڕینی سەرتاسەری لە گشت بوارەکانی ئابووریی، سیاسی، کۆمەڵایەتی .. هتد، سەریهەڵدا.

## مەهاتیر محەمەدی سەرۆک وەزیران، چی کرد؟

**یەکەم:** نەخشەی رێگای ئایندەی بۆ مالیزیا دارشتو تیایدا ئەولەویاتو ئامانجو ئەنجامەکانی دەستنیشانکرد، کە پێویستن لە (١٠)ساڵی ئایندەو پاشان بۆ (٢٠)ساڵی دیکە واتە تا ساڵی(٢٠١٠) بهێنرێنە دی.

**دووەم:** بـڕیـاریـدا کـە خوێندنو توێژینەوەی زانستی ئەولەوییەتی سـەرەکـی هـەبـێت لـە ئـەجـێنـدای حکومەتەکەیدا، بۆ ئەم ئامانجە گەورەترین بـودجـەی دەولـەتـی تەرخانکرد بۆ کردنەوەی خولی فێرکردنو ئامادەکردنی خەڵکانی پرۆفیشناڵ، پـەروەردەو فێرکردن، نەهێشتنی نەخوێندەوارییو فێربوونی زمانی ئینگلیزیو توێژینەوەی زانـسـتـی، هـەروەهـا دەیـان هـەزار خوێندکارو ئەکادیمی وەکو زەمالە ناردە وڵاتەکانی دیکە بۆ خوێندن لە باشترین زانکۆکانی جیهاندا. مەهاتیر محەمەد مەسەلەی سوپای نەکردە ئەولەوییەتی کارەکانی، لەو روانگەیەوە کە مالیزیا لە حالەتی جەنگدا نییەو هیچ هەڕەشەیەکیان لەسەر نییە، هەروەها دژی سەرفکردنی پـارە بـوو لە دروستکردنی کۆشکو تەلاری بێماناو دیوەخانی حکومەتو موجامەلەی بێسوود، لە کاتێکدا ئەمانە دەردی هاوڵاتییان چارەسەر ناکەن.

**سێیەم:** بەشێوەیەکی شەفافانە بەرنامەو ستراتیژی کارکردنی بۆ گەلەکەی ئاشکراکرد، هەروەها مەبدەئی (پاداشتو سـزا)ی وەکو پرەنسیپێک چەسپاند لـەپـێـنـاوی گەیشتن بە هەڵسانەوەی سەرتاسەری لە وڵاتدا، گەلی مالیزی، دوای رابەرەکەیان کەوتنو لە بواری کشتوکاڵەوە دەستیان بە رواندنی یەک ملیۆن شەتڵی خورما کرد، دوای (٢)ساڵ توانییان مالیزیا بکەنە یەکەمین دەوڵەتی جیهان بۆ بەرهەمهێنانو ناردنی دۆشاوی خورما .

## کەرتی گەشتوگوزار

بڕیاریدا داهاتی مالیزیا لەم بوارەدا تا (١٠)ساڵی ئایندە بگاتە (٢٠)ملیار دۆلار، لەکاتێکدا داهاتی ئەم کەرتە لەساڵی(١٩٨١)دا تەنیا (٩٠٠)ملیۆن دۆلار بـووە، بەڵام ئێستا داهاتی ساڵانەیان گەیشتووەتە (٣٣)ملیار دۆلار، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی لەم بـوارەدا، هەموو پاشماوەی ئەو سەربازگە ژاپۆنییانەی پاش جەنگی جیهانی دووەم لەو وڵاتەدا بوون، کردیانن بە شوێنی گەشتوگوزارو ناوچەی کاتبەسەربردنی گەشتیارانو شـاری یـاریو بنکەی رۆشنبیریو هونەری کە لە کۆتاییدا مالیزیا بوو بەسەنتەرێکی جیهانی بۆ کێبڕکێی لێخوڕینی سەیارەو ئەسپسواریو یارییە ئاوییەکان (کێبڕکێی مەلەوانی) ..هتد.

## کەرتی پیشەسازییو دراو

بەهۆی ئەو پێشکەوتنانەی کە لە بواری تەکنۆلۆژیاو کەرەستەی کارەباییدا بەدەستیان هێنابوو، لە ساڵی(١٩٩٦) بازدانێکی چۆنێتییان تۆمارکرد، کە داهاتیان (٤٦٪) لە چاو ساڵی رابردوودا زیادیکرد.

لە بواری ئابووریی (دراو)دا، بایەخ درا بـە کـردنـەوەی دەرگـا بـەڕووی وەبەرهێنان بە شێوەیەکی شەفافانە، بۆ سەرمایەدارەکانی ناوخۆو دەرەوە، یەکەم هەنگاویان دروستکردنی (٢) بـورجـی دووانــە (تـەوئـەم) بـە نـاوی (بترۆناس) کە زیاتر لە (٦٥)سەنتەری بازرگانی لە کوالالامپوری پایتەختدا کاری تێدا دەکەن، هەروەها سەنتەرێکی گەورەیان کـردەوە بۆ بازرگانیکردنی کڕینو گۆڕینەوەی دراو (البورصە)کە تەعامولی رۆژانەی زیاتر لە دوو هەزار ملیۆن دۆلارە.

## خزمەتگوزارییەکان

ئەم پیاوە مەزنە، گەورەترین زانکۆی ئیسلامیی دامەزراند کە بە یەکێک لە گرنگترین (٥٠٠) زانکۆکانی جیهان ئەژمار دەکرێت، بۆ زیاتر برەودان بە گەشەسەندنی باری ئابووری، پایتەختێکی ئیداری دامەزراند بە ناوی (پتراجایە) شانبەشانی پایتەختی بازرگانی (کوالالامپور) کە ژمارەی دانیشتووانی تەنیا (٢)ملـیـۆن کەسە، هەرچەندە حکومەت پلانی هەیە کە ئەم ژمارەیە بگاتە (٧)ملیۆن لە سـاڵـی (٢٠٢٠)دا، بۆیە پەلەیان کردوە لە دروستکردنی (٢)فـڕۆکـەخـانـەو دەیـان مـۆتـۆڕوەی (خەتی سەریع)و ئوتێل بۆ گەشتیارانو سەرمایەدارانو وەبەرهێنەرەکان کە لە چینو هیندستانو کەنداوو هەموو دنیاوە رویان کردووەتە مالیزیا.

بە کورتی ئەم کەڵەپیاوە، توانی لـەنـێـوان سـاڵانـی (١٩٨١–٢٠٠٣)دا وڵاتـەکـەی بگەیەنێتە ئاستی وڵاتە پیشەسازییەکانی جیهانو گەلەکەی بە بەختەوەریی ژیان بەسەربەرن، لە ساڵی(١٩٨١) داهاتی تاکەکەس (١٠٠٠) دۆلار بووە لە ساڵێکدا، بەڵام هەمان تاکەکەس لە کاتی حوکمڕانی مەهاتیردا، داهاتیان گەیشتە (١٦)هـەزار دۆلار لە ساڵێکدا، هەروەها پاشەکەوتی دراو لە (٣)ملیار دۆلارەوە گەیشتە (٩٨) ملیار دۆلار، هەروەها قەبارەی کاڵای ناردەیان، ساڵانە گەیشتە (٢٠٠)ملیار دۆلار.

مەهاتیر محەمەد، سـەرەڕای ئەم دەستکەوتو سەرکەوتنانە بۆ وڵاتەکەی، هەرگیز لە زاری دەرنەچووە کە منەت بە سەر خەڵکەکەیدا بکاتو هەرگیز بە نیاز نەبووە، کورسی دەسەڵات داگیربکاتو دوای خۆیشی ئـەو کورسییە بداتە منداڵەکانی، بۆیە دوای (٢١)سـاڵ لە خزمەتکردنی وڵاتەکەیو گەیاندنی بە کاروانی وڵاتە پیشەسازییەکان، لە ساڵی (٢٠٠٣)بـە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە سـەرەڕای داواکـاری حکومیو گەل بۆ مانەوەی لە دەسـەڵاتـدا، مەهاتیر دەستلەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەش بـەو کەسانە دەکـات کـە دوای ئەم تـەواوکـەری نەخشەرێگاو پلانی کار دەبن کە ناوی نراوە (بیست بیست) واتە شێوەی مالیزیا لە ساڵی(٢٠٢٠) کە دەبێتە چوارەم هێزی ئابووری لە کیشوەری ئاسیادا دوای چینو ژاپۆنو هیندستان.

بەمشێوەیە مـێـژوو ئـەوە تۆمار دەکات کە ئەم پیاوە مەزنە (مسوڵمانێکی عەلمانی) کە هەڕەشەکانی ئیسرائیل چۆکی پێدانەدا، رەخنەی لە سیستمی جیهانگێری خۆرئاوا هەبوو سەبارەت بە چـەوسـانـدنـەوەیـان بـۆ دەولـەتـە تازەپێگەیشتووەکان، هیچ کاتێک دەستی بۆ ئەمریکاو خۆرئاواییەکان پان نەکردەوە، تەنیا پشتی بە هێزی لەبن نەهاتووی گەلەکەیو ئیرادەی پۆڵاینی خۆی بەستبوو. ئێستا مالیزیا شوێنی تایبەتی هەیە لە نەخشەی سیاسیی جیهانداو وڵاتان بۆ رێزگرتن لە مالیزیاو گەلەکەی، کڵاوەکانیان دادەگرن.

---

# سەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی توندوتیژیی لە کۆمەڵگەدا



م.فەزیلە/کۆیە

توندوتیژیی بەشێوەیەکی گشتیی زادەو بەرهەمی کۆمەلگەیە لـە پێگە کۆمەڵایەتییەکانەوە گەشەو نەشونما دەکـات، هەر لە سەرەتای دروستبوونی کایە کۆمەڵایەتییەکانەوە لەوکاتەی یەکەم «تـەوربـەرد» دروسـتـکـراوە گەراکانی توندوتیژیی لە هەناوی کۆمەلگە بەشێوەی جۆراوجۆر تروکاون، ئەم تروکانە بەردەوام لەگەڵ پێشکەوتنی پەیوەندییە ئابوورییو کۆمەڵایەتییەکان لە گەشەو پێشکەوتندا بووە، بەجۆرێک شێوەو ئالیەتەکانی بەردەوام لە گۆڕانو گەشەدا بوون، ئەگەر لە دنیای کۆن توندوتیژیی وەکو چەمکێکی ناسراو بەرهەمی خێڵو کلتوورەکانی بووبێتو لە بەرئەنجامی ململانێو کێبەرکێی تیرەو هۆزەکان بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین هێزی کارو کۆیلەو زەوی بووبێت، ئـەوا لە دنیای ئەمڕۆدا گۆڕانێکی ریشەیی بەسەر چەمکو بەهاکانی توندوتیژیدا هاتووە، بەڵام لە زۆر کۆمەڵگەدا هۆکارو ئالیەتە کۆنەکان بەردەوامییان هەیە، بەتایبەت ئەو کۆمەڵگەیانەی کە وەک ئێمە هێشتا نەیانتوانیوە لەمپەرەکانی بەردەم ئازادیی هەڵگرنو کلتوورو پاشماوەکانی خێڵ بڕیاربەدەستی ناو کۆمەڵگەن، بۆیە لەمجۆرە کۆمەڵگەیەدا پانتایی توندوتیژیی بەردەوامییەکی فراوانی هەیەو سەرانی خێڵ بۆ مانەوەی خۆیانو جەمسەرەکانی کۆمەڵگە لە دەستیان، ئاسانترین رێگە درێژەدانە بە توندوتیژیی، دیارە بۆ قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە گرنگە بچینە سەر پێگە بنچینەییەکانی ئەم مەسەلەیە بەتایبەت ئەو چاوگانەی کە گەراکانی تێدا ئەترەکێن، بێگومان چاوگەکانی بەرهەمهێنانی توندوتیژیی لەناو کۆمەڵی ئێمەدا جۆراوجۆرن، وەک تەونی جاڵجاڵۆکە ئاڵۆزنو رەهەندو بەرژەوندیی جیاواز درێژەیان پێدەدەن، لە سێبەری ئەم بەرژەوندییانەوە هێڵی پیرۆزییەکانی کۆمەلگە تادێت بە ژمارە زیاد دەبنو تا دێت سنوورەکانی هەڵسوڕانی تاک لە بەرامبەر زیادبوونی پیرۆزییەکان دادەخـرێـنو لەمپەر لەبەردەمیان قیتدەکرێتەوە، توناناو رەهەندەکانی بیرکردنەوە، تاک تووشی لە قالبدانو شێوان دەبێتەوە، نابێت ئەوە لەیاد بکەین کە ئەوەی سەرچاوەی بەرهەمهێنانی توندوتیژییە بەرژەوەندییەکانی مانەوەی خێڵو ئەو پیرۆزیانەیە کە دەسـەڵات بۆ مانەوەی خۆی لە هەناویدا هەڵیگرتوون، بۆیە تا پانتایی بیرکردنەوەی تاک بۆ ئازادیی لە کۆمەلگە فراوان بێت، کایەکانی ئاراستەکردنی توندوتیژیی خەتەری زیاتری دەکەوێتەسەر، چـڕکـردنـەوەی توانا هزرییەکانی تاک بەشێوەیەکی عەقڵانی لە کۆمەلگەدا دەبێتە هـۆی لـە بەینبردنی دەسـەڵاتـی خێڵو پیرۆزییو تابۆکانی مانەوەی سەرکردە سواوو بێباکەکان لە خوێنی خەڵک، چونکە مێژووی دەسەڵاتی سیاسی ئێمە لەسەر میراتی کاولە ئاشی توندوتیژییو سڕینەوەی توناناو قودرەتەکانی تاک بیناکراوە.

بەشێوەیەکی دیکە دەسەڵات تائێستاش خەرمانی مانەوەی خۆیو بەرژەوەندییەکانی بە مانەوەی هێزو توناناو کلتووره خێڵەکیو بنەماڵەییەکانەوە گرێ دەدات، بۆیە هەر ختوکەو خەتەرێک بۆ سەر هێڵو چاوگە پیرۆزەکانی خێڵو سەرکردە، بە مەرگ وەڵامـدەدرێـتـەوە، نموونەی زیندوومان لەمبارەیەوە لەبەردەستدایە، هـەر لە تیرۆرکردنی سۆرانی مامە حەمە تادەگاتە تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان لە ئەمڕۆدا، کە ئەو فیشەکانەی لەناو دەمی تەقینەوە نیشانەی زیندووی بێنرخکردنی ئازادییو کوشتنی رەهەندی توناناگەرای تاکو گەشەو نەشونمای زیندووی هێڵی تیرۆرو تۆقاندنی کۆمەڵگەیە، دێوەکانی تۆقاندنو تیرۆر لە پێگە سەرەکییەکانی دەسەڵاتەوە سەردەردێنو شەرعیەتو مـانـەوەی خۆیان لە یاسا دوودیـوو دوو جەمسەرەکانی دەسەڵات وەردەگرن، لەم وڵاتەدا دێوەکان بە دیواری دوودیووی دەسەڵاتدا خۆیان هەڵدەواسن، جەمسەری دەسەڵات بۆ مانەوەی دێوەکان بەهێزترین جەمسەرو بەهێزترین دیوە، بەڵام جەمسەری دەسەڵات بۆ داکۆکیی لە مافەکانی خەڵک بە رووکەش جەمسەرێکی جیاوازەو روانگەیەکی دیکەی دەسـەڵاتو دیوێکی دیکەیە، بەڵام لە راستیدا هەر هەمان دیوەو دێوەکان بۆ تۆقاندن سازو ئامادەن، لەم دیوەدا لەبەردەم قوربانییەکاندا ئەو دەنگە کزەی پاش هەموو دەنگەکان دەبیسترێت دەنگی دەسەڵاتە، کە لیژنە مردووەکانی دەخاتەگەڕ بۆ دۆزینەوەی سەرەداوو هێشووەکان، کە لە زۆربەی لیژنەکان دێوەکانی توندوتیژیی خـۆیـان دەمـرێـنـن تـا سـەرەداوەکـانـی توندوتیژیی ئاراستەی کۆمەڵگە دەکەنەوەو لە چارەسەریو بنەبڕکردنی توندوتیژیی ئاراستەکەی بەشێوەیەکی دیکە دەگۆڕنو دەیانەوێت کۆمەڵگە لە بێدەنگیدا بخنکێننو بەشێوازێکی بەرژەوەندیئامێزو تەسکبینانە هەموو جومگەکانی لە لەپی دەستی خۆیان کۆبکەنەوە لە هەر جومگەیەک دەرچوونو دوورکـەوتـنـەوەیـەک بـەدی بـکـەن بە توندوتیژیی وەڵامـدەدەنـەوەو دەیانەوێت کۆمەڵگە وەک ئەشکەوت لێبکەن، جگە لە دەنگی خۆی هیچ دەنگێکی دیکە نەبیستێتو کۆمەڵگەیەکی تـاپـۆکـراو بێت لـەسـەر پیرۆزییەکانی ئەو، دەسەڵاتی ئێمە بە دوو باخەڵ دوودیـوەو کۆمەڵگە بەڕێوەدەبات، لە باخەڵێکیان جەلاد، لەوەی دیکە قوربانیی، ناتوانێت دەستبەرداری هیچیان ببێت، دەبێت بەردوام سەری قوربانییەکان لەسەر رانی بێتو جەلادەکانیش لە ئامێزی، قوربانیی بۆ شەرعیەتدان بە ئەزموونو تێکستە باوەکانو دروستکردنی مۆنۆمێنتو لەباوەشگرتنی لەبەردەم میوانی بێگانەداو کۆکردنەوەی سەرمایەی رەمـزیـی بۆ درێـــژەدان بە دەسەڵاتی خۆیان بەمشێوەیەی ئێستا. یاساکانی ئەم وڵاتە لەکاتی پیادەکردنیاندا تەنیا لەسەر ئەوانە تاقیدەکرێنەوە کە خەلکی سڤیلو بێ پشتوپەنای حیزبن، لێرە حیزب تێکەڵ بە جومگە سەرەکییەکانی دەسەڵات بووە، دەنگێک نییە لە دەرەوەی حیزب دەسەڵات توانای گوێلێگرتنی هەبێت، شانەکانی حیزب بە قووڵایی رۆچوونەتە ناو دامودەزگا سەرەکییەکانی پەیوەست بە ژیانو ژیاری خەڵک، حیزب وەک خاوەنی سەرەکیی کۆمەڵگە خۆی پێناسە کردووە، هەموو دامودەزگاو دامەزراوە سەرەکییەکانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە لەسەر حیزب تاپۆکراون، بۆیە بۆ بنەبڕکردنی توندوتیژیی لەسەر تاکو کۆی کۆمەڵگە، دەبێت کۆمەڵگە ئازادبکرێت بە مانا فـراوانـەکـەی، یانی ئازادکردنی کۆمەڵگەو هەمووکایەکانی لەژێر کۆنترۆڵی حیزب.


Biaban Group
Sardam City
Residential Project
Biaban construction
BIABAN GROUP
ناونیشان: هەولێر – عەنکاوە – بەرامبەر ئاگر کوژێنەوەی عەنکاوە
سلێمانی – شەقامی چوارتا – سەروی وێزگەی کارەبای پارکی ئازادی
0750 766 3333 – 0770 892 3333
0750 775 3333 – 0771 205 3333
www.biabangroup.com
info@biabangroup.com